# لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە دارایی کردنی خوێندنگا بۆ کەرتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان

ڕەشنووسی گفتوگۆ

ئایاری ٢٠١٤

کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاریی پەروەردەی کوردستان

حکوومەتی هەرێمی کوردستان

پەڕەی ٢ی ٦ بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی یونیسێف ئامادە کراوە لەلایەن: جیۆپۆلیسیتی

## ناوەڕۆك


١- پێشەكی ..................... ٢
٢- ڕێكخراوی گشتی بۆ كەرتی گشتی ..................... ٢
٣- كەناڵەكانی ئێستای دارایی كردنی خوێندنگا ..................... ٣
٤- مەترسییەكان لە سیستەمی ئێستای دارایی كردنی خوێندنگا ..................... ٦
٥- پێویستیی باش كردنی كەناڵەكانی دارایی كردن ..................... ٧
٦- ئەزموونە جیهانییەكان لەبارەی دابین كردنی بەخشینی بەرە (block) ..................... ٨
٧- ڕێگەی بەرەو دواڕۆژ – نەخشەسازیی بەخشینەكانی بەرەی خوێندنگا بۆ حكوومەتی هەرێمی كوردستان ..................... ١٣


## شێوەكان


شێوەی ١: كەناڵەكانی دارایی كردنی خوێندنگا لە پەروەردەی حكوومەتی هەرێمی كوردستان ..................... ٤


## خشتەكان


خشتەی ١: مەترسییەكان لەبارەی سیستەمی ئێستای دارایی كردنی خوێندنگا ..................... ٦
خشتەی ٢: گۆڕاوەكانی نەخشەی بەخشین ..................... ٨
خشتەی ٣: ئەزموونەكانی وڵات لەبارەی دابین كردنی بەخشینەكانی بەرە ..................... ٩


# ١- پێشەكی

١-١- شێوازی دارایی كردنی خوێندنگا یەكێكە لە گرنگترین ڕواڵەتەكانی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا. بۆیە، ئەم پەڕەیە باسی ئامادەكاریی ئێستای دارایی كردنی خوێندنگا لە حكوومەتی هەرێمی كوردستان دەكات و تێبینییەكان دابین دەكات سەبارەت بەوەی كە چۆن ئاستەنگەكانی پەیدا كردنی سەرچاوە لەسەر ئاستی خوێندنگا چارەسەر دەكرێن بۆ باش كردنی ئاستی خوێندن لە چوارچێوەی ژینگەیەكی باشكراوی فێربوون. ئەم پەڕەیە بریتیە لە پەڕەكانی ١ بۆ ٦، كە جەخت لەسەر ئەمانەی خوارەوە دەكەن:

(أ) گەشەپێدانی ڕوانگەی حكوومەت بۆ ناناوەندی كردنی پەروەردە.
(ب) بەبەڵگەنامە كردنی ئامادەكارییەكانی ئێستای دارایی كردنی خوێندنگا (ئەم پەڕە)یە.
(ت) هەڵسەنگاندنی ئامادەكارییەكانی بەڕێوەبردنی خەرجییەكانی خوێندنگا.
(پ) پێداچوونەوەی ئەركە فەرمانبەرییە نیمچە نیشتمانییەكان.
(ج) گەشەپێدانی ڕێنوێنییەكان بۆ جێبەجێ كردنی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.
(ح) گەشەپێدانی پلانی بەڕێوەبردنی گۆڕین بۆ قۆناخی ئەزموونی.

# ٢- ڕێكخراوی گشتیی كەرتی گشتی

٢-١- شێوازی پێشكەش كردنی خزمەتگوزاریی پەروەردە لە عێراق دابەش بۆتە سەر حكوومەتی ناوەند و حكوومەتی هەرێمی كوردستانی عێراق، ئاستەكانی پارێزگا و قەزا / ناحیەكان كە هەر یەكەیان ڕۆڵێكی پێسپێردراویان هەیە لە پێشكەش كردنی خزمەتگوزاریی پەروەردەی گشتی. لە ڕووی مێژووییەوە، فەرمانڕەوایی حكوومەتی هەرێمی كوردستان سیستەمێكی

یەکپارچەیی ناوەندیی بەرز بووە، ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠٠٣ بە دواوە، پرۆسەیەکی ناناوەندی کردن هاتۆتە ئاراوە، بەڵام زۆر لەو ڕێسا کۆنانەی پشتیوانی لە سیستەمی ناوەندی دەکەن، وەك خۆیان ماونەتەوە. کەرتی پەروەردە و کەناڵەکانی دارایی کردنی خوێندنگا ڕەنگدانەوەی ئەم هەلومەرجەی فەرمانڕەواییە، لەگەڵ ئەنجامەکانی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری. لە چوارچێوەی شێوازی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ قۆناخی پێش چوونە خوێندنگا، قۆناخی خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی، سێ وەزارەت ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە دابین کردن و جێبەجێ کردنی بودجەی پەروەردە، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی دارایی، وەزارەتی پلاندانان. لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە، یاسای دەسەڵاتەکانی پارێزگاکان و هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان لە ساڵی ٢٠٠٩ و ئەنجوومەنی پارێزگا هەڵبژێردراوەکان ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە داڕشتنی پلانەکانی گەشەپێدانی پارێزگاکان و شێوازی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە.

٢-٢- سیستەمی ئێستای دارایی کردنی خوێندنگاکان دوورە لە لێهاتوویی و کاریگەری و لە هەموو بارەکاندا خوێندنگاکان سەربەخۆیی ڕەفتاریان نییە لە بەکارهێنانی سەرچاوەکان و ئەوەش بۆتە بێبەش کردنی خوێندنگاکان هەتا لە سادەترین داخوازی و پێداویستییە بنچینەییەکان. بوونی زۆری کەناڵی دارایی کردن کە بۆتە بەش بەش بوونی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان لەگەڵ هاتنی زانیاریی کەم لە نێوان کەناڵەکان و لە نێوان بەش و دامەزراوە سەرەکییە بەشداربووەکان بوونەتە هۆی هەماهەنگیی لاواز و ئامادە کردنی سەرچاوە بە شێوەیەکی کز و سست. ئەم پەڕەیە ئەم کەناڵانە هەڵدەسەنگێنێت، بە مەبەستی دانانی ڕێبازێکی تۆکمەتر لە ڕێگەی دابین کردنی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا.

٢-٣- بە لەبەرچاوگرتنی توندیی کۆتەکانی سەر سەرچاوەکانی ئێستای خوێندنگا و ڕەوشی خەرج کردنی بودجەی گەشەپێدانی کەرتی پەروەردە، زۆر پێویستە سیستەمێکی کاراتر و ناناوەندیتری دارایی کردنی خوێندنگا بێتە ئارا. شێوازی یەکخراو کە لە زۆربەی بەشەکانی جیهان دانراوە لە ڕێگەی بەتایبەتی ئابوورییە پێشکەوتووەکان – بریتییە لە دابین کردنی بەخشینەکانی ڕاستەوخۆی بەرە بۆ خوێندنگاکان و دەسەڵاتی ناناوەندی لەسەر خەرجییەکانی خوێندنگا لەسەر بنەمای ڕێنوێنییە توندەکانی کڕین و بەکارهێنان. بەخشینەکانی بەرە بە شێوەیەکی بنچینەیی بەخشینی پارەیە کە ڕاستەوخۆ بۆ خوێندنگاکان دابین دەکرێت بە مەبەستی خەرج کردنیان لەو بوارانەی کە بەلای ئەوانەوە گرنگترین بوارن بۆ باشتر کردنی پرۆسەی فێربوون. دابین کردنی سەرچاوەکان لە ڕێگەی بەخشینەکانی بەرە، بە شێوەیەکی ورد لە ڕێگەی حیسابە بانکییەکان و لیژنەی کڕینی (مشتەریات) خوێندنگاوە بەڕێوەدەبرێن. ئەم بوارانە لە ڕێنوێنی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا ئامادە کراون. پەیڕەو کردنی بەخشینەکانی بەرە ڕێگە بە خەمە جیاکارییەکان دەدات کە لە چوارچێوەی کەرتەکە چارەسەر بکرێن و ڕێگەش بە بەخشینەکان دەدات لەسەر بنەمای هاوکێشەیەکدا بن کە پشتیوانی لە گەیشتن و دادپەروەریی جیهانی بکات.

٢-٤- ئەزموونی نێودەوڵەتی لە دابین کردنی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا ئەوە دیار دەخات کە زۆربەی وڵاتان بەخشینەکان دابین دەکەن بۆ داپۆشینی خەرجییەکانی کارپێکردن و وەبەرهێنانی سەرمایە لە قۆناخی یەکەمدا. سەرەتا کرێ و مووچەکان خراونەتە دەرەوەی قۆناخی یەکەم بەڵام دواتر پێشکەش کراون. هەروەها گەلاڵە کردنی هاوکێشەکانی بەخشین بە شێوەیەکی ڕوون دەگۆڕدرێن بەڵام زۆربەی وڵاتان پێوەری سادە و تەرخان کردنی بەش بەپێی خوێندکار بە باش دەزانن.

٢-٥- ئەزموونەکانی وڵات کە لێرە دەخوێنرێن، وانەی گرنگ دەبەخشن بۆ هەر نەخشەیەکی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا کە لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە گەلاڵە دەکرێن وەك ئەوەی لەم ڕاپۆرتەدا هێڵیان بۆ کێشراوە. ڕاپۆرتی چوارچێوەی خەرجییەکان (ڕاپۆرتی ٣)، کە لەسەر ئەم ڕاپۆرتە و توێژینەوەکانی حاڵەتی وڵات دادەنرێن، هاوکێشەیەکی پێشنیاز کراو دادەڕێژێت بۆ نەخشەسازیی بەخشینەکانی بەرە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو ئەنجامە داراییانەی کە دەیبێت.

## ٣- کەناڵەکانی ئێستای دارایی کردنی خوێندنگا

٣-١-  ئەگەرچی وەزارەتی پەروەردە وەزارەتی سەرەکیی بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی خوێندنی قۆناخەکانی پێش چوونە خوێندنگا و سەرەتایی و و دواناوەندی، بەڵام وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان و هاوکاری و گەشەپێدانیش بەشدارن لە شێوازەکانی دارایی کردن بۆ خەرجی و تێچوونەکانی پەیوەست بە خوێندنگا.

٣-٢-  وەزارەتی پەروەردە پێکدێت لە نووسینگەی وەزیر و نووسینگەکانی بریکارەکان و بەشی یاسادانان و هەر سێ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە و پەیمانگاکان. هەر یەك لە پارێزگاکان بودجەی تایبەتی خۆی هەیە و لە بواری پەروەردە خەرجی دەکەن. لە هەر ئەنجوومەنێکدا، کۆمیتەیەکی پەروەردە هەیە بەڵام دەسەڵاتەکانیان ڕوون نییە. هیچ شێوازێکی هاوبەش نییە سەبارەت بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری. بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان وەك نووسینگەی پارێزگاکان خزمەت دەکەن و بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتییان دەکات و بەرپرسە لە جێبەجێ کردنی پەروەردە لە پارێزگادا. بەڕێوەبەرایەتییەکان بەشی تەکنیکی و کارگێڕییان هەیە کە هاوشێوەن لەگەڵ بەشەکانی وەزارەتی ناوەندی. بەشەکان بەرپرسن لە:

(أ)  جێبەجێ کردن و بەدواداچوونی سیاسەت و پلانە پەروەردەییەکان.
(ب)  بەڕێوەبردنی دامەزراندن و سەرچاوە مرۆییەکانی مامۆستایان.
(ت)  سەرپەرشتی کردنی خوێندنگاکان.
(پ)  ئامادە کردنی باڵەخانەی خوێندنگای پێویست، لەنێو بەرپرسیارییەکانی دیکەدا.

٣-٢-  هەر یەك لە پارێزگاکان دابەش دەبن بۆ قەزاکان و بەرپرسی تایبەت بە خۆیان هەیە. بەڕێوەبەری خوێندنگا و یاریدەدەرەکەی خوێندنگا بەڕێوە دەبەن. هەروەها ئەنجوومەنی مامۆستایان – دایك و باوکان و گرووپەکانی تری کۆمەڵگەش هەن، بەڵام بەشداریی ئەوان زۆر سنووردارە و بە زۆری بە شێوەیەکی نارێکخراوە. لە ڕاستیدا، بەڵگەی کەم لەبەردەستە سەبارەت بە بەشداریی چالاکانەی ئەنجوومەنی مامۆستایان – دایك و باوکان لە بڕیارداندا.

٣-٤-  ئەم پەرەیە سەیری ئەوانە دەکات کە وەك کەناڵە جیاجیاکانی دارایی کردنی خوێندنگا ئاماژەیان پێ کراوە. لە پێشکەوتووترین سیستەمەکانی پەروەردەدا، سەرچاوەکانی خوێندنگا لە ڕێگەی بەخشینەکانی خوێندنگاوە یەك خراون و خوێندنگاکان چالاکانە هان دەدرێن ڕاستەوخۆ ئاستی داهاتەکانیان بەرز بکەنەوە لەنێو ئەو چوارچێوەیەی کە حکومەت ئامادەی کردووە و داینەوە. ئامادەکاریی بەش بەشی ئێستای دارایی کردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە دەردەخات کە وڵات کەوتۆتە نێوان دوو سیستەمی لەیەك جیا کە یەکێکیان سیستەمێکی زۆر ناوەندی و یەکپارچەییە و ئەوی تریشیان وردە وردە گەشە دەکات. هەروەها ڕێبازی بەش بەش لە بەڕێوەبردنی دارایی گشتیدا دەردەخات. ئێستا، دەتوانین پۆلێن کردنێکی ئابووری بۆ دارایی کردنی خوێندنگا بۆ ئەم چوار کەناڵە جیایەی خوارەوە دابەش بکەین:


(أ)  **کەناڵی ١:** کرێکان
(ب)  **کەناڵی ٢:** خەرجییەکانی کار و بەڕێوەبردن
(ت)  **کەناڵی ٣:** داراییەکانی وەبەرهێنانی سەرمایە
(پ)  **کەناڵی ٤:** ئەو داهاتەی لە خوێندنگا پەیدا دەبێت

٣-٥-  ئەم کۆمەڵانەی دارایی کردن لە ڕێگەی چوار کەناڵی جیا دەگەنە خوێندنگا، وەك ئەوەی لە **شێوەی ژمارە (١)**ی خوارەوە پیشان دراون.

**شێوەی ژمارە (١): کەناڵەکانی دارایی کردنی خوێندنگا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**KRG Education School Financing Channels** : ١FIGURE

٣-٦. ... ەترین




Wor

پێکهاتەی خەرجییەکانی پەیوەست بە خوێندنگان. مووچەی مامۆستایان لەلایەن وەزارەتی دارایی حکوومەتی ناوەند دیار دەکرێت و گۆڕین لە کرێ و مووچە و پلەکان بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسەند دەکرێت. کەناڵی دارایی کردنی کرێ و مووچەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان وەك یەکە و بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی دارایی ساڵی ٢٠٠٤ بەڕێوەدەبرێن. هەر کاتێك یاسای بودجە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەران تێپەڕێنرا، وەزارەتی دارایی بەشە تەرخان کراوەکانی مووچە دەگوازێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە لەسەر بنەمای وەرزی ساڵ. ئەگەر بودجە تێنەپەڕێنرا، داراییەکان بە شێوەی مانگانە دەگوازرێنەوە بەپێی سیستەمی ڕێژەیی.

٣–٧– پاشان وەزارەتی پەروەردە دەست دەکات بە دابەش کردنی بڕە پارە وەرزییە گوێزراوەکان بۆ پێدانی مووچە بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە لەسەر ئاستی پارێزگا و ئەویش لای خۆیەوە بڕە پارەی پێویست بۆ قەزاکان دادەنێت و لەوێشەوە بەڕێوەبەری خوێندنگا بڕە پارەی کرێ و مووچەکان وەردەگرێت و دابەشی دەکات بەپێی پێشکەش کردنی خشتەی کاتی واژۆ کراو. هەموو بەڕێوەبەرێکی خوێندنگا دەبێت سەردانی بەشی حیساباتی قەزا بکات و چەکی تەواوی بڕە پارەی کرێ و مووچەکانی وەربگرێت، پێش پێشکەش کردنی چەك بۆ وەرگرتنی مووچە، پاشان بڕە پارەکە هەڵدەگرێت و دەیباتە خوێندنگا بۆ ئەوەی بە دەست بیداتە یەکە یەکەی کارمەندان. لیستی واژۆ کراوی مووچە ئەوە دەردەخات کە مووچەکان وەرگیراون ئینجا لەلایەن سەرۆکی قەزای بەشی حیسابات دادەنرێت و پاشان لەلایەن بەڕێوەبەری گشتیی پارێزگا حیساب دەکرێن پێش ئەوەی بۆ ناوەند بنێردرێن، کە ئەویش لای خۆیەوە بۆ وەزارەتی دارایی ڕاپۆرت دەکات.

٣–٨– **کەناڵی ٢** بریتیە لە دارایی کردنی خەرجییەکانی کارپێکردن و بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای پێداویستییەکان کە پەیوەندییان هەیە بە بەڕێوەبردنی خوێندنگاکان و لەسەر بنەمای هیچ پێوەرێکی تایبەت نییە کە بۆ پەروەردە دەوەستێتە سەر زۆر هۆکار. چاکردنەوەی باڵەخانەی خوێندنگا و مێز و کورسی و کۆمپیوتەر پێویستە لەسەر بنەمای ڕێژەی خراپبوونی پێوەری بن و تێچوونەکانی دابین کردنی پێداویستییەکان و ئاسانکاری و کتێب و تەباشیر و کەرەسەکانی تری فێربوون پێویستە لەسەر بنەمای پێوەرەکان بن، وەکو پێوەرەکانی دۆستی منداڵ. وەك کەناڵی ١، وەزارەتی دارایی بڕە پارەی پێویست تەرخان دەکات بۆ وەزارەتی پەروەردە. بەڵام، بە پێچەوانەی کرێ و مووچەکان، بەشە تەرخان کراوەکانی کارپێکردن و بەڕێوەبردن لەلایەن خوێندنگاکانەوە داوا دەکرێن. بەڕێوەبەری خوێندنگا داوایەك ئاراستەی نووسینگەی قەزا دەکات بۆ خەرجییەکان، لەوانەش بۆ چاکردنەوەی مێز و پەنجەرە شکاوەکان و شتەکانی تر. نووسینگەی قەزا داواکە ئاراستەی بەشی پەیوەندار دەکات لەناو وەزارەتی پەروەردە کە ئەویش لای خۆیەوە خەرجییەکان پەسەند دەکات و بڕە پارەی پێویست بۆ قەزا تەرخان دەکات.

٣–٩– گرفتی ئەم پرۆسەیە دوو ئەوەندەیە. یەکەم، دواکەوتنی کاتە لە پەسەند کردن و دابین کردنی داراییەکان. دووەم، تێچوونی پارەی هاتووچۆیە کە پەیوەندی هەیە بە پێشکەش کردنی داوا بۆ قەزا کە هەندێ جار لەو بڕە پارەیە زیاتر دەبێت کە بۆ کارپێکردن و بەڕێوەبردن داوا کراوە، بەڕێوەبەری خوێندنگا لەوانەیە بیەوێت چاوەڕێ بکات تا پێداویستییەکان بە تەواوی سەرهەڵدەدەن بۆ ئەوەی خەرجیی تەواو بەدەست بێت پێش ئەوەی سەردانی بەشی حیساباتی قەزا بکات. ئەم دوو گرفتە کار دەکەنە سەر ڕایی کردنی ئیش و کاری خوێندنگا و لە زۆربەی وڵاتاندا، گواستنەوەکانی کارپێکردن و بەڕێوەبردن لە ڕێگەی بەخشینی بەرەی خوێندنگا دەکرێن کە ئەمەش وا دەکات خوێندنگا بە باشی کارەکانی ڕایی بکات و بارە ناپێویستەکانی نووسینگەکانی قەزا نەهێڵێت.

٣–١٠– **کەناڵی ٣** بریتیە لە دارایی کردنی خەرجییەکانی وەبەرهێنان کە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی پلاندانان بەشداری تیا دەکەن. خەرج کردنی سەرمایە نۆژەن کردنەوەی سەرەکیی باڵەخانەی خوێندنگاکان و دروست کردنی خوێندنگای نوێ و کڕینی شتی گەورەی وەك ئۆتۆمبێل دادەپۆشێت. ئێستا، وەزارەتی پەروەردە تەنیا لە پلاندانانی بودجەی سەرمایە بەشداری دەکات لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان کە لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگاوە دەسەڵاتیان پێ دراوە.

٣–١١– بەشی گرێبەستەکان لە وەزارەتی پەروەردە ڕاپۆرتی یەکخراوی بەجێهێنان بۆ وەزارەتی دارایی ئامادە دەکەن کە زانیارییان تێدایە لەبارەی بەکارهێنانی داراییەکان بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنانی سەرمایە، بەڵام کاتێك پرۆسەی بودجە لە ڕێگەی وەزارەتە

جیاجیاکان بەش بەش دەکرێت، زۆرینەی خەرجییەکانی کەرتی پەروەردە پەیوەندییان هەیە بە بودجەی سەرمایە. بۆ دەستەبەر کردنی بەشە تەرخان کراوەکان و دابین کردنی داخوازییەکانی ڕاپۆرت کردنی چاودێری، وەزارەتی پەروەردەش ڕاپۆرت بۆ وەزارەتی پلاندانان دەکات بە بەکارهێنانی فۆرمە ڕاسپاردە کراوەکان لەسەر هەموو پڕۆژە پەسەند کراوەکان لە بودجەی وەبەرهێنانی خۆیان. وەزارەتی پلاندانان داوای ڕاپۆرتی گونجانی ئابووری و تەکنیکی دەکات سەبارەت بە هەموو پڕۆژەکان و وێنەکانی نامە و نووسراوەکانی پەیوەست بە جێبەجێ کردنی پڕۆژەکان. ڕۆڵی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەم پرۆسەیەدا دەردەکەوێت، بەڵام بە ناڕوونی دەمێنێتەوە زیاتر لەوەی ناڕێکاری بن.

٣–١٢– ڕاپۆرتەکانی پڕۆژە لە سەرەتای ساڵەوە پاش تێپەڕاندنی بودجە دابین دەکرێن و داخوازییەکانی پارەی نەختینە و بەشە تەرخان کراوە سەرەتاییەکان دیار دەکرێن. بڵاوکراوەکانی بودجەی وەبەرهێنانی ساڵ ئەو کاتە دەستەبەر دەکرێن کە وەزارەتی پلاندانان بۆ وەزارەتی دارایی بنووسێت و ڕەزامەندیی خۆی لەسەر ئاستی پێشوەچوونی پڕۆژەکان پێ ڕابگەیەنێت. هەروەها یاداشتی وەزارەتی پلاندانان باسی بڕە پارەی پێویست دەکات بۆ دەرکردن بەپێی ئامادەکارییەکانی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە. پاش ڕەزامەندی لەسەر بودجەی پڕۆژە، پشتڕاست کردنەوەی بڕی پێویستی داراییە تەرخان نەکراوەکان لە بودجەی سەرمایەی وەزارەتی پەروەردە و گونجاندنی لەگەڵ هەر ڕاپۆرتێکی یەکخراوی وەرگیراو، وەزارەتی دارایی گواستنەوەی پارەی نەختینە بۆ وەزارەتی پەروەردە دەردەکات. پاشان وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی پرۆسەی تەندەری کراوە و کەمکردنەوە بۆ کەرتی تایبەت گرێبەست بۆ کاری وەبەرهێنان دەکات. هەروەها ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە دیار کردنی بەشە تەرخان کردنەکانی بودجە لە ڕێگەی هەموو کەناڵەکانەوە.

٣–١٣– **کەناڵی ٤** بریتیە لەو داراییەی کە لەلایەن خوێندنگاکانەوە بەدەست دێن لە ڕێگەی داهاتی کار و چالاکییەکانی خۆیان، ئەگەرچی سنووردارن بە داهاتی بەکرێدانی فرۆشگا و خواردنگەی خوێندنگا. هەرچەند خوێندنگا گەورەتر بێت، داهاتەکەش گەورەتر دەبێت، بەڵام داهاتەکانی فرۆشگای خوێندنگا زۆر سادە و بچووکن. ئەو داهاتەی لە ڕێگەی ئەم چالاکییانە بەدەست دێن هەر ئەوەندەن کە خوێندنگاکان بتوانن خەرجییە بچووکە ڕۆژانەییەکانی کارپێکردن و بەڕێوەبردن دابین بکەن کە ئەوەندە کەمن ناخرێنە ناو دارایی کردنی کەناڵی ٢. داهاتی فرۆشگای خوێندنگا لە ماوەی ناکۆکییەکان دەستی پێ کرد بە مەبەستی زیاد کردنی سەرچاوە بەردەستەکانی داهات لەسەر ئاستی خوێندنگادا.

٣–١٤– ئێستا، هیچ دارایی کردنێکی بەرچاو لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی دایك و باوکان – مامۆستایان و ئاستەکانی تری کۆمەڵگاوە نییە و خوێندنگاکان بۆیان نییە ڕاستەوخۆ داهاتی خۆیان بەرز بکەنەوە، هەرچەندە دەبێت ئەمە بگۆڕدرێت. وێڕای ئەمەش، پشتیوانی کردنی پەروەردە لەلایەن بەخشەرانەوە تەنیا بەشدارییەکی کەم دابین دەکات لەچاو ئەو خەرجییانەی حکوومەت بۆ بواری پەروەردە دابینی دەکات کە زۆر گەورەن بە بەراورد لەگەڵ سەرچاوەکانی وڵات بۆ خەرجییەکان.

## ٤– مەترسییەکان لە سیستەمی دارایی کردنی ئێستا

٤–١– سیستەمی ئێستای دارایی کردنی خوێندنگا زۆر دوورە لە لێهاتوویی و کاریگەری و زۆر مەترسی لەسەر هەن، وەك ئەوەی لە خشتەی ژمارە (١) لە خوارەوە پیشان دراون. یەکێك لە مەترسییە سەرەکییەکانی کەناڵی ئێستای دارایی کردن بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتبەستنە بە عێراق سەبارەت بە پەسەند کردنی بودجە. کاتێك بودجە لەلایەن بەغدادەوە تێناپەڕێنرێت، یان کاتێك دوادەکەوێت، بە شێوەیەکی نەرێنی کار دەکاتە سەر وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەشە تەرخان کراوەکانیان، لەناو ئەمانەشدا وەزارەتی پەروەردە. بوونی فرە کەناڵی دارایی کردن دەبێتە هۆی بەش بەش کردنی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان و بێ توانا کردنی بەڕێوەبەری خوێندنگاکان لە بەڕێوەبردنی خوێندنگا و پێشکەش کردنی پێوەرەکانی دۆستی منداڵ. سنووررداری لە هاتنی زانیارییەکان لە نێوان دامەزراوە سەرەکییەکان و فەرمانگەکاندا لە هەر کەناڵێك و لە ڕێگەی کەناڵەکانەوە دەبێتە هۆی لاوازیی هەماهەنگی و ئامادە کردنی سەرچاوەی ناتەواو. هەروەها سیستەمی ئێستا دەبێتە هۆی ڕێزبەندی کردنی خەرجییە پێویستەکانی وەك مووچەکان و لەبەرچاو نەگرتنی خەرجییەکانی کارپێکردن و وەبەرهێنانی سەرمایە. ئەمە، سەرەڕای نەبوونیی ژمارەی پێویستی باڵەخانەی خوێندنگاکان و بوونی فرە دەوامی. ئەم خەرجییانە ڕۆڵێکی بەرچاوی یەکسان دەبینن سەبارەت بە وانەوتنەوە لە باشتر کردنی ئەزموونی فێربوونی خوێندکاران و ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە دیار کردنی ڕێژەکانی تۆمار کردنی خوێندکاران لە خوێندنگاکاندا.

| خشتەی ژمارە ١: مەترسییەکان لە سیستەمی ئێستای دارایی کردنی خوێندنگا | |
|---|---|
| | |
| کێشە پەیوەندارەکان | سیستەمی ئێستا |
| دواکەوتنی پەسەند کردنی بودجە لە عێراقەوە دەبێتە هۆی دواکەوتنی بەشە تەرخان کردنەکان بۆ وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان | ١– پەسەند کردنی بودجە لە عێراقەوە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان |
| بەش بەش کردنی سەرچاوەکان دەبێتە هۆی لاوازیی پلاندانان و ڕێزبەندی کردن | ٢– فرە کەناڵی دارایی کردن |
| لاوازیی هەماهەنگی و تەرخان کردنی ناتەواوی سەرچاوەکان دەبێتە هۆی بێ توانا کردنی وەزارەتی پەروەردە لە بەڕێوەبردنی کەرتی پەروەردە | ٣– هاتنی زانیاریی کەم لە نێوان کەناڵەکانی دارایی کردن |
| دواکەوتنی خەرجییە بچووکە پێویستەکان دەبێتە هۆی پەککەوتنی ژینگەی پەروەردەیی | ٤– نەبوونیی خەرجییەکانی کارپێکردن و بەڕێوەبردن |
| دابین کردنی پاڵنەرەکان بۆ خوێندنگاکان بۆ دواخستنی داواکاریی خەرجییەکان کار دەکاتە سەر خوێندکاران | ٥– زۆری تێچوونەکانی مامەڵەکان |
| ڕەنگدانەوەی نییە لەسەر پێداویستی و ڕێزبەندییەکانی خوێندنگا | ٦– ڕێبازی ناوەندی لە سەرەوە بۆ خوارەوە |

٤–٢– تێچوونەکانی مامەڵەکان لەلایەن خوێندنگاوە لە پرۆسەی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوە داراییەکان بەرزە. ئەم تێچوونانەی مامەڵە دەکرێت لە مامەڵەکانی کاغەزەوە بێنە ئارا کە بۆ خەرجییە پەراوێزییەکان ئەنجام دەدرێن، وەکو گۆڕینی گڵۆپ و مێز و خەرجییەکانی گەشت بۆ هەر سەردانێکی بەشی حیساباتی قەزا و بەفیڕۆدانی کات و سەرچاوە مرۆییەکان لە پرۆسەکەدا. سیستەمی ئێستای دارایی کردن بە شێوەی ڕێبازی لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە کە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی پلاندانان لەجیاتی خوێندنگاکان، بڕیار لەسەر ڕێزبەندییەکان دەدەن بۆ خەرجییەکان و بەوەش پێداویستییە تایبەتەکانی هەر یەك لە خوێندنگاکان لەبەرچاو ناگیرێت.

## ٥- پێویستیی باشتر کردنی کەناڵەکانی دارایی کردن

٥-١- ئەو ئاستەنگانەی کە لە سەرەتاوە خراونەتە ڕوو، پێویستیی بەهێز کردنی کەناڵە جۆراوجۆرەکانی دارایی کردن نیشان دەدەن بە شێوەیەك کە خوێندنگاکان ڕۆڵێکی چالاکتر ببینن لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان لەسەر ئاستی خوێندنگا، بەتایبەتیش، ئەوەی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی ڕۆژانەوە هەیە. پێویستیی ناناوەندی کردنی دارایی بەو ڕاستییە جەختی لەسەر دەکرێت کە سەرەڕای پابەندبوونی حکومەت بە زیاد کردنی دارایی کەرتی پەروەردە، بەڕێوەبردنی خوێندنگا بە لاوازی ماوەتەوە و دەرخەرەکانی هەڵسەنگاندنی بەجێهێنانی خوێندنگاش کەموکورتییەکان پیشان دەدەن. باشتر کردنی بەڕێوەبردن لە ڕێگەی یەکخستنی مووچە و پێدانەکان، وەك بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا دەرفەتێکی بەرچاو دابین دەکەن بۆ باشتر کردنی دەرەنجامەکانی خوێندن و بزواندنی هێزی کار و زیاد کردنی لێپرسینەوە.

٥-٢- ئەگەرچی ڕێژەی ڕووتی تۆمار کردن لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا (٤,٥٪)ە بەرزترە لە عێراق، بەڵام ئەم ڕێژەیە بە شێوەیەکی بەرچاو لە خوێندنگایەکەوە بۆ خوێندنگایەکی تر دەگۆڕێت. جگە لەمەش، ژمارەی خوێندکاران بە شێوەیەکی خێرا لە زیادبووندایە و ئەوەش پێویستیی دارایی زیاتر و ڕێزبەندی کراو پیشان دەدات لەسەر ئاستی خوێندنگادا. لە نێوان ساڵی ٢٠٠٣ و ٢٠١٢دا، ژمارەی خوێندکاران لە ٨٤٣٠٠٠ ەوە زیادی کردووە بۆ (١,٧) ملیۆن خوێندکار کە ڕێژەی زیادبوون دەگاتە ٩٨٪[1]. ئەمە کێشەی نەبوونیی باڵەخانەی خوێندنگای گەورەتر کردووە و بۆتە هۆی ئەوەی لە یەك باڵەخانەدا زیاتر لە یەك دەوام بکرێت. لە ساڵی ٢٠١٠-٢٠١١دا، ژمارەی باڵەخانەی خوێندنگاکان (٤٥٥٣) بووە، لەو ژمارەیەش (٣٦٧٣) (٨٠,٦٧٪) ی ژمارەی تێکڕای باڵەخانەی خوێندنگاکان) دەوامی تەواویان تیادا کراوە، (٥٦٧) (١٣٪) ی ژمارەی تێکڕای باڵەخانەی خوێندنگاکان) دوو دەوامیان تیادا کراوە، (٣٠٤) (٦٪) ی ژمارەی تێکڕای باڵەخانەی خوێندنگاکان) سێ و چوار دەوامیان تیادا کراوە. سەرەڕای هەوڵەکان بۆ دروست کردن و نۆژەن کردنەوەی باڵەخانەی خوێندنگاکان، ژمارەیەك هۆکار هەن - گەشە کردنی خێرای خواست لەسەر خوێندن، زیادبوونی ڕێژەی تۆمار کردن لە خوێندنگا، گەشە کردنی تەمەنی چوونە خوێندنگای دانیشتووان، بڵاوبوونەوەی خوێندن لە ناوچە جیاجیاکانی شار و گوندەکان، کەمبوونەوەی ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن، کەمی ژمارەی باڵەخانەی خوێندنگای گشتی - بۆ بەردەوام فراوانبوونی بۆشایی ژێرخانی خوێندنگا. کەم کردنەوەی ئەم بۆشاییە و کۆتایی هێنان بە نەبوونیی باڵەخانە و سیستەمی لە یەك دەوام زیاتر لە زۆر خوێندنگاکان پێویستی بە هەوڵ و دارایی زیاتر هەیە لەوەی ئێستاکە هەیە.

٥-٣- هەموو ئەم هۆکارانە پێویستیی ناناوەندی دەردەخەن بە گواستنەوەی هەندێ بەرپرسیاریی بەڕێوەبردنی بەخشین بۆ خوێندنگاکان (ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی خوێندنگا / بەڕێوەبەرانی خوێندنگا / ئەنجوومەنی دایك و باوکان - مامۆستایان). میکانیزمێکی فەرمی پێویستە ئامادە بکرێت کە لە ڕێگەی ئەوەوە حکوومەتی ناوەندی بتوانێت بە شێوەیەکی کارا داراییەکان بۆ خوێندنگاکان بگوازێتەوە، لەسەر بنەمای ئەو وانانەی لە هەلومەرجی هاوشێوەدا فێریان بووین. باوترین میکانیزم کە لە زۆربەی وڵاتە تازە پێشکەوتووەکاندا گەلاڵە کراوە دابین کردنی داراییەکانە بە بەکارهێنانی **هاوکێشەی بەخشینی بەرە**. ئەمە بۆتە هۆی بەدەستهێنانی ئەنجامی ئەرێنی لە زیادبوونی ڕێژەی تۆمار کردن لە خوێندنگاکان و دەرخەرەکانی دیکەی ئاستی بەجێهێنانی خوێندنگا، لەوانەش باشتر کردنی توانا و ڕۆشنی. بۆیە پێویستە وەزارەتی پەروەردە بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا تاقی بکاتەوە.

٥-٤- لە بنچینەدا، بەخشینەکانی بەرە بەخشینی بڕە پارەیە کە ڕاستەوخۆ بۆ خوێندنگاکان دابین دەکرێت بۆ ئەوەی لەو بوارانەدا خەرجی بکەن کە بەلای سەرکردەکانی خوێندنگا لە هەمووان گرنگترن بۆ باشتر کردنی توانای پرۆسەی فێربوون. هەروەها بەخشینەکانی بەرە وا دەکەن زۆر لە داخوازییە جیاجیاکان کە کاریگەرییان لەسەر خوێندنگاکان هەیە بە قەبارە و شوێنی جیاجیا لەلایەن خوێندنگاکانەوە چارەسەر بکرێن. (بۆ نموونەکان، بڕوانە بەشی ٥).

[1] http://www.investingroup.org/publications/kurdistan/overview/education/

## ٦– ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان لەبارەی دابین کردنی بەخشینی بەرە

٦–١– بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا تەرخان کردنی داراییە بۆ خوێندنگاکان، کە بەهاکەی لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پێوەری پێشوەخت دیارکراو دادەنرێت. بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا یان بۆ مەبەستێکی دیارکراو تەرخان دەکرێن (کە تەنیا بۆ هەندێ خەرجیی تایبەت بەکاردێن)، یان بۆ مەبەستی دیارکراو تەرخان ناکرێن (کە رێگە بە خوێندنگاکان دەدات کامە خەرجی بەلای ئەوانەوە لە هەمووان گرنگترن). ئەمە سەرچاوە بۆ خوێندنگاکان دابین دەکات (لەسەر بنەمای ژمارەی خوێندکار) بۆ ئەوەی بەکاربێت بۆ خەرجییە ناکرێییەکان لەسەر ئەو شتانەی کە خوێندنگاکە لە هەموو شتەکانی تر بە پێویستی دەزانێت. هەروەها چاودێریی کارگێڕیی زیاتر بە پارێزگا و قەزا و خوێندنگاکان دەدات بۆ ئەوەی بتوانن کارگێڕیی پەروەردەیی و ئاستی خوێندن باشتر بکەن. هەروەها بەخشینەکانی بەرە بەکاردێن بۆ باشتر کردنی دارایی بۆ خوێندنگاکان لە کۆمەڵگا هەژارەکان بۆ نەهێشتنی ناهاوسەنگیی سەرچاوەکان.

٦–٢– گواستنەوە لە رێبازی لە سەرەوە بۆ خوارەوەی ناوەندی بۆ رێبازی ناناوەندی و پرۆسەی بزواندنی خوێندنگا بۆ دارایی کردن ئەم سوودە زۆرانەی خوارەوەی دەبێت:

- توانای بەرزتر بە هۆی باشتر کردنی ئاستی رۆشنیی خەرج کردنی داراییەکان.
- دابەش کردنی یەکسان بۆ هەموو خوێندنگاکان لە رێگەی دڵنیابوون لەوەی کە هەموو خوێندنگاکان هەمان برە پارە وەردەگرن، یان ئەو خوێندنگایانەی زیاتر زەرەرمەند بوون (لە کۆمەڵگە هەژارەکان، یان ناوچە گوندییەکان) دارایی زیاتر وەردەگرن بۆ ئەوەی بگەنە ئاستی خوێندنگاکانی تر.
- ئاستێکی بەرزتری نەرمی نواندن بۆ خوێندنگاکان بۆ ئەوەی رێزبەندیی خەرجییەکان لەسەر بنەمای پێداویستییە تایبەتییەکانی خوێندنگاوە بێت.
- زیاد کردنی هەستی خاوەنداری و پابەندبوون لەلایەن خوێندنگاکانەوە لە رێگەی بەشداری پێ کردنیان لە پرۆسەی بڕیارداندا.

٦–٣– بە پشتبەستن بە ئامانجی دیارکراو، وڵاتان لە نەخشەسازیی دابین کردنی بەخشینی بەرەی خۆیان جیاوازییان هەیە. ئەم جیاوازییانە لە دوو گۆڕاوی سەرەکی پۆلێن دەکرێن: (أ) دابەش کردنی بەخشینەکان (ب) بەڕێوەبردن و چاودێری کردنی بەخشینەکان. **خشتەی ژمارە (٢)** ئەم دوو گۆڕاوە سەرەکییانە پیشان دەدات و دەری دەخات بەخشینەکانی بەرە دەکەونە ژێر کامەیان. کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی گونجاودا، دەتوانێت سیستەمێکی پێشکەوتووتر دابنێت کە هەژاری و و کەمئەندامی و جۆری کۆمەڵایەتی و گرفتەکانی فێربوون بۆ نموونە لەبەرچاو بگرێت، هەروەها قۆناخی ئەزموونی بە سادەیی و تێگەیشتووانە بپارێزێت ئەو کات دەتوانێت سەرکەوتنی درێژخایەن بەدەست بێنێت.

| خشتەی ژمارە ٢: گۆڕاوەکانی نەخشەسازیی بەخشین | |
|---|---|
| | |
| گۆڕاوە ناسەرەکییەکان | گۆڕاوی سەرەکی |
| • پێوەرەکانی دابەش کردنی داراییەکان (هاوکێشە)<br>• میکانیزمی گواستنەوەی بەخشینەکان<br>• بەکارهێنانی بەخشین (سەرە بابەتەکان) | دابەش کردنی بەخشین |
| • ئاستی سەربەخۆیی پێدانی خوێندنگاکان<br>• لایەنە بەشدارەکانی تر لە بەڕێوەبردنی داراییەکان | بەڕێوەبردن و چاودێری کردنی بەخشین |

سەرچاوە: جیۆپۆلیسیتی، یونسکۆ

٦–٤– دابەش کردنی بەخشینەکان سێ پرسی سەرەکی چارەسەر دەکات کە هەموویان گرنگن بۆ گەشەپێدانی سیستەمە کاراکانی

بەخشینەکانی خوێندنگا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

(أ) **ئەو هاوکێشە، یان کۆمەڵە پێوەرە چین کە بەهای ئەو بەخشینانە دیار دەکات کە دابەش دەکرێن؟** لە زۆر وڵاتاندا، ئەو هاوکێشەی بەهای بەخشینەکانی بەرە دیار دەکات کە دەدرێنە خوێندنگاکان بریتیە لە بەخشینی سادە بەپێی خوێندکار. هاوکێشەکە دەتوانێت پێوەری دیکەش بگرێتە خۆ بەپێی زانیارییە بەردەستەکان و ڕێزبەندییەکانی کەرتی پەروەردە و سەرچاوە بەردەستەکان. بۆ نموونە، قۆناخی یەکەمی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا کە لە ئەندەنۆسیا دابین کران بەو شێوەیە نەخشەیان بۆ دانرا کە پارێزگاری لە تۆمار کردنی چوونە خوێندنگا و ئاستی چۆنایەتیی خوێندن بکەن لە هەلومەرجی کێشە و قەیرانی دارایی و ئابووریدا. هاوکێشەکە لەسەر بنەمای تۆمار کردنی چوونە خوێندنگای خوێندکارانی ئاوارەبووی ناوخۆیی دانرا بۆ ئەوەی یارمەتی خوێندنگاکان بدرێت لە دابین کردنی پێداویستییەکانی ئەم خوێندکارانەدا. قۆناخی دووەمی بەرنامەکە سووك کردنی باری هەژاری بوو بەوەی بە شێوەیەکی تایبەت ئەو خوێندنگایانەی کردە ئامانج کە پێداویستیی زۆریان هەبووە و کەوتبوونە هەژارترین قەزاکان (١٣٣ قەزا لە ٣٠٠ قەزا). هاوکێشەکە زۆر سادە بوو بەوەی کە بە شێوەیەکی سادە تێکڕای تۆمار کردنی خوێندکارانی لەبەرچاو گرتبوو. ئەمە پێچەوانەی بەخشینەکانی بەرەیە لە وڵاتێکی وەکو سری لانکا، بۆ نموونە، لەوێ هاوکێشەکە تایبەتمەندییەکانی خوێندکار و بوونی سووری جیاجیای خوێندنگا و ڕاست کردنەوەی سیستەمی ئابووری و تایبەتمەندییەکانی شوێنی خوێندگا لەبەرچاو دەگرێت (خوێندنگای بچووك و ناوچەی گوندی و زیانلێکەوتوو بڕی دارایی زۆرتر بەپێی خوێندکار وەردەگرن).

(ب) **ئایا داراییەکان ڕاستەوخۆ بۆ حیسابە بانکییەکانی خوێندنگاکان دەگوازرێنەوە، یان ئایا بە ڕێگەی کارگێڕیدا تێپەڕ دەبن؟** زۆر لە وڵاتانی جیاجیا کەناڵی جیاجیایان هەیە بۆ گواستنەوەی داراییەکان بۆ خوێندنگاکان. بۆ نموونە، لە ئەندەنۆسیا یەکەم قۆناخی بەخشینەکانی خوێندنگا لە ڕێگەی نووسینگە خۆجێییەکانی پۆستە دابین دەکران، لە کاتێکدا قۆناخی دووەم ڕاستەوخۆ لە حکوومەتە ناوەندییەکانەوە لە ڕێگەی حیسابە بانکییەکان دەگوازرانەوە بۆ خوێندنگاکان. لەبەرئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داراییەکان بۆ خوێندنگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وڵات دابین دەکات، هیچ هۆیەك نییە کە بۆچی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا ڕاستەوخۆ نەگوازرێنەوە بۆ حیسابی بانك کە بە ناوی خوێندنگاوە بێت و کاری پێ بکرێت لەلایەن بەرپرسانی خوێندنگا و چاودێریی ئەندامانی ئەنجوومەنی دایك و باوکان — مامۆستایان.

(ت) **ئایا بەخشینەکان بۆ خەرجییەکانی پێداویستییە تایبەتەکان بەکاردێن؟** زۆربەی بەخشینەکان سەرەتا بۆ خەرجییەکانی کارپێکردن و سەرمایە بەکاردێن، لەگەڵ پێکهاتەی کرێی گوازراوە لە ڕێگەی کەناڵە باوەکان. دووبارە ئەمە بەپێی وڵاتان جیاوازی هەیە. بۆ نموونە، لە ماوەی قۆناخی یەکەمی دابین کردنی بەخشینەکانی بەرەدا، مەکدۆنیا مووچەی مامۆستایانی لە بەخشینەکان نەدا و بەخشینەکان تەنیا بۆ چاکردنەوەی دامەزراوەکان بوو. دوای قۆناخی ئەزموونی، بەرە بەرە مووچەی مامۆستایانیش لەم بەخشینانە دران. ئەمە وا دیارە باوترین شێوەی ناناوەندی بێت، بەڵام بەدەریش هەن. پۆڵەندا، بۆ نموونە، لە قۆناخی یەکەمدا داراییەکانی سەرمایە و کارپێکردن و کرێکانی پەیوەست بە خوێندنگاکانی ناناوەندی کرد، هەرچەند لە قۆناخی جیادا ئەوەی بۆ خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی کرد.

٦–٥– گۆڕاوی دووەمی نەخشەسازی — بەڕێوەبردنی بەخشینەکان — دوو پرس چارەسەر دەکات و هەردووکیشیان پێویستە لە ماوەی قۆناخی ئەزموونیی بەرنامەکەدا، بە وریاییەوە بیریان لێ بکرێتەوە.

(أ) **ئاستی سەربەخۆیی بەڕێوەبردنی ئەو داراییانە چییە کە بە خوێندنگاکان دەدرێن؟** ئاستی ئەو سەربەخۆییەی بە خوێندنگاکان دەدرێت بۆ ئەوەی سوود لە بەخشینەکان ببینن دەکرێت بە توند کردنی هێڵەکانی بودجە سنووردار بکرێت کە لەسەر ئاستی ناوەندییەوە دیار کراون، بۆ نموونە، لەسەر بنەمای پلانێکی ڕێکەوتن لەسەر کراو بۆ باشتر کردنی خوێندنگا. لەجیاتی ئەوە، خوێندنگاکان دەتوانن بڕە پارەکە بە یەك گۆڕمە وەربگرن کە دەتوانن بە سەربەخۆییەکی تەواو بەکاری بێنن و بەپێی برگەکانی خەرجییە جیاجیاکان ڕێزبەندیی خۆیان بۆ بکەن. لە وڵاتانی وەکو غانا و سری لانکا، ڕێنوێنیی توند هەن بۆ بەکارهێنانی بەخشینەکان کە لەژێر هێڵە تایبەتەکانی بودجە دابین دەکرێن. بەرامبەر بەوە، ئەزموون لە ئەندەنۆسیا ئەوە

پیشان دەدات کە چۆن خوێندنگاکان دەتوانن بە سەربەخۆیی تەواوە بڕیار لەسەر خەرج کردنی بەخشینەکانی بەرە بدەن و وڵاتانی ڕۆژاوا، بە بەریتانیا و ئەمەریکا و کەنەداشەوە، گەشەیان بە هەندێ سیستەم داوە کە بەڕێوەبەری خوێندنگا و ئەنجوومەنی دایك و باوکان – مامۆستایان ڕێزبەندی دەکەن و سەرچاوەکانی خۆیان بە باشی و سەربەخۆ بەڕێوە دەبەن.

(ب) **ئەو لایەنانە کێن کە بەشداری لە بەڕێوەبردنی داراییەکان دەکەن؟** ئەزموونی نێودەوڵەتی لە دابین کردنی بەخشینەکانی بەرە دەری دەخات کە هەر کاتێك بەخشینەکان دەگەنە خوێندنگاکان، شێوازی جیاجیا هەن بۆ بەڕێوەبردنی بەخشینەکان. زۆربەی خوێندنگاکان (بۆ نموونە، ئەندەنۆسیا و فلیپین و کەنەدا و ئۆگەندا) کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگایان هەیە کە بڕیار لەسەر بەکارهێنانی داراییەکان دەدەن. لە کاتێکدا، لە هەندێ خوێندنگای وەکو وڵاتانی غانا، بەڕێوەبەری خوێندنگا تەنیا کەسی بەرپرسە لە بڕیارەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی بەخشینەکان.

٦–٦– **خشتەی ژمارە (٣)** باس لە هەندێ ئەزموونی وڵاتان دەکات سەبارەت بە دابین کردنی بەخشینەکانی بەرە لە پەروەردە وەك شێوازێکی جێگرەوەی ئێستا نەك سیستەمە بەش بەشەکانی فرە کەناڵەکان کە ئێستا هەن. گرنگە ئەوە بزانین کە لەسەر ئاستی هەر خوێندنگایەکدا، بەڕێوەبردن دەسەڵاتێکی زۆر سنووورداری هەیە لەبارەی ئەو سەرچاوانەی دەبنە هۆی دابەزینی ئاستی خوێندن و بزواندنی مامۆستایان بۆ باشتر کردنی ئاستی چۆنایەتیی خوێندن. ئەمەی خوارەوە ئەزموونی وڵاتە بۆ ئەوەی ڕێبازێکی جێگرەوە گەڵاڵە بکرێت، بەڵام لەسەر ڕاستییەکانی ئێستای حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دانراوە.

| خشتەی ژمارە ٣: ئەزموونەکانی وڵات لەبارەی دابین کردنی بەخشینەکانی بەرە | |
|---|---|
| | |
| **نەخشە و ئەنجامەکانی بەرنامە** | **وڵات** |
| **بەرنامەی بەخشینی خوێندن**<br>**١٩٩٨–٢٠٠٣ (قۆناخی یەکەم)**<br>ئەمە وەڵامێك بوو بۆ کەم کردنەوەی کاریگەریی قەیرانی ئابووری لەسەر خوێندن<br>دابین کردنی بەخشینە ساڵانەییە دووبارەبووەوەکان بۆ خەرجییەکانی کارپێکردن جگە لە مووچە بۆ ١٣٢٠٠٠ خوێندنگا (٦٠٪ی تێکرای ژمارەی خوێندنگاکانی وڵات)<br>جەخت دەکرایە سەر ئەوانەی کە بە هۆی قەیرانەوە زۆرترین زیانیان بەرکەوتبوو، هەروەها زۆرترین دەرفەت دەدرا بەوانەی وازیان لە خوێندن هێنا بوو نەك هەژارترینەکان<br>دابەش کردن لە ڕێگەی تۆڕی پۆستەوە<br>**ئەنجامەکان: بەرنامەکە** ڕێگەی گرتووە لە دابەزینی ڕێژەکانی تۆمار کردنی چوونە خوێندنگا لە دوای قەیرانە ئابوورییەکەوە.<br>بەڵگەکان دەری دەخەن کە کۆمیتەکانی خوێندنگا هەوڵی ڕەسەنیان داوە بۆ دابەش کردنی بەخشینەکانی خوێندن بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.<br><br>**بەرنامەی بەخشینی باشتر کردنی خوێندنگا**<br>**٢٠٠١–٢٠٠٤ (دوو قۆناخ)**<br>ئەمە بۆ ئەوە پێشکەش کرا تا بەرنامەی بەخشینی باشتر کردنی خوێندنگا تەواو بکات و زیانلێکەوتووترین خوێندنگاکانی کردە ئامانج<br>جەخت کردنی ڕاستەوخۆ لەسەر هەژاری و هەژارترین خوێندنگاکان<br>دابەش کردنی ڕاستەوخۆی داراییەکان لە ڕێگەی بانکەوە<br>**هەردوو بەرنامەکە** (بەرنامەی بەخشینی خوێندن و بەرنامەی بەخشینی باشتر کردنی خوێندنگا) سەربەستیی تەواوی دابین کرد بۆ هەڵبژاردنی وەرگر و بەکارهێنانی دارایی بۆ خوێندنگاکان و جەختی کردە سەر خەرجییە ناموچەییەکان.<br>**ئەنجامەکان:** بەرنامەی بەخشینی باشتر کردنی خوێندنگا پرۆژەکانی نۆژەن کردنەوەی دارایی کرد و لەسەر پێوەری پێنج خاڵی خەمڵاندنی بۆ کردن کە بە شێوەیەکی پلەیی بۆ ناپاب بەرز دەبووەوە. ٨٨٪ی نموونەی خوێندنگاکان خاڵی (٣) و | **ئەندەنۆسیا** |

| خشتەی ژمارە ٣: ئەزموونەکانی وڵات لەبارەی دابین کردنی بەخشینەکانی بەرە | |
|---|---|
| | |
| نەخشە و ئەنجامەکانی بەرنامە | وڵات |
| سەرووتریان بەدەست هێنا و ٤٥٪ خاڵی (٤)یان بەدەست هێنا و ٩٪یان خاڵی (٥)یان بەدەست هێنا و سەرکەوتنی بەرنامەکەیان دەرخست.<br>**وانەکان بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان:** نموونەی ئەندەنۆسیا شێوازێکی زۆر باشە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بەخشینەکانی بەرەی ئاستی خوێندنگای خۆی لەسەر دابنێت. هاوکێشەکە یەکجار سادەیە بۆ گەڵاڵە کردن و زۆر کاریگەریشە بۆ گەیشتن بە خوێندکاران. جیاوازیی ئەم حاڵەتە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا لەوەدایە کە دارایی کردنەکە بۆ بەخشینەکانی بەرە بە فراوانی لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پشتیوانی لێ کراوە و بەرنامەکە پابەندە بە کاتەوە. | |
| **پرۆژەی تێخراوەکانی چۆنایەتیی پەروەردەیی:**<br>بەپێی ئەم پرۆژەیە، بەخشینەکانی بەرە بۆ خوێندنگاکان دابین کراون بۆ دارایی کردنی تێخراوەکانی چۆنایەتیی پەروەردە کە بەو شێوەیە پێناسەیان کردوون و بریتین لە هەموو ئەو بابەت و ئامێر و ئامراز و خزمەتگوزارییانەی کە بەکاردێن بۆ زیاد کردنی ئاستی چۆنایەتیی پەروەردە. ئەمەش، زۆربەی ئەو خەرجییانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بە کرێکانەوە نییە، وەکو کەلوپەلی بەکارهێنراو و پاراستنی سەرمایە. ئەو داراییانەی بۆ خوێندنگاکان دابین کراون لەسەر بنەمای میکانیزمی تەرخان کردنی سەرچاوەی تێچوونی یەکە بەپێی جۆر ( Norm-Based Unit Cost Resource Allocation Mechanism) بە پشتبەستن بەم هۆکارانەی خوارەوە: (أ) شێوەکانی تێخراوی چۆنایەتی کە لەلایەن پەروەردەکارانەوە بەرهەم هاتووە. (ب) ژمارەی خوێندکاران (ت) راست کردنەوەکان بۆ ئابوورییەکان و نائابوورییەکان (پ) بوونی سووڕی جیاجیا لە خوێندنگاکان (ج) تەرخان کردنی بەشە داراییەکان بۆ باشتر کردنی بەرە بەرەی سەرمایە بەپێی پێداویستییەکان.<br>لە بودجەی دووبارەبووەوەی تێخراوەکانی چۆنایەتیی پەروەردەییدا، ٦٠٪ ی تەرخان کراوە بۆ بەکارهێنراوەکان و ٤٠٪ی تەرخان کراوە بۆ چاکردنەوە.<br><br>**ئەنجامەکان:** لەژێر تێخراوەکانی چۆنایەتیی پەروەردەییدا، خوێندنگا هاوشێوەکان بە شێوەیەکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و تایبەتمەندییەکانی خوێندکار و سووڕەکانی خوێندنگا و جیاوازییەکانی شوێنی خوێندنگا لەبەرچاو گیراون لە کاتی تەرخان کردنی داراییەکان. ئەنجامەکان دەری دەخەن کە خوێندنگا بچووکترەکان و خوێندنگاکانی ناوچە گوندییەکان و خوێندنگا زیانلێکەوتووترەکان رێژەیەکی زۆرتر بەپێی خوێندکار وەردەگرن و خەرج دەکەن. بەڵام نزیکەی ٢٠٪ی ئەم داراییانە بە خەرج نەکراوی ماونەتەوە. ئەو خەوشەی کە توێژینەوەکان دۆزیویانەتەوە ئەوەیە کە هاوکێشەکە گران و ئاڵۆزە.<br><br>**وانەکان بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان:** چەند ئەنجامێك هەن بۆ نەخشەسازی کردنی بەرنامە کە دەتوانرێت لە ئەزموونی ئەم وڵاتەدا گەڵاڵە بکرێن. بۆ نموونە، بەرنامەکە جەختی کردۆتە سەر خەرجییەکانی ناکرێیی پەیوەست بە کارپێکردن و سەرمایە. توێژینەوەی ئەم حاڵەتە گرنگیی دانانی میکانیزمەکانیش دەردەخات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەخشینەکان بە شێوەیەکی کاریگەر بەکار دەهێنرێن و لە کۆتایی ساڵدا بە پارەی خەرج نەکراوی نامێننەوە. وانەیەکی گرنگ کە پێویستە فێری بین ئەوەیە هاوکێشەی پێورەکانی بەخشین سادە بن. | **سری لانکا** |
| **خوێندنگا کرێکان (خوێندنگا سەربەخۆکان) ٢٠٠٣**<br>سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ سیستەمێکی نوێی خوێندنگا سەربەخۆکان خرایە بواری جێبەجێ کردن کە حکوومەتی ناوەندی داراییەکان دابین بکات بەڵام هیچ قسەیەکی نەبێت لە بەڕێوەبردنی رۆژانەی خوێندنگاکان. شێوازی خوێندنگای سەربەخۆ هەوڵێك بوو بۆ زیاتر ناناوەندی کردنی سیستەمی خوێندن لەوەی کە پێشتر لە قەتەر هەبوو. مەبەستی سەرەکی ئەو چاکسازییە فراوان کردنی کۆمەڵێك بژارە بوو بۆ دایك و باوکان، بۆ کەم کردنەوەی بەرچاوی رادەی کۆنترۆڵ کردنی خوێندنگاکان لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە، بۆ زیاد کردنی ئاستی چاودێری و هەڵسەنگاندنی خوێندکاران و بەڕێوەبەران و مامۆستایان، بۆ لێپرسینەوەی خوێندنگاکان سەبارەت بە ئاستی چۆنایەتی. | **قەتەر** |

| خشتەی ژمارە ٣: ئەزموونەکانی وڵات لەبارەی دابین کردنی بەخشینەکانی بەرە | |
|---|---|
| نەخشە و ئەنجامەکانی بەرنامە | وڵات |
| خوێندنگاکانی ژێر ئەم سیستەمە خوێندنگا تایبەتەکان بوون و حکوومەت خاوەندارییان نەبوو ئەگەرچی ئەو خوێندکارانەی کە پێشتر شیاو بوون بۆ دارایی کردنی حکوومەت، بەردەوام بوون لە وەرگرتنی ئەو داراییانە لە ڕێگەی دارایی کردن لەلایەن حکوومەتەکانەوە بۆ کارپێکەرانی خوێندنگاکان.<br><br>**ئەنجامەکان:** ئەنجامەکان دڵخۆشکەر بوون و پلان هەیە ئەم سیستەمە لەسەر ئاستێکی فراوانتر کاری پێ بکرێت.<br><br>**وانەکان بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان:** ئەم شێوازە جودایە لە شێوازەکانی تری بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا کە لەم ڕاپۆرتەدا باسیان کراوە چونکە جەخت کردنەکە لەسەر دابینکەرانی تایبەتە بۆ خزمەتگوزارییەکانی خوێندنگا. هەروەها گرنگیشە لەو ڕووەوەی کە یەکێکە لە شێوازە کەمە سەرکەوتووەکانی ناناوەندی کردنی پەروەردە کە هەرێم دارایی بکات. | |
| **ناناوەندی کردنی داراییانەی دارایی کردنی پەروەردە، ٢٠٠٥**<br>پرۆسەی ناناوەندی کردن کە شارەوانییەکان کۆنترۆڵی زیاتریان دەبێت لەسەر دارایی کردنی پەیوەست بە پەروەردە لە دوو قۆناخدا:<br>– قۆناخی یەکەم، کە تێیدا شارەوانییەکان بەرپرس دەبن لە چاکردنەوەی دامەزراوە گوێزراوەکان بەڵام هەموو مووچەکان لەلایەن حکوومەتی ناوەندەوە دەدرێن. قۆناخی دووەم، کە تێیدا شارەوانییەکانیش بۆ پێدانی مووچەی کارمەندان ڕادەسپێردرێن.<br>– هاتنی داراییەکان بۆ پشتیوانیی کەرتە ناناوەندی کراوەکان لە دوو قۆناخی ناناوەندی کردنەوە دەبن لە ڕێگەی دابین کردنی بەخشینە بێ مەرجەکان و بەخشینەکانی بەرە.<br>– بەخشینە بێ مەرجەکان ئازادی بۆ شارەوانییەکان دابین دەکات بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر و لێهاتووانە سامانە ماددییەکانی هەموو کەرتەکان بەڕێوە ببەن. شارەوانییەکان مافی ئەوەیان هەیە کە بڕیار بدەن چۆن سامانە ماددییەکان بەکاربێنن و چۆن چاکردنەوە بنچینەییەکان دابین بکرێن.<br>– قۆناخی دووەمی دابین کردنی بەخشینەکانی بەرە مافی ئەوە بۆ شارەوانییەکان دابین دەکەن کە بڕیار بدەن لەسەر خەرجییەکانی پەیوەست بە هەموو بوارەکان، لەوانەش کرێ و مووچەکان.<br>– بەم شێوەیە، بەخشینەکانی بەرە شەش ئەوەندە لە بەخشینە بێ مەرجەکان گەورەترن.<br>– هاوکێشەی بەشە تەرخان کراوەکان: بەخشین بەپێی خوێندکار.<br><br>**ئەنجامەکان:** لە کاتێکدا هەندێ باشتربوون هەن، بەڵام ئەم باشتربوونە بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەموو شارەوانییەکان نەبووە. جگە لەوەش، هەرچەندە دوو قۆناخی ناناوەندی کردن هەبوون، بەڵام ئەمە بەس نەبووە بۆ زیادبوونی دەسەڵاتە بەڕێوەبەرییەکانی دەسەڵاتە ناناوەندی کراوەکان کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەرهەڵست کردنی وازهێنانە لە دەسەڵاتەکان لەسەر ئاستی ناوەندییەوە.<br><br>**وانەکان بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان:** وانەکان بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆسەی ناناوەندیی دوو هەنگاویی کارپێکردنە کە لە دوای ئەوە بەخشینی گەورەتری بەرە دێن کە کرێکانیش لەخۆ دەگرن. وانەی گرنگتر لەوە ئەوەیە کە ناناوەندی کردنی یاسایی نابێتە هۆی ناناوەندی کردنی ڕاستەقینە ئەگەر بیر و مێشکەکان نەگۆڕدرێن و دەسەڵاتی ڕاستەقینە نەگوازرێتەوە بۆ خوێندنگاکان و دەسەڵاتە ناناوەندی کراوەکان. | **مەکدۆنیا** |
| **هەڵمەتی جیهانی بۆ خوێندنی سەرەتایی (بە سیستەمی بەخشینی بەرە)**<br>– تا ئێستاش حکوومەت مووچە و کرێی مامۆستایان دەدات بەڵام بۆ کار و چالاکییەکانی تری کارگێڕی بەخشینی بەرە دابین دەکرێت.<br>– تا ئێستاش بەخشینەکان لە ناوەندەوە دیار دەکرێن و دەژمێردرێن بەڵام وەک بەخشینی بەرەی مەرجدار بۆ قەزاکان | **ئۆغەندا** |

**خشتەی ژمارە ٣: ئەزموونەکانی وڵات لەبارەی دابین کردنی بەخشینەکانی بەرە**

| نەخشە و ئەنجامەکانی بەرنامە | وڵات |
|---|---|
| دەنێردرێن کە ئەوانیش داراییەکان بۆ خوێندنگاکان دەنێرن لەسەر بنەمای تۆمار کردن.<br>– ساڵانە (٤) دۆلار بۆ هەر منداڵێك لەوانەی لە پۆلەکانی یەك و دوو و سێدان و (٦) دۆلاریش بۆ هەر منداڵێك لەوانەی لە چوار پۆلەکانی دواترن.<br>– هەروەها وەزارەتیش ڕێنوێنی بۆ خوێندنگاکان دەردەکات بۆ تەرخان کردنی بەشە داراییەکان، بۆ نموونە، ٥٠٪ بۆ بابەتەکانی خوێندن، ٥٪ بۆ کارگێڕی، تا دوایی.<br>– کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا لەسەر ئاستی خوێندنگادا پارەکە بەڕێوە دەبات.<br>– ئەو بڕە داراییانەی لە نووسینگەی قەزا وەردەگیرێن بە شێوەیەکی ئاشکرا لە خوێندنگا خەرج دەکرێن.<br><br>**ئەنجامەکان:** لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییەوە، ستایشی بەرچاوی ئەزموونی ئۆغەندا کراوە. ناناوەندی کردن پێشکەوتنی ئەرێنی جۆراوجۆری هەبووە: ڕێژەی بەشداری زیاد کردووە، ئاستی ڕۆشنی و لێپرسینەوەی زیاد کردووە، تواناسازی باشتر کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، گواستنەوەکانی حکوومەتی ناوەند هێشتا ناتەواون و حکوومەتە خۆجێییەکانیش لە بودجەی نیشتمانیدا، نە بەشدارییان پێ دەکرێت و نە ڕاوێژیان پێ دەکرێت.<br><br>**وانەکان بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان:** وانەی سەرەکی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەزموونی ئۆغەنداوە بریتیە لە بەشداری پێکردنی بەڕێوەبردنی خوێندنگا و حکوومەتە خۆجێییەکان لە پرۆسەی دیار کردنی بودجەی نیشتمانی بۆ پەروەردە. ئەو هاوکێشەیەی بەرنامەی بەخشینی بەرەی ئۆغەندا گەلاڵەی کردووە دەتوانێت ڕێنوێنی دابین بکات بۆ نەخشەسازیی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا. | |

سەرچاوە: جیۆپۆلیسیتی، سەرچاوە جۆراوجۆرەکان

## ٧- بەرەو پێشەوە – نەخشەسازیی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان

٧-١- ئەم راپۆرتە باسی شێوازی ئێستای دارایی کردنی خوێندنگاکان و کەموکورتییە جۆراوجۆرەکانی دەکات لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا. ئەم کەموکورتییانە بە باشی لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی راوێژکاریی وەزاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زانراون و پێویستە تاقیکردنەوەی شێوازی کەمتر بەش بەش کراو لەسەر بنەمای بەخشینەکان دەست پێ بکات. وەك لە سەرەوە تاوتوێ کراوە، ناناوەندی کردنی دارایی خوێندنگا توانای ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی بەرچاو ئاستی چۆنایەتیی خوێندن و ئەنجامەکانی دابین کردنی خزمەتگوزاریی پەروەردە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان زیاد بکات بەوەی کە خوێندنگاکان بخاتە ژێر چاودێریی راستەوخۆی (أ) باشتر کردنی پرۆسەکانی فێرکردن و فێربوون (ب) دڵنیابوون لە بەردەستبوونی ژێرخانی سەرمایەی گرنگ. جگە لەوەش، بە لەبەرچاوگرتنی رادەی سەربەخۆیی بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاستێکی دیارکراوی ناناوەندی یارمەتی خوێندنگاکان دەدات لە بەرێوەبردنی کارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ئاسان و گونجاو. لە هەمان کاتدا، بنەمایەك دابین دەکات کە بە خێرایی پێوەرەکانی خوێندنگای دۆستی منداڵی لەسەر دەستەبەر دەبێت پێش ئەوەی بە تەواوی بکەوێتە ناو کاری رۆژانە.

٧-٢- لە دارشتنی رێگەی بەرەو پێشەوە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی بەرنامەی ئەزموونی پێشنیاز کراودا، دەتوانرێت نەخشەسازیی بەخشینەکانی بەرە لە سەرەتادا لەسەر هاوکێشەیەکی سادە دابنرێت و بە تێپەڕینی کات دەتوانرێت بنەمای دانانی قەبارەی بەخشینەکان لەگەڵ ئەو داتایانە یەك بخرێت کە لە سیستەمی زانیاریی بەرێوەبردنی پەروەردە دێنە ئارا. ئەمەش، بەکارهێنانی بەخشینەکانی بەرە دەگرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو خوێندنگایانەی کە دەکەونە پلەی خوارەوەی پێوەرەکانی خوارەوە بەرز بکرێنەوە بۆ سەرەوە و ئەو خوێندنگایانەی ئاستی بەجێهێنانیان بەرزە وەك نموونە و پاڵەوانی باشتر کردنی ئاستی پێشکەش کردن پیشان بدرێن. پێویستە حکوومەت (وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان) بریار بدەن لەسەر:

(أ) تاقیکردنەوەی بەخشینەکانی بەرە لەسەر بنەمای کەمترین هاوکێشە.

(ب) باشتر کردنی رێنوێنیی بەرێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا کە ئەوە دادەرێژێت چۆن بەخشینەکانی بەرە دابین دەکرێن و بەرێوە دەبرێن و راپۆرت دەکرێن.

(ت) دارشتنی خەملاندنی تواناسازیی بنچینەیی (خشتەی تواناسازی) بۆ هەموو خوێندنگایەك بۆ پشتیوانی کردن لە باشتر کردنی رێکارەکانی تەرخان کردنی بەشەکانی بودجە و دەستەبەر کردنی لێدوانە حیسابییەکانی خەرجی، پشتیوانی کردنی ئەمە لەگەڵ تواناسازی لە قۆناخی یەکەمدا.

(پ) دەستنیشان کردنی خوێندنگا ئەزموونییەکان کە دەتوانرێت ببنە نموونە بۆ خوێندنگا هەژارتر و دەوڵەمەندترەکان.

٧-٣- راپۆرتی چوارچێوەی خەرجییەکان کە لەسەر شیکردنەوەکانی ئێستا دادەنرێن، هاوکێشەیەك دادەرێژێت بۆ نەخشەسازیی بەخشینەکانی بەرە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حیسابەکان بۆ ئەنجامە داراییە شاراوەکانی ئەم رێبازە.

# چوارچێوەی خەرجییەکان بۆ بەخشینەکانی بەرە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان

ڕەشنووسی گفتوگۆ

ئایاری ٢٠١٤

کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاریی پەروەردەی کوردستان
حکوومەتی هەرێمی کوردستان

پەڕەی ٣ی ٦ بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی یونیسێف ئامادە کراوە لەلایەن: جیۆپۆلیسیتی

## ناوەڕۆک

١– پێشەکی ........ ٢
٢– خەرجییەکانی ئێستای حکومەت لە پەروەردە ........ ٣
٣– نەخشەسازیی بەخشینەکانی بەرە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان – پرسەکان بۆ لێکۆڵینەوە ........ ٦
٤– قەبارەی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا و ئەنجامە داراییەکان ........ ٩
٥– هەنگاوی داهاتوو – تاقیکردنەوەی قۆناخی بەخشینەکانی بەرە ........ ١٠

## شێوەکان

شێوەی ١: تەرخان کردنی بەشە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق (٢٠١٣) ........ ٣

## خشتەکان

خشتەی ١: هەڵەوەشاندنەوەی بەشە تەرخان کراوەکانی کەرتی پەروەردە لە هەولێر (٢٠١٣) ........ ٤
خشتەی ٢: کەلێنەکانی سیستەمی پەروەردە لە کوردستان ........ ٤
خشتەی ٣: بەشی خەرجییە ناکرێییە (Non-Wage) دووبارەبووەوەکان ........ ٥
خشتەی ٤: لیستی چالاکییە شیاوەکان بۆ ئەوەی بخرێنە ناو بەخشینەکانی بەرە ........ ٧
خشتەی ٥: داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر خوێندنگا و خوێندکاران (٢٠١١–١٢) ........ ٩
خشتەی ٦: قەبارەی بنچینەیی بەخشینی بەرە بۆ بەها جیاجیاکان بەپێی خوێندکار ........ ٩
خشتەی ٧: بەهاکانی بەخشینی بەرە لە سەرتاسەری پارێزگاکان ........ ٩

## ١- پێشەکی

١-١- شێوازی بەڕێوەبردنی خەرجییەکان یەکێکە لە گرنگترین ڕواڵەتەکانی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا. بۆیە، ئەم پەڕەیە پێشنیازی چۆنیەتیی پێشکەش کردنی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا دەکات کە دەکرێت لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بچەسپێن شان بە شانی ئەنجامە داراییەکان. ئەم پەڕەیە بریتیە لە پەڕەکانی ٣ بۆ ٦، کە جەخت لەسەر ئەمانەی خوارەوە دەکات:

(أ) گەشەپێدانی ڕوانگەی حکوومەت بۆ ناناوەندی کردنی پەروەردە.

(ب) بەبەڵگەنامە کردنی ئامادەکارییەکانی ئێستای دارایی کردنی خوێندنگا (ئەم پەڕە)یە.

(ت) هەڵسەنگاندنی ئامادەکارییەکانی بەڕێوەبردنی خەرجییەکانی خوێندنگا.

(پ) پێداچوونەوەی ئەرکە فەرمانبەرییە نیمچە نیشتمانییەکان.

(ج) گەشەپێدانی ڕێنوێنییەکان بۆ جێبەجێ کردنی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.

(ح) گەشەپێدانی پلانی بەڕێوەبردنی گۆڕین بۆ قۆناخی ئەزموونی.

١-٢- بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەی دارایی کردنی خوێندنگا، ئەم ڕاپۆرتە شێوازێك دابین دەکات بۆ نەخشەسازیی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای بەشە تەرخان کراوەکانی ئێستا و پلان بۆدانراوی خەرجییەکان بۆ پەروەردە. وەك ئەوەی لە لێکۆڵینەوەی دارایی کردنی خوێندنگا دارێژراوە، سیستەمی ئێستای دارایی کردنی خوێندنگا لە ڕێگەی فرە کەناڵەکانەوە دەبێتە هۆی دواکەوتن و بەش بەش کردنی سەرچاوەکان و لاوازیی هەماهەنگی و ناتەواویی بەشە تەرخان کراوەکانی سەرچاوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئاستەنگ و دواکەوتنەکان، خوێندنگاکان هەتا لە سەرچاوە بنچینەییەکانیش بێ بەش دەبن و ئاستی چۆنایەتیی خوێندن و دەرەنجامەکان خراپ دەبن. ئەمەش دەبێتە هۆی نەبوونی ڕێزبەندیی خەرجییە بچووکە پێویستەکان و پرۆسەی دارایی کردنێك کە ڕەنگدانەوەی پێداویستی و ڕێزبەندییەکانی خوێندنگا نابێت.

١-٣- نزیکەی ١٦-١٧٪ ی تێکڕای بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەرتی پەروەردەی گشتی تەرخان دەکرێت، لەوانەش خوێندنی باڵا، خوێندنگا سەرەتایی و دواناوەندییەکان نیوەی ئەم بەشە تەرخان کراوە وەردەگرن (نزیکەی ٧,٨٪ی بودجەی گشتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان). زیاتر لە ٩٠٪ی بودجەی پەروەردە بۆ خەرجییە دووبارەبووەکان تەرخان دەکرێت، کە زۆربەی ئەم بەشە بۆ کرێ و مووچەکانە. ئەمەش دەبێتە هۆی بڕینی داراییەکانی خەرجییە ناکرێییە دووبارەبووەکان و خەرجییەکانی وەبەرهێنانی سەرمایە، کە کار دەکاتە سەر ئەنجامەکانی بەجێهێنانی خوێندنگا. هەرچەندە ڕێژەی تۆمار کردنی چوونە خوێندنگا لە هەرێمی کوردستان زیاترە لە عێراق و لەو ساڵانەی دواییدا زیادی کردووە، بەڵام لە نێوان خوێندنگاکانی ناوچە شاری و گوندییەکان ڕێژەکان بە شێوەیەکی زۆر جیاوازییان هەیە.

١-٤- ڕێبازی ئێستای دارایی کردنی خوێندنگا هۆی سەرەکییە لە پشت لێنەهاتوویی ئێستا و بەجێهێنانی نموونەیی و سەرکەوتوو لە خوێندنگاکان. ئێستا خوێندنگاکان بەپێی داواکاری، بڕە پارەی پێویست بۆ خەرجییەکانیان وەردەگرن. داواکارییەکان لەلایەن خوێندنگاکانەوە ئاراستەی نووسینگەی قەزاکان دەکرێن و ئەوانیش هەوڵی وەرگرتنی ڕەزامەندیی لایەنە پەیوەندارەکانی حکوومەت دەدەن لە وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان و گەشەپێدان. ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی لێنەهاتوویی و لەدەستدانی سەرچاوەکانی خوێندنگا (لە ڕووی کات و داراییەوە)، پێدانی ڕێزبەندیی یەکەم بە خەرجییەکانی پەیوەست بە مووچەکان، بەکارنەهێنانی داراییەکان بۆ هیتر، نادادپەروەری، هێڵەکانی خەرج کردن، وەکو وەبەرهێنانەکانی سەرمایە و کارپێکردن و بەڕێوەبردن. دابین کردنی داراییەکانی خوێندنگا لە شێوەی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا توانای هەیە بۆ باشتر کردنی بەکارهێنانی داراییەکان و بەرز کردنەوەی ئاستی بەجێهێنان، وەك ئەوەی لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە دەرکەوتووە کە لە **لێکۆڵینەوەی دارایی کردنی خوێندنگا** باس کراوە.


١-٥- بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا یەکێکە لە بەربلاوترین شێوازە گەلاڵە کراوەکانی دابین کردنی بەخشینی ناناوەندی کراو لە ولاتە پێشکەوتوو و تازە پێشکەوتووەکاندا. ئەم شێوازە جێگرەوەیەکی کاراتر و بەتواناتر دابین دەکات بۆ چوارچێوەی ئێستای دارایی کردنی خوێندنگاکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆکە لەگەڵ سیستەمی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.

١-٦- ئەم ڕاپۆرتە ڕەچاوکردنەکانی نەخشەسازی تاوتوێ دەکات بۆ ئامادە کردنی شێوازێکی بەخشینی بەرە بۆ خوێندنگاکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا. ڕاپۆرتەکە خەملاندنێك دەکات بۆ سندووقی بەخشینی بەرەی بەردەست و دابین کردنی خەملاندنەکان بۆ بەهاکانی بەخشینی بەرە لەسەر ئاستی خوێندنگا و حکوومەت لەسەر بنەمای بەهای جیاجیا بەپێی بەشە خەرجیی هەر خوێندکارێك. ڕاپۆرتەکە ڕێنوێنیش دابین دەکات بۆ قۆناخی یەکەمی تاقیکردنەوەی بەخشینی بەرە، بە ڕەچاوکردنە کارگێڕییەکانیشەوە.

## ٢- خەرجییەکانی ئێستای حکوومەت لەسەر پەروەردە

٢-١- دارایی کردنی خوێندنگا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر ناوەندییە و پشت بە قەبارەی بودجەی گشتی دەبەستێت کە ساڵانە لەسەر ئاستی حکوومەتی ناوەندەوە دادەنرێت. بەپێی دەستوور، حکوومەتی هەرێمی کوردستان مافی ١٧٪ی بودجەی تێکڕایی عێراقی هەیە. بەشە تەرخان کراوی ڕاستەقینە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر دەگۆڕێت بەپێی قەبارەی بودجەی عێراق و هۆکارە ئابووری و سیاسییەکانی تر. لە ساڵی ٢٠١٣دا، بەشە بودجەی تەرخان کراو بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ١٤,٤ تریلیۆن دیناری عێراقی بوو (بڕوانە خشتەی خوارەوە). دواکەوتنەکانی پەیوەست بە دانان و تەرخان کردنی بەشە بودجە کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی بودجەدانان دەبێت لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەنجامەکان بۆ سەر دارایی کردنی کەرتی پەروەردە.

خشتەی ١: بەشە بودجەی تەرخان کراوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق (٢٠١٣)




Source: Iraq Budget 2013-A Background Paper , JAPU 2013

٢-٢- لە نێوان ٢٠٠٥ و ٢٠٠٨دا، بەشە بودجەی تەرخان کراوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەرتی پەروەردە بە ڕێژەی ٦٣٥٪ زیادی کرد، لە ١٤٨,٦١٠ ملیۆن دیناری عێراقییەوە (٧,٨١٪ی بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان) بۆ ١,٠٩٢,٢٦٥ ملیۆن دیناری عێراقی (١٧,٧٥٪ی بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان) بە دوای یەکدا و ئەوەش ١٦-١٧٪ی بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لەو ساڵانەی دواییدا پێکهێناوە. لە ساڵی ٢٠١٣دا، وا خەملێنراوە کە ١٦٪ی بودجە بۆ کەرتی

پەروەردە تەرخان كراوە (خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی و باڵا و زانكۆ) كە نیوەی ئەم بەشە بودجەیە (٧–٨٪) بۆ خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی تەرخان كراوە.

٢–٣– نزیكەی ٩٧٪ی خەرجییەكانی كەرتی پەروەردە بۆ خەرجییە دووبارەبووەوەكان دەڕوات و كەمتر لە ٣٪ی بۆ خەرجییەكانی وەبەرهێنان دەڕوات. ئەم خشتەیەی خوارەوە دابەش كردنی بەشە بودجەی تەرخان كراو بۆ كەرتی پەروەردە لە هەولێر دەردەخات و خەرجییەكانی پەروەردە لە پارێزگاكانی دیكەی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەنوێنێت. قەرەبوو (مووچە و كرێكان، خانەنشینی بۆ كارمەندانی خانەنشین، كرێی شوێنەكان، قەرەبووی مەترسییەكان، سەرمووچەی هاوسەرگیری / منداڵ) گەورەترین بەشی بودجە پێكدێنێت (نزیكەی ٩١٪)ی خەرجییە دووبارەبووەوەكان، بەرامبەر بەوە بەشێكی یەكجار كەم بۆ خەرجییە ناكرێییەكان دەڕوات: (أ) ٥٪ بۆ ئامێر و كەلوپەل، چاكردنەوە و خزمەتگوزارییەكان (كڕینی ئامێر و كەلوپەل، پەڕاوگە، چاپەمەنی، كتێب، بڵاوكراوەی وەرزی، فیلم، كرێی كارەبا و ئاو، سووتەمەنی، تێچوونەكانی ئاو و ئاوەڕۆ، جل و بەرگ، خۆراك، پێداویستییەكانی تاقیگە و وەرزش، كۆمپیوتەر، تێچوونەكانی كتێبخانە، تێچوونەكانی گواستنەوە، تێچوونەكانی بڵاوكردنەوە و ڕاگەیاندن، بەكرێ گرتن و چاكردنەوەی باڵەخانە و ئامێر، تێچوونەكانی نەخۆشخانە و كۆبوونەوەكان، تێچوونەكانی پەیوەندی تەكنەلۆژیا، كرێی ڕاوێژكاری، تێچوونەكانی بەستنی كۆڕ و كۆنفرانس)، (ب) ٠,٠٧٪ بۆ سوودە كۆمەڵایەتییەكان (بەخشینەكان بۆ كاروبارە كۆمەڵایەتییەكان و خێزانە كۆچبەرەكان)، (ت) ٠,٤٥٪ بۆ شتەكانی تر (پاڵنەرەكان بۆ كارمەندان جگە لە دەستەی مامۆستایان، چالاكییە وەرزشییەكان، بەخشینی خوێندن كە بۆ خوێندكاران دابین دەكرێت)، (پ) ٢,٥٪ بۆ كڕینی موڵك و سامانە نادارایییەكان (باڵەخانە و بنیاتنان، خانوو، باڵەخانە نانیشتەجێییەكان، ئۆتۆمبێل، كەلوپەلی دانیشتن، ئامێری فۆتۆكۆپی، كۆمپیوتەر، ئامێر و مۆسیقا، هەر ئامێر و ئامرازێكی تر كە لە بنچینەدا دەكەونە ناو خەرجییەكانی وەبەرهێنان).

| خشتەی ١: دابەش كردنی بەشە بودجەی تەرخان كراوی كەرتی پەروەردە لە هەولێر (٢٠١٣) | | | |
|---|---|---|---|
| خەرجییەكان | كۆمەڵە | ملیۆن دیناری عێراقی | ٪ی تێكڕای خەرجییەكان |
| خەرجییە دووبارەبووەوەكان | قەرەبوو | 549,883 | 91.96 |
| | ئامێرەكان و چاكردنەوە و خزمەتگوزارییەكان | 30,018 | 5.02 |
| | سوودە كۆمەڵایەتییەكان | 14,950 | 2.50 |
| | هیتر | 398 | 0.07 |
| خەرجییەكانی وەبەرهێنان | سامانە نادارایییەكان | 2,696 | 0.45 |
| | سەرجەم | 587 | |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتیی دارایی، وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان

٢–٤– لێهاتوویی و كاریگەریی سیستەمی پەروەردە بەندە بە ڕەخساندنی ژینگەیەكی لەباری فێربوون كە هەبوونی ژێرخانی خوێندنگا دەگرێتەوە، وەكو باڵەخانە و شوێنە پێویستەكان و مێز و كورسی و كۆمپیوتەر و هۆیەكانی دیكەی خوێندن. كەمیی خەرجییەكانی وەبەرهێنان و خەرجییە ناكرێییە دووبارەبووەوەكان بە شێوەیەكی نەرێنی كار دەكەنە سەر ژینگەی فێربوون لە خوێندنگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان. خشتەی ژمارە ٢، هەندێ لە كەلێنەكانی نێو سیستەمی پەروەردەیی لە هەرێمی كوردستان دەخاتە ڕوو كە پێویستە لە ساڵانی داهاتوودا چارەسەر بكرێن.

| خشتەی ٢: کەلێنەکانی سیستەمی پەروەردە لە کوردستان | |
|---|---|
| ژمارە | وردەکاری |
| 1 | پێویستە ٣٢٥٣ باڵەخانەی نوێی خوێندنگا دروست بکرێن لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا (بە گشتی بۆ هەر خوێندنگایەك ١٢ پۆل). |
| 2 | پێویستە ١٣٢٣ باڵەخانەی خوێندنگا نۆژەن بکرێنەوە لە هەمان ماوەدا. |
| 3 | پێویستە ژمارەی خوێندنگا زۆر قەرەباڵغەکان و چەند دەوامییەکان کەم بکرێتەوە. |
| 4 | ٧٥٪ی مامۆستایانی خوێندنی بنەڕەتی کارامەیە سەرەکییەکانیان نییە و پاشخانێکی لاوازی ئەکادیمییان هەیە و پاڵنەریان نییە (مووچەی تێکرایی بۆ هەر مانگێك ١٥٠ دۆلاری ئەمەریکییە). |
| 5 | پێویستە کتێبە فرە دیالێکتەکانی خوێندن یەك بخرێن و کتێبی چالاکییەکانی ماڵەوەش بەردەست بکرێن. |
| 6 | پێویستە کاتی وانەوتنەوە بە ڕێژەی ٣٠٪ زیاد بکرێت. |
| 7 | چارەسەر کردنی کەلێنەکانی بودجە، پێویستە داواکاری پێشکەش بکرێت بۆ زیاد کردنی بودجە لەو بڕەی ئێستا کە دەگاتە ١٢٤ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی (٧,٨ی بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان). |

سەرچاوە: "بنیاتنانی هەرێمی کوردستانی عێراق" – وەزارەتی پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان / UNDP، ٢٠١٢

٢-٥- توانای سنووورداری باڵەخانەکانی پەروەردە و نەبوونیی توانای دابین کردنی ژینگەی پەروەردەیی لەبار یەکێکن لە هۆکارە سەرەکییەکانی وازهێنانی خوێندنکاران لە خوێندن. سەرەڕای هەوڵەکان بۆ دروست کردن و نۆژەن کردنەوەی باڵەخانەی خوێندنگاکان، ژمارەیەك هۆکار هەن – گەشە کردنی خێرای خواست لەسەر خوێندن، زیادبوونی ڕێژەی تۆمار کردنی چوونە خوێندنگا، گەشە کردنی تەمەنی چوونە خوێندنگا، بڵاوبوونەوەی خوێندن لە ناوچە جیاجیاکانی شاری و گوندییەکان، کەمبوونەوەی ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن، کەمیی باڵەخانەی خوێندنگای گشتی – کە دەبنە هۆی بەردەوام فراوانبوونی کەلێنی ژێرخانی خوێندنگا کە پێویست بە خەرجیی زیاتری وەبەرهێنان دەکات.

٢-٦- وێڕای ئەوەش، پێویستە خەرجییە ناکرێییەکان بەپەلە زیاد بکرێن کە ئێستا دەگاتە کەمتر لە ١٠٪ی خەرجییە دووبارەبووەوەکان. ئەم بەشەی خەرجییە دووبارەبووەوەکان زۆر کەمە لەچاو زۆربەی وڵاتانی دیکە. لە ڕاستیدا، لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بەشی خەرجییە ناکرێییە دووبارەبووەوەکان لە بودجەی گشتیدا لە نێوان ١٨–٢٠٪ە، وەك ئەوەی لە **خشتەی ژمارە ٣** پیشان دراوە.

زیاد کردنی بەشی خەرجییە ناکرێییە دووبارەبووەوەکان هەنگاوێکی گرنگە بەرەو مسۆگەر کردنی بەردەوامیی ماوەدرێژی وەبەرهێنانەکانی سەرمایە، بۆیە، ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەباری خوێندنگا پێویستە کە بتوانێت ئەنجامی پەروەردەیی گەورە بەدی بێنێت.

| خشتەی ٣: بەشی خەرجییە ناکرێییە دووبارەبووەوەکان لە خەرجییەکانی تێکرای پەروەردەی کەرتی گشتی | |
|---|---|
| وڵات | بەش (٪) |
| نەمسا | 26.3 |
| ئازربایجان | 34.6 |
| بەرازیل | 24.3 |
| بۆروندی | 20.5 |
| کەنەدا | 24.1 |
| یابان | 21 |
| ئەندەنوسیا | 26.8 |
| لاوس | 23 |

| | |
|---|---|
| پاکستان | 14.8 |
| سری لانکا | 9.8 |
| نەمسا | 17.7 |
| غانا | 18.9 |

سەرچاوە: یونیسێف

٢-٧- ئێستا خوێندنگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی سێ کەناڵەوە دارایی دەکرێن بۆ دابین کردنی: (أ) کرێ و مووچەکان (ب) خەرجییەکانی کارپێکردن و بەڕێوەبردن (ت) خەرجییەکانی سەرمایە، جگە لەوانەش، داهاتی خوێندنگاکان خۆیان. هەرچەندە بەشە دارایی تەرخان کراوی ئێستای پەروەردە بۆ خوێندنگاکان بەپێی پێداویستییەکانی خوێندنگاکانە، بەڵام پەسەند کردنی داراییەکان کارێکی گرانە کە کات و هەوڵی زۆری دەوێت. داواکاری بۆ بچووکترین بڕە خەرجی پێویستە خوێندنگا ڕادەستی نووسینگەی قەزای بکات و ئەویش ئاراستەی ئاستە باڵاکانی وەزارەتی پەروەردە و دارایی و پلاندانانی بکات بۆ ڕواندن و پەسەند کردن. ئەم سیستەمە دەبێتە هۆی دواکەوتن و بەش بەش کردنی سەرچاوەکان و لاوازیی هەماهەنگی و ناڕێکیی تەرخان کردنی بەشەکانی سەرچاوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئاستەنگ و دواکەوتنەکان، خوێندنگاکان زۆر جار داواکاری بۆ کرێ و مووچەکان بەرز دەکەنەوە و خەرجییەکانی تریش دەخەنە دواوە. ئەمەش دەبێتە هۆی نەبوونیی ڕێژبەندی بۆ خەرجییە بچووکە پێویستەکان و پرۆسەی دارایی کردن بە جۆرێك کە بەپێی پێداویستی و ڕێژبەندییەکانی خوێندنگاکان نەبێت. ئەمەش ڕەنگە هۆیەك بێت بۆ نزمیی ئاستی خەرجییە ناکرێییە دووبارەبووەوەکان.

٢-٨- ڕەوشی ئێستا، ڕێبازی ناناوەندیی زیاتری دارایی کردنی خوێندنگاکان دەخوازێت کە بەپێی پێداویستییەکانی خوێندنگاوە بێت و بتوانێت ئەنجامی پەروەردەیی گەورەتر بەدی بێنێت. بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا ڕێبازێکی جێگرەوە دابین دەکات کە لەسەر باشترین ئەزموون و پیادەکردنە نێودەوڵەتییەکان دابنرێت و شێوازی خەرج کردن و سوودوەرگرتن لە داراییەکانی کەرتی پەروەردە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان باشتر بکات.

## ٣- نەخشەسازیی بەخشینەکانی بەرە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان – پرسەکان بۆ لەبەرچاوگرتن

٣-١- کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاریی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرکردایەتیی بەڕێز وەزیر، ڕەزامەند بووە لەسەر تاقیکردنەوەی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا وەك بەشێك لە بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا. ئەگەر بەخشینەکانی بەرە بەشێك نەبن لە بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا، ئەوا دەستکەوتی گەورە لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی پەروەردە و ئاستی بەرزی چۆنایەتی بەدی نایەن.

٣-٢- **ئامانجی بەخشینی بەرە:** پێشکەش کردنی دارایی پەروەردەیی بەخشینی بەرە بۆ پشتیوانی کردنی سیستەمی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگایە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان. مەبەست لە پرۆژەی ئەزموونیی پلان بۆدانراوی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا، زیاد کردنی لێهاتوویی و کاریگەریی بڕیاردانە لەسەر ئاستی خوێندنگا، بەهۆی بواردان بە بەڕێوەبەران و مامۆستایان و دایك و باوکان لە دەرکردنی بڕیارەکانی بەڕێوەبردن بۆ باشتر کردنی ئاستی چۆنایەتیی پەروەردە و گەیشتن بە خوێندن. ئەگەرچی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بەشداری دەکات لە ناناوەندی کردن لەسەر ئاستە جۆراوجۆرەکان، ناناوەندیی کردنی دارایی تەوەرێکە کە بەرنامەکە لە دەوری دەسووڕێتەوە بەوەی دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە هەموو ڕووەکانی بەڕێوەبردنی خوێندنگاوە دابین دەکات. بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن حکوومەتەکانی سەرانسەری جیهان کاری پێکراوە.

٣-٣- ڕادەی گواستنەوەی بڕیاردان بۆ خوێندنگاکان بەپێی وڵاتان دەگۆڕدرێت، بەڵام بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا زۆر جار بۆ ناناوەندی کردن گەڵاڵە دەکرێن. ئامانجی تایبەتی پێشکەش کردنی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەدیهێنانی تەرخان کردنی بەشێکی دادپەروەرانەتر و لێهاتووتری سەرچاوەکانی کەرتی پەروەردەیە و بەتایبەتیش: (أ) باشتر کردنی داراییە بۆ خەرجییە ناکرێییە دووبارەبووەوەکان و وەبەرهێنانە دیارکراوەکانی سەرمایە (ب) کۆنترۆڵ کردنی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگاکان لە پرۆسەکانی دانانی پلان و بودجەی خوێندنگاکان خۆیان (ت) بەهێز کردنی بەشداری و خاوەنداریی کۆمەڵگا و چاودێریی خۆجێییە لە بەڕێوەبردنی خوێندنگا. ئەمانە چوارچێوەی ڕوانگە و پابەندبوون دەردەخەن کە لە پەڕەی (١)دا ڕێکەوتنی لەسەر کراوە.

٣-٤- **لەبەرچاوگرتنەکانی نەخشەسازی:** بەخشینەکانی بەرە لە بنچینەدا گواستنەوەی داراییەکانە لە ئاستە باڵاکانی حکوومەت بۆ ئاستە نزمەکانی حکوومەت (بۆ حکوومەتە خۆجێییەکان، یان دەزگاکانی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی وەکو خوێندنگا گشتییەکان) بۆ سوودوەرگرتنی ئامانجە دیارکراوەکان. وشەی "بەرە" بەو واتایە دێت کە وەرگرەکان تا ڕادەیەکی دیارکراو ئازادییان هەیە لە چۆنیەتیی خەرج کردنی داراییەکان و لەم هەلومەرجەدا مەبەست لە بەخشین (یان دیارکردنی بڕگەکان کە لەوانەیە بەخشینەکانیان بۆ خەرج بکرێت) دەتوانرێت بە شێوەیەکی تایبەت دیار بکرێن، یان بە شێوەیەکی گشتیتر. بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا وەك لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە، ئەو بەخشینانەن کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بۆ خوێندنگاکان دابین دەکرێ بۆ ئەوەی هەندێ لە تێچوونەکان لەخۆوە بگرێت.

٣-٥- ئەزموونی نێودەوڵەتی چەندین نموونەی جۆراوجۆر دابین دەکەن لەسەر چۆنیەتیی نەخشەسازی بۆ ڕەنگدانەوەی ڕەوشە تایبەتەکانی وڵات. بڕیارە سەرەکییەکان کە پێویستە بۆ نەخشەسازیی بەخشینەکانی بەرە بدرێن، بریتین لە: سندووقی بەخشینەکان، یان بڕی گشتیی بەردەست بۆ بەخشین:

(أ) سوودمەندان، یان خوێندنگا وەرگرەکان، یان پارێزگاکان

(ب) پێوەرەکانی تەرخان کردنی بەشەکان کە چۆن بڕە گشتییەکە بەسەر خوێندنگا شیاوەکان دابەش دەکرێت

(ت) لیستی چالاکییە شیاوەکان بۆ ئەوەی لەژێر بەخشینەکان دارایی بکرێن کە بێ گومان کاریگەرییان هەیە لەسەر پێوەرەکانی تەرخان کردنی بەشەکان و بڕی گشتیی بەخشین لەسەر ئاستی وڵاتدا، بەڵام دەوەستێتە سەر بڕی بەردەست و ژمارەی خوێندنگا دەستنیشان کراوەکانیش.

٣-٦- لە ئامادەکاریی گواستنەوەی بەخشینی بەرەی فەرمیدا، پێویستە بڕیار بدرێت لەسەر **سندووقی بەخشین و دەستنیشان کردنی سوودمەندان و پێوەرەکانی بەشە تەرخان کراوەکان** لیستی چالاکییە شیاوەکان کە دەتوانرێت بە پارەی بەخشین جێبەجێ بکرێن. پرسە سەرەکییەکان و لەبەرچاوگرتنەکان لە خوارەوە پیشان دەدەین:

- **سندووقی بەخشین:** بەپێی دەستوور، حکوومەتی هەرێمی کوردستان مافی ١٧٪ی بودجەی تێکڕایی عێراقی هەیە. بەشە تەرخان کراوی ڕاستەقینە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر دەگۆڕێت بەپێی قەبارەی بودجەی عێراق و هۆکارە ئابووری و سیاسییەکانی تر. لە ساڵی ٢٠١٣دا، بەشە بودجەی تەرخان کراو بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ١٤,٤ تریلیۆن دیناری عێراقی بوو. نزیکەی ١٧٪ی ئەم بودجەیە، یان ٢,٤ تریلیۆن دیناری عێراقی (٢,٠٩ ملیار دۆلاری ئەمەریکی)، بۆ تەواوی کەرتی پەروەردە تەرخان کرا بوو. نزیکەی نیوەی ئەم بڕە پارەیە بۆ خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی ڕۆیشتووە (جگە لە خوێندنی باڵا)، لە ساڵی ٢٠١٣دا، دەبوایە بودجەی دارایی کردنی خوێندنگا، یان سندووقی بەخشین، نزیکەی ١,٠٤ تریلیۆن دیناری عێراقی بێت (٨٤٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی). بێ گومان ئەم تەرخان کردنە بەپێی ساڵ دەگۆڕدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، قەبارەی ئەزموونی زۆر لە خوار ئەم بڕە گشتییەیە.

- **دەستنیشان کردنی سوودمەندان:** هەرچەندە جیاوازی هەیە لە ئاستی بەجێهێنانی خوێندنگاکان و پارێزگاکان و ناوچە شاری و گوندییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، زۆر گرنگە سیستەمێکی دادپەروەرانە بۆ دابەش کردنی بەخشین دابنرێت کە سەرجەم خوێندنگاکان بگرێتە خۆ. دادپەروەری دەکرێت بە زیاد کردنی توخمەکان بۆ ئەو بەخشینە دابین بکرێت کە جیاوازییەکانی ئاستی بەجێهێنان دەردەخەن و پێداویستییە تایبەتەکانی سوودمەندان دەستەبەر دەکەن. وەك هەنگاوی یەکەم، پێداویستییەکانی بەخشین لەسەر بنەمای تاقیکردنەوە کۆبکرێنەوە بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەریی نەخشەسازی و پێشکەش کردنی بەخشین. لیستی ئەو خوێندنگایانەی دەستنیشان دەکرێن بۆ بەشداری کردن لە قۆناخی تاقیکردنەوەی سەرەتایی دابەش کردنی بەخشینی بەرە، بە ڕاوێژ کردن لەگەڵ بەرپرسە باڵا جۆراوجۆرەکانی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنگاکان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان دیار دەکرێن. دەتوانرێت هاوکێشەی بەخشین وا لێ بکرێت زیاتر وەڵامدەرەوەی پێداویستییە تایبەتەکانی خوێندنگا و ناوچەی خوێندنگا بێت، لەگەڵ جۆری کۆمەڵایەتی و کەمئەندامی و ئاوارەی ناوخۆ و هۆکارەکانی تر. ڕێبازێکی لەم جۆرە پێویستە بە (EMIS)ەوە ببەسترێتەوە.
- **پێوەرەکانی تەرخان کردن:** پێوەرەکانی تەرخان کردن هاوکێشەیەك دەستەبەر دەکات کە قەبارەی بەخشین لە بەرامبەری دەژمێردرێت. ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان دەری دەخەن کە: (أ) پێویستە بەخشینەکان سادە بن بۆ ژماردن و پەیڕەو کردنی پرۆسەیەکی ڕۆشنی ژماردن بۆ دڵنیابوون لەوەی سوودمەندان لە شێوازەکە دەگەن. (ب) پێویستە بەخشینەکان لەسەر بنەمای گۆڕاوەکانی خوێندنگا بخەملێنرێن کە بە ئاسانی دەستەبەر دەکرێن و ناوە ناوەش نوێ دەکرێنەوە. (ت) لە ڕووی کارگێڕییەوە، ئاسانترە کە بەخشینێکی بەرەی بنچینەیی دابین بکرێت بۆ بڕە پارەیەکی جێگیر (هەمان بڕە پارە) بۆ سەرجەم خوێندنگاکان لەگەڵ تەرخان کردنی بەشێکی دیکە لەسەر بنەمای ئاستی بەجێهێنانی خوێندنگا و هۆکارەکانی تری وەکو شوێن و جۆری کۆمەڵایەتی و ...هتد. باوترین هاوکێشەی بەخشین کە بەکاردێت بەپێی ژمارەی خوێندکار دەژمێردرێت و پاشان ئەم بەهایە جارانی ژمارەی خوێندکارانی خوێندنگا دەکرێت بۆ دیار کردنی قەبارەی بەخشین. شێوازی نموونەیی ژماردنی بەخشین لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ڕێژەکانی تۆمار کردنی خوێندکاران لە چوونە خوێندنگا دەبێت کە بە شێوەیەکی ئاسایی و ناوە ناوە نوێ دەکرێتەوە و دەرخەرێکی ئاسانیشە بۆ گەیشتن پێی. بۆ دوورکەوتنەوە لە دەستکاری کردنی داتای تۆمار کردنی خوێندکاران، وا باشە بەها جێگیرەکان دابین بکرێن بۆ سەرجەم ئەو خوێندنگایانەی بەشداری لە قۆناخی تاقیکردنەوە دەکەن. بەپێی ئەنجامی قۆناخی تاقیکردنەوە، هاوکێشەی بەخشین دەستکاری دەکرێت بۆ ژماردن بۆ دەرخستنی جیاوازییەکانی سەرجەم خوێندنگاکان و باشتر کردنی دادپەروەری.
- **لیستی چالاکییە شیاوەکان:** بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا بە شێوەیەکی نموونەیی خەرجییە دووبارەبووەوەکان دەگرێتەوە جگە لە کرێکان – زۆربەی بۆ کارپێکردن و چاکردنەوەیە – بە زۆری خەرجییەکانی وەبەرهێنانی سەرمایە ناگرێتەوە. لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن کە زۆربەی بەشدارییە سەرکەوتووەکان لە سیستەمی خەرجیی گشتیدا، سەرەتا ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە زۆر خەرج دەکرێن، وەکو خەرجییە دووبارەبووەوەکان، کە بەشدارییە وردتر و دروستترەکان و بەکارهێنانی لێهاتووانەتری سەرچاوەکان پشتڕاست دەکەنەوە. لەبەرئەوەی کرێکان گەورەترین توخمی تەرخان کردنە ڕاستەقینەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکدێنن، ئەم کەناڵەی دارایی کردن بە شێوەیەکی ڕێژەیی لێهاتووە و پێویستی بە دەستکاری کردن و گونجاندن نییە. دارایی کردنی وەبەرهێنانی سەرمایە بۆ خوێندنگاکان، هەرچەندە تا ڕادەیەك باشە، بوارێکە کە ناکرێت لە سەرەتاوە ناناوەندی بکرێت. بەڵام بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا کە خەرجییە دووبارەبووەوەکانی پەیوەست بە ناکرێییەکان دەکاتە ئامانج، بەرپرسیاریی بۆ دارایی کردنی ناکرێییەکان دەگۆڕێت بۆ خوێندنگاکان و بەوەش بوار بە سیستەمی ئێستای دارایی کردن دەدات جەخت بکاتە سەر دابین کردنی بەشە تەرخان کراوەکانی وەبەرهێنانی سەرمایە بە شێوەیەکی کاریگەرتر و بەتواناتر. بۆیە، بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، چاوەڕوان دەکرێت خەرجییە دووبارەبووەوەکان بگرێتەوە (وەکو خەرجییەکانی نووسینگە و کارگێڕی، باڵەخانە و زەوییەکان، لەکارکەوتن و کوژاندنەوە)، جگە لە کرێ و مووچەکان (بڕوانە خشتەی ژمارە ٥).

| خشتەی ٤: لیستی چالاكییە شیاوەكان كە دەكەونە ناو بەخشینی بەرە | |
|---|---|
| أ- خەرجییە ناكرێییە دووبارەبووەوەكان | |
| **وردەكاری و سەرە لاوەكییە لەخۆگرتووەكان** | **سەرە خەرجییەكان** |
| ئەو خەرجییانەی سروشتیی گشتییان هەیە:<br>١-١- ڕاهێنانی كارمەندان<br>١-٢- سەرمووچەی كارمەندان<br>١-٣- خەرجییەكانی كۆمپیوتەر<br>١-٤- خەرجییەكانی تەلەفۆن<br>١-٥- بابەت و پێداویستییەكانی فێركردن<br>١-٦- خەرجییەكانی كۆلیژ و بەشەكان<br>١-٧- خەرجییەكانی دیاری و دەرچوون<br>١-٨- چاپەمەنی و پێداویستییەكانی فەرمانگە<br>١-٩- خەرجییەكانی خواردنی كۆڕ و ڕووداوەكان<br>١-١٠- خەرجییەكانی تری پەیوەست بە وانەوتنەوە<br>١-١١- خەرجییەكانی وردبینی و ژمێریاری | أ-١- خەرجییەكانی نووسینگە و كارگێڕی |
| خەرجییەكانی پەیوەست بە كارپێكردن و چاكردنەوەی باڵەخانە و زەوییەكان<br>٢-١- باڵەخانە و ئامێر و چاكردنەوە<br>٢-٢- چاكردنەوەی زەویی خوێندنگا<br>٢-٣- دامەزراوەكان<br>٢-٤- كرێی باڵەخانەكان | أ-٢- باڵەخانە و زەوییەكان |
| ٣-١- كوژاندنەوەی سامانە بەكرێ گیراوەكان، وەكو سامانەكانی ژێر كرێ داراییەكان، ڕێكەوتننامەكانی كڕین و بەكرێ گرتن و زەوی و باڵەخانە بەكرێ گیراوەكان<br>٣-٢- هەموو لەكاركەوتنەكانی سمانە جێگیرەكانی خوێندنگا | أ-٣- لەكاركەوتن و كوژاندنەوە |

سەرچاوە: كۆكردنەوەی جۆراوجۆر

## ٤- قەبارەی بەخشینەكانی بەرەی خوێندنگا و ئەنجامە داراییەكان

٤-١- بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەكانی نەخشەسازی كە لە بەشی بەدواداچوون داڕێژراون، ئەم بەشە هەوڵ دەدات نەخشەسازیی قەبارەی بەخشینەكانی بەرە بۆ حكوومەتی هەرێمی كوردستان بكات. سیستەمی بەخشینەكانی بەرەی خوێندنگا وردە وردە لە سەرانسەری وڵات پەیڕەو دەكرێت بە دەست پێكردنی قۆناخی تاقیكردنەوە كە پێشبینی دەكرێت ژمارەیەك خوێندنگای سوودمەندی دەستنیشان كراو بگرێتەوە، كە بڕێكی بنچینەیی جێگیر وەردەگرن و لەسەر بنەمای ڕێژەی گشتیی تۆمار كردنی خوێندكاران لە وڵات دەژمێردرێن. هاوكێشەی ژماردنی ئەم بڕە بەخشینە بنچینەییە بریتیە لە:

**بەخشینی بەرەی بنچینەیی = ڕێژەی گشتیی تۆمار كردنی خوێندكاران لە خوێندنگاكانی حكوومەتی هەرێمی كوردستان * بەخشین بەپێی بەشی خوێندكار**

٤-٢- ئەم خشتەیەی خوارەوە، ژمارەی گشتیی خوێندنگا و خوێندكاران لە حكوومەتی هەرێمی كوردستان پیشان دەدات وەك ئەوەی لە ڕاپۆرتی ستراتیژیی حكوومەتی هەرێمی كوردستان داڕێژراوە و لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دەرچووە.

**خشتەی ٥: داتاكانی حكوومەتی هەرێمی كوردستان لەسەر خوێندنگا و خوێندكاران (٢٠١١-١٢)**

| پارێزگاکان | ژمارەی خوێندنگاکان | ژمارەی خوێندکاران | ڕێژەی خوێندکاران / خوێندنگا |
|---|---|---|---|
| تێکڕای هەرێمی کوردستان | 5,581 | 1,432,374 | 256 |

٤-٢- خەملاندن و لێکۆڵینەوەکانی ڕابردوو دەری دەخەن کە تێچوون بەپێی خوێندکار لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا (بە وەبەرهێنانی سەرمایە و دووبارەبووەوەکانیشەوە) لە نێوان ١٧٠–٢٥٠ دۆلاردایە. ٨٥–٩٠٪ی ئەم بڕەی خەرجییەکان بۆ کرێی کارمەندانی پەروەردە تەرخان دەکرێت، بەوەش خەرجییە ناکرێییەکان بۆ هەر خوێندکارێك دەگاتە ٢٠–٤٠ دۆلار. بە پشتبەستن بەم ژمارانە و گریمانە کردنی ئەوەی ژمارەی تێکڕایی خوێندکاران بۆ هەر خوێندنگایەك ٢٥٦ کەس بێت، **خشتەی ژمارە ٦**، قەبارەی بەخشینی بنچینەیی پیشان دەدات بۆ بەها جۆراوجۆرەکانی خەرجییەکانی بەشی هەر خوێندکارێك (٥ دۆلاری ئەمەریکی، ١٠ دۆلاری ئەمەریکی، ١٥ دۆلاری ئەمەریکی، ٢٠ دۆلاری ئەمەریکی، ٥٠ دۆلاری ئەمەریکی، ١٠٠ دۆلاری ئەمەریکی). هاوکێشەی ژماردنی بڕی بەخشینی بنچینەیی بریتیە لەوەی کە لەسەرەوە دانراوە.

| خشتەی ٦: قەبارەی بنچینەیی بەخشینی بەرە بۆ بەها جیاجیاکان بەپێی خوێندکار (دۆلاری ئەمەریکی) | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەهاکانی بەشخین بەپێی بەشی هەر خوێندکارێك | | | | | |
| | $5 | $10 | $15 | $20 | $50 | $100 |
| **تێکڕای قەبارەی بەخشینی بەرە** (ژمارەی تێکڕایی خوێندکاران بەپێی خوێندنگا * بەپێی قەبارەی بەخشینی بەش) | 1,280 | 2,560 | 3,840 | 5,120 | 12,800 | 25,600 |

٤-٣- بەپشتبەستن بەم بەهایانەی بەخشینی بەرە بەپێی بەشی خوێندکار، قەبارەی گشتیی بەخشینەکان کە بۆ خوێندنگا شارییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دابین کراوە، لە خشتەی خوارەوەدا ئەژمار دەکرێت:

| خشتەی ٧: بەهاکانی بەخشینی بەرە لە سەرتاسەری پارێزگاکان (دۆلاری ئەمەریکی) | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگاکان | بەهاکانی بەخشین بەپێی بەشی هەر خوێندکارێك | | | | | |
| | US$ 5 | US$ 10 | US$ 15 | US$ 20 | US$ 50 | US$ 100 |
| هەولێر | 9,500 | 19,000 | 28,500 | 38,000 | 95,000 | 190,000 |
| دهۆك | 7,280 | 14,560 | 21,840 | 29,120 | 72,800 | 145,600 |
| سلێمانی | 8,205 | 16,410 | 24,615 | 32,820 | 82,050 | 164,100 |
| گەرمیان | 1,470 | 2,940 | 4,410 | 5,880 | 14,700 | 29,400 |
| تێکڕا (دۆلاری ئەمەریکی) | 26,355 | 52,710 | 79,065 | 105,420 | 263,550 | 527,100 |

## ٥- هەنگاوی داهاتوو – قۆناخی تاقیکردنەوەی بەخشینەکانی بەرە

٥-١- بە پشتبەستن بە شیکردنەوەکانی سەرەوە، کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاریی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕاوێژ کردن لەگەڵ وەزیر پێویستە ڕێك بکەون لەسەر قەبارەی تەرخان کردن بەپێی بەشی خوێندکار، وەك بنچینەی دیار کردنی بەهای گشتیی بەخشینی بەرە لە هەر خوێندنگایەکی تاقیکردنەوەدا. لە ئەنجامدا، ژمارەکانی خوێندنکاران لە هەر خوێندنگایەکی تاقیکردنەوەدا پێویستە بەبەڵگەنامە بکرێن و ئینجا قەبارەی بەخشین دیار بکرێت. ڕێنوێنیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا (پەرەی ٥) دانراوە بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی بەخشینەکانی بەرە.

٥-٢- پێویستە بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا بە چەند قۆناخێك پێشکەش بکرێن کە بە قۆناخی تاقیکردنەوە دەست پێ دەکەن و پێشبینی دەکرێت وەك کۆمەڵەی لاوەکیی خوێندنگا سوودمەندەکان بگرێتەوە کە لە نێوان یونیسێف و وەزارەتی پەروەردە

ڕێکەوتنی لەسەر کراوە. خوێندنگاکان و بەهای بەخشین بەپێی بەشی خوێندکار بۆ پرۆسەی تاقیکردنەوە، بە ڕاوێژ کردن لەگەڵ لایەنە هاوبەشە جۆراوجۆرەکان — وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی دارایی، وەزارەتی پلاندانان و گەشەپێدان، بەڕێوەبەرانی خوێندنگاکان و ئەنجوومەنەکانی دایك و باوکان و مامۆستایان — دیار دەکرێت. بۆ سنووردار کردنی کەموکورتییەکان و سوودوەرنەگرتن و خراپ ڕاپۆرت کردن و یاری کردن بە داراییەکان، وا باشە ئەمانەی خوارەوە بکرێن:

-ساڵی دارایی بۆ دابین کردنی بەخشین هەمان ماوەی داراییە کە بۆ پرۆسەی بودجەی نیشتمانی دانراوە بۆ دوورکەوتنەوە لە جیاوازییەکان.
- خوێندنگاکان حیسابی بانکیی سەربەخۆ بکەنەوە بە ناوی خوێندنگا بۆ مامەڵە کردنی بەخشینەکانی بەرە بۆ دوورکەوتنەوە لە خراپ بەکارهێنان و خراپ ڕاپۆرت کردنی دارایی تەرخان کراوەکان بە بەکارهێنانی سیستەمی دوو واژۆیی.
- پرۆسەی کڕینی پەیوەست بە برگەکانی خەرجییەوە کە لە ڕێگەی بەرنامەی بەخشینی بەرەوە دارایی دەکرێن پابەند دەبێت بە ڕێسا و ڕێکارە ڕوونەکان و پشت دەبەستێت بە پلانی باشتر کردنی خوێندنگا.
- پرۆسەی توندی ڕاپۆرت کردن دادەنرێت بە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی خوێندنگاکان بۆ ئاستی قەزا لەسەر بەکارهێنانی داراییەکان و بە بەشداریی دایك و باوکان و ڕۆشنیی لە تەرخان کردن و کڕین.
- داراییە بەکارنەهێنراوەکان دەخرێنە ناو ساڵی دارایی داهاتوو بە کەم کردنەوەی قەبارەی بەخشینەکانی دواتر بۆ ئەوەی بڕی دانراوی گشتی دیار بکرێت.
- زانیارییەکان لەسەر تەرخان کردن و بەکارهێنانی داراییەکانی بەخشینی بەرە لە هەموو خوێندنگایەکی سوودمەند بە ئاشکرا دەبێت بە شێوەیەك کە دایك و باوکان و ئەندامانی تری کۆمەڵگەی خوێندنگا دەستیان بگاتێ.

# دەسەڵاتە فەرمانبەرییەکانی پارێزگاکان
# بۆ کەرتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان

**ڕەشنووسی گفتوگۆ**

**ئایاری ٢٠١٤**

**کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاریی پەروەردەی کوردستان**
**حکوومەتی هەرێمی کوردستان**

**پەڕی ٤ی ٦ بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی یونیسێف ئامادە کراوە لەلایەن: جیۆپۆلیسیتی**

## ناوەڕۆک

١- پێشەکی ........ ٢
٢- دەرخستنی کێشە ........ ٣
٣- دیار کردنی ئەرکە فەرمانبەرییەکانی ئێستا ........ ٤
٤- بیانووەکان بۆ دانانی ڕۆڵ و بەرپرسیارییە نوێیەکان ........ ٦
٥- دیار کردنی ئەرکە فەرمانبەرییە پێشنیاز کراوەکان ........ ٧
٦- پرۆسەی پێشنیاز کراو بۆ گەڵاڵە کردن ........ ١٠

## خشتەکان

خشتەی ١: ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکانی کەرتی پەروەردەی گشتی ........ ٤
خشتەی ٢: ڕۆڵ و بەرپرسیارییە پەروەردەییە فەرمییەکانی ئێستای پارێزگاکان ........ ٥
خشتەی ٣: ڕۆڵ و بەرپرسیارییە پەروەردەییە پێشنیاز کراوەکانی پارێزگاکان ........ ٧

## ١- پێشەكی

١-١- تا تێپەڕینی دەستووری فیدرالیی عێراق لە ڕۆژی ١٥ تشرینی یەكەمی ٢٠٠٥، عێراق سیستەمی یەك پارچەیی لە فەرمانڕەوایی بەكار دەهێنا. لەژێر فەرمانڕەوایی یەك پارچەییدا، هەموو ئەركەكان لەلایەن حكومەتی ناوەندییەوە دەردەچوون لە ڕێگەی فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكان لەسەر ئاستی پارێزگا و قەزاكاندا.

١-٢- ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە چوارچێوەی بڕگەكانی ماددەی (٦١/یەكەم)ی دەستووردا، لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/١٩دا، یاسای دەسەلاتەكانی پارێزگاكان (یاسای ژمارە ٢١)ی تێپەڕاند بۆ دامەزراندنی چوارچێوەیەكی یاسایی بۆ حكومەتە نیمچە نیشتمانییەكان، كە تیایدا پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەكانی داڕشتبوو. یاسای ژمارە ٢١ چوارچێوەیەكی یاسایی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەكانی ساڵی ٢٠٠٩، دانا بوو "ئەو پارێزگایانەی لەناو هەرێمدا نین"، واتە یاساكە هەرێمی كوردستانی بەدەر كردووە و تەنیا بۆ ١٥ پارێزگاكەی تری عێراق كاری پێ دەكرێت.

١-٣- بەپێی یاسای ژمارە ٢١، ئەنجوومەنی پارێزگا بەرزترین دەسەلاتی یاسادانان و چاودێرییە كە لە چوارچێوەی سنوورە كارگێڕییەكانی پارێزگادا كار دەكات. ئەنجوومەنی پارێزگا مافی دەركردنی یاسای خۆجێیی هەیە لە چوارچێوەی سنوورەكانی پارێزگادا بە شێوەیەك كە دەتوانێت كاروبارەكانی خۆی بەڕێوە ببات بەگوێرەی بنەمای بەڕێوەبردنی ناناوەندی (لامەركەزی) و بە شێوەیەك كە لەگەڵ دەستوور، یان یاسا هەرێمییەكان دژ نەبێت. بۆیە، ئەنجوومەنی پارێزگاكان دەتوانن سیاسەتە گشتییەكانی پارێزگا دابڕێژن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەكانی بواری گەشەپێدانی پلانەكانی پارێزگا. ئەمە هەماهەنگیی نزیك و پتەو لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ كەرتی پەروەردە دەگرێتەوە.

١-٤- لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە، هەر یاسایەكی تایبەت بە بودجە لەلایەن پەرلەمانی كوردستانی عێراق تێپەڕاندرا بێت، بەشە بودجەی پارێزگاكانی داناوە، لەژێر دەسەلاتی ئەنجوومەنی پارێزگاوە. لە ئەنجامدا، بەپێی یاسای ژمارە ٢١، وا پێشبینی دەكرێت كە ئەنجوومەنی پارێزگاكان بەمانەی خوارەوە هەڵبستن:

- پرۆژە بودجەی ئەنجوومەن ئامادە بكەن بۆ ئەوەی بخرێتە ناو بودجەی گشتیی پارێزگا.
- بودجەی گشتیی پارێزگا پەسەند بكەن كە لەلایەن پارێزگارەوە بۆ ئەنجوومەن دەنێردرێت.
- گواستنەوەی داراییەكان لەنێو بەشەكانیدا، بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجوومەن، بە مەرجێك پێوەرە دەستوورییەكان لەبەرچاو بگیرێن لە دابەش كردنی بۆ ناوەندی پارێزگا و قەزا و ناحیەكان.
- ناردنی بۆ وەزارەتی دارایی لە حكومەتی هەرێم بۆ دڵنیابوون لە هاوتابوون لەگەڵ بودجەی هەرێم.

١-٥- بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە دەسەلاتە فەرمانبەرییەكان بۆ خزمەتگوزارییەكانی كەرتی پەروەردە لەسەر ئاستی پارێزگا و قەزا و ناحیەكان وەك پێویست دیار نەكراوە لە یاسا ڕەسەنەكەدا، ئێستا دەبێت تەرخان كردنی ئەركە فەرمانبەرییەكان بە شێوەیەكی ڕوون دابنرێن بۆ باشتر كردنی هەماهەنگی و پێشكەش كردنی پەروەردە بە شێوەیەكی كاریگەر و نایاب.

١-٦- ئێستاكە، تەنیا ئەم بەرپرسیارییە فراوانانە دانراون: (أ) ئامادە كردنی ڕەشنووسی بودجە بۆ ئەنجوومەنی دادوەری (ب) پەسەند كردنی پلانەكانی بودجە بۆ فەرمانگەكانی قەزا بۆ ئەوەی بۆ پارێزگار بنێردرێن (ت) چاودێری كردن و هەڵسەنگاندنی چالاكییە پەروەردەییەكان لە چوارچێوەی سنوورەكانی قەزا بۆ ئەوەی دەركردنی ڕاسپاردەكان بگرێتە خۆ لە ڕێگەی ئەنجوومەنی پارێزگاوە (پ) هەر كارێكی تر كە لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگاوە بۆی دابنرێت.

١-٧- نیگەرانییەكان سەبارەت بە ڕۆڵە ناڕوونەكان كە لە ستراتیژی پەروەردەی نیشتمانی نەخراونەتە ڕوو هەرچەندە ئەو كارەی لە قۆناخی یەكی بەرنامەی هاوچەرخ كردنی كەرتی گشتیی عێراق (IPSM) كراوە، سوودێكی گەورەی لێرە دەبێت.

## ٢- دەرخستنی کێشە

٢-١- پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی پەروەردە تا ئێستاش بە باشی هەماهەنگ نەکراوە، هەبوونی ژمارەیەکی زۆری کەناڵ و سەرچاوەی جیاجیا بۆتە هۆی سیستەمێکی بەش بەش کراوی گەورەی پێشکەش کردن. ڕۆڵی وەزارەتی پەروەردە سازێنراوە. یاسا کۆنەکان لەگەڵ یاسا نوێیەکان ناگونجێن. پیادەکردنەکانی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی ئێستا لەسەر ئاستی نیمچە نیشتمانییەوە پێویستی بە دانانێکی ڕوونی ئەرکە فەرمانبەرییەکان هەیە (ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکان) بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایەنە بەشدارەکان دابنرێن.

٢-٢- یاسادانانی ئێستا ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بە شێوەیەکی ورد و تەواو پێناسە ناکات و ستراتیژی پەروەردەی نیشتمانیی عێراق بە کارنامەیەکی چاکسازیی کارگێڕییەوە نەبەستراوەتەوە. لە ئەنجامدا، ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکانی وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان، فەرمانگەکانی قەزا و ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان بە ناڕوونی ماونەتەوە. لە کاتێکدا کە ڕێبازی نوێی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای قوتابخانە (SBM)، کە لە چوارچێوەی بەرنامەی هاوچەرخ کردنی کەرتی گشتیی عێراق (IPSM) لەژێر تاقیکردنەوەدایە، دەرگایەك واڵا دەکات بۆ ڕوون کردنەوەی ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکان، ئەگەر یاداشتی لەیەك گەیشتن لەنێوان وەزارەتی پەروەردە و ئەنجوومەنی پارێزگاکان دانەنرێت، کەرتی پەروەردە بەو شێوە لاواز و خراپەی هەماهەنگی دەمێنێتەوە.

## ٣- دیار کردنی ئەرکە فەرمانبەرییەکانی ئێستا

٣-١- بەگوێرەی یاسای پەروەردەی ساڵی ١٩٩٨ و شان بە شانی بژارکردنی جیاجیا، پەروەردە لە خوێندنی پێش قوتابخانە دەست پێ دەکات و پێکدێت لە باخچەی ساوایان و خوێندنی سەرەتایی بۆ ماوەی شەش ساڵ و خوێندنی دواناوەندی بۆ ماوەی شەش ساڵ. خوێندنی دواناوەندی دەبێتە دوو قۆناخ: (أ) قۆناخی ناوەندی (ب) قۆناخی ئامادەیی. بۆیە، خوێندنی بنەڕەتی لە نۆ ساڵ پێکدێت. خوێندنی سەرەتایی گشتی و جیهانییە و یەکخراو و بەزۆرییە. هەروەها خوێندنی دواناوەندیش گشتی و جیهانییە. شێوازی پێشکەش کردنی خوێندن کە بەپێی یاسای ساڵی ١٩٩٨ دابین کراوە و بژارکردنەکانی بەم دواییەش بە ناوەندی ماونەتەوە. خشتەی ژمارە ١ ئەرکەکانی حکوومەت بۆ پەروەردە پیشان دەدات.

| خشتەی ژمارە ١، ڕۆڵ و بەرپرسیارییە گشتییەکانی کەرتی پەروەردە | |
|---|---|
| ئەرکی دەوڵەت | ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکان |
| **پەرلەمانی کوردستانی عێراق** | یاساکان دادەڕێژێت و چاودێری بەجێهێنانی دەسەڵاتی جێبەجێکار دەکات. (ماددەی ٦١) |
| **حکوومەتی ناوەند و هەرێم** | سیاسەتی ڕێنمایی و پەروەردەیی گشتی دادەڕێژێت، بە ڕاوێژ کردن لەگەڵ ئەو هەرێم و پارێزگایانەی کە لەنێو هەرێمێکدا ڕێك نەخراون. |
| **پارێزگاکان** | سەرپەرشتی کردن و پلاندانانی ستراتیژی و چاودێری کردن و پێشکەش کردنی شێوەی داڕێژراوی بودجە. |
| **قەزاکان** | ئەرکەکانی پێشکەش کردنی نەخشەکار |
| **ئەنجوومەنی وەزیران** | پلان دادەنێت و سیاسەتی گشتی و پلانە گشتییەکانی دەوڵەت جێبەجێ دەکات و سەرپەرشتی کارەکانی وەزارەتەکان و ئەو فەرمانگانە دەکات کە لەگەڵ وەزارەت تێکەڵ نین. |
| **وەزارەتی پەروەردە** | ئەرکەکان بریتین لە: (أ) سیاسەت (ب) پلاندانان و چاودێری (ت) گەشەپێدانی پێڕەوی خوێندن (مەنهەج) (پ) دامەزراندن و بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان (ج) ڕاهێنان و پەروەردە کردنی مامۆستا (ح) توێژینەوەی پەروەردەیی و داهێنان (خ) گەشەپێدانی پێوەرەکان (د) هەماهەنگی. |
| **پارێزگار** | لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگاوە هەڵدەبژێردرێت، وەك گەورەترین بەرپرسی جێبەجێکاری پارێزگا |
| **ئەنجوومەنی پارێزگاکان** | یاسا خۆجێییەکان و ڕێنماییەکان و پێڕەوە ناوخۆییەکان و پابەندبوونەکان دەردەکات بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی بۆ ئەوەی بتوانێت کاروبارەکانی خۆی ئەنجام بدات لەسەر بنەمای ناناوەندیی کارگێڕی بە شێوەیەك کە دژ نەبێت لەگەڵ بڕگەکانی دەستوور لە گەشەپێدانی پلانەکانی پارێزگا، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە تایبەتمەندەکان. |

| | |
|---|---|
| **بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان** | کارەکانی دەسەڵاتە لاوەکییەکان ئاراستە دەکەن. |
| **دابینکەرانی نا–یاسا** | ئەمانە دەگرێتەوە: کەرتی تایبەت، گروپەکانی پاڵپشتیی کۆمەڵگا، ئەنجوومەنی مامۆستایان و دایک و باوکان، گروپە ئایینییەکان و دابینکەرانی تری کۆمەڵگای مەدەنی. |
| **پەرلەمانی کوردستانی عێراق** | یاساکان دادەڕێژێت و چاودێری بەجێهێنانی دەسەڵاتی جێبەجێکار دەکات. (ماددەی ٦١) |

٣–٢– لەسەر بنەمای پێکهاتەی سیستەمی پەروەردە کە لەسەرەوە دیارکراوە، لەگەڵ ئەنجامەکانی قۆناخی یەك و قۆناخی دووی بەرنامەی هاوچەرخ کردنی کەرتی گشتیی عێراق (IPSM)، ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکانی ئەم لایەنانەی خوارەوە لەسەر ئاستی نیمچە نیشتمانی، پێویستیان بە پێداچوونەوە و بژارکردنەوە هەیە:

- ئەنجوومەنی پارێزگاکان
- ئەنجوومەنی قەزاکان
- بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەزارەتی پەروەردە
- وەزارەتی دارایی
- قوتابخانەکان

– کۆمیتەی پەروەردەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان
– ئەنجوومەنی ناحیەکان
– وەزارەتی پلاندانان و گەشەپێدان
– فەرمانگەکانی قەزای وەزارەتی پەروەردە

٣–٣– ڕۆڵ و بەرپرسیارییە گشتییەکان لە سەرانسەری حکوومەت بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی پەروەردە ئەمانە دەگرێتەوە: **دانانی سیاسەت، پلاندانان، بودجەدانان، جێبەجێ کردن و سەرپەرشتی و چاودێری**. سیاسەت (گەشەپێدانی پێڕەوی خوێندن دەگرێتەوە)، پلاندانانی ستراتیژی و بودجەدانانی گشتی کە لەلایەن حکوومەتی هەرێم دادەنرێن، لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی دارایی. لەسەر ئاستی پارێزگادا، **خشتەی ژمارە ٢**، باسێکی گشتی لەبارەی دەسەڵاتەکانی ئێستای پارێزگا دەخاتە ڕوو.

| خشتەی ژمارە ٢: ڕۆڵ و بەرپرسیارییە پەروەردەییە فەرمییەکانی ئێستای پارێزگاکان | |
|---|---|
| | |
| **ئەرکی دەوڵەت** | **ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکانی ئێستا** |
| **ئاستی پارێزگا** | |
| ئەنجوومەنی پارێزگا | • سەرپەرشتی و هەماهەنگی کردن<br>• پلاندانان و بودجەدانان<br>• ڕاپۆرت کردن بۆ حکوومەتی هەرێم لەسەر خەرجییەکان |
| کۆمیتەی پەروەردەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان | • ناڕوون و خراپ دامەزراندن<br>• ئەو ئەرکانە دەگرێتەوە کە لەلایەن قەوارەکانی ترەوە بەڕێوە دەچن |
| بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەزارەتی پەروەردە | • پلاندانانی ستراتیژی پەروەردە<br>• پلاندانان<br>• بودجەدانان<br>• جێبەجێ کردن<br>• چاودێری و پشکنین و سەرپەرشتی کردن |
| بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەزارەتی دارایی | • بودجەدانانی چەند جارەبووەوەی پارێزگا<br>• دانانی خەرجییەکان<br>• کۆنترۆڵ کردنی خەرجییەکان<br>• ژماردن و تۆمار کردن و ڕاپۆرت کردن و وردبینی |
| بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەزارەتی پلاندانان | • پلاندانانی وەبەرهێنان |

| خشتەی ژمارە ٢: ڕۆڵ و بەرپرسیارییە پەروەردەییە فەرمییەکانی ئێستای پارێزگاکان | |
|---|---|
| ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکانی ئێستا | ئەرکی دەوڵەت |
| • سەرپەرشتی کردنی دابین کردنی سەرمایە<br>• کۆنترۆڵ کردنی جێبەجێ کردنی بودجە لەسەر بنەمای یاسای دابین کردن<br>• ژماردن و تۆمار کردن و ڕاپۆرت کردن و وردبینی | |
| **ئاستی قەزا** | |
| • ئامادە کردن و پەسەند کردنی بودجەی ئەنجوومەنی قەزا<br>• سەرپەرشتی کردن<br>• هاوکاری و هەماهەنگی | ئەنجوومەنی قەزاکان |
| • سەرپەرشتی کردن<br>• کارگێڕی | ئەنجوومەنی ناحیەکان |
| • پلاندانان<br>• هەماهەنگی<br>• جێبەجێ کردنی بودجە<br>• پشتیوانی و سەرپەرشتیی کارگێڕیی قوتابخانە | فەرمانگەکانی قەزای وەزارەتی پەروەردە |
| **ئاستی قوتابخانە** | |
| • پێشکەش کردنی پەروەردەی گشتی<br>• کارگێڕی و بەڕێوەبردنی ڕۆژانەی قوتابخانە<br>• بانگهێشت کردنی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی مامۆستایان و دایك و باوکان<br>• دابین کردنی وردەواڵەی پێویست<br>• بەڕێوەبردنی داهاتەکانی فرۆشگە و چێشتخانە | قوتابخانەکان |

## ٢- هۆی بنچینەیی بۆ دانانی ڕۆڵ و بەرپرسیارییە نوێیەکان

٢-١- عێراق لە سیستەمی فەرمانڕەوایی یەك پارچەیی ناوەندییەوە گۆڕاوە بۆ سیستەمی فیدرالیی ناناوەندیی بەرە بەرە. لەگەڵ ئەوەشدا، تا ڕادەیەکی زۆر هێشتا ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکانی سیستەمی پەروەردە پێویستیان بە پێناسەیەکی باشتر هەیە و لەگەڵ پێشکەش کردنی یاسا نوێکانی بودجە، ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکان جۆرە تێکەڵاوی و پشێوییەکیان وەرگرتووە و بە شێوەیەکی خراپ هەماهەنگ کراون و لەژێر ئامادە کردندان. لە ئەنجامدا، لەگەڵ ئەوەی کە هەر یەك لە ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئێستا ڕۆڵ و ئەرکەکانیان بە شێوەی تایبەت بە خۆیان دادەنێن، ڕێبازێکی ناوەندیی هەماهەنگ کراو زیاتر ڕوون بۆتەوە.

## ٣- دیار کردنی ئەرکە فەرمانبەرییە پێشنیاز کراوەکان

٣-١- ئەنجامەکانی کاری بەردەوامی قۆناخی دووی بەرنامەی هاوچەرخ کردنی کەرتی گشتیی عێراق (IPSM) لە هەرێمی کوردستان، ئەمانە دەگرێتەوە: سەردانەکان بۆ پارێزگا و قەزا و ناحییەکان و ژمارەیەکی زۆری قوتابخانەکان دەری خستووە کە پێویستە چوارچێوەیەکی ڕوونتر بۆ ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکان دابڕێژرێت.

٣-٢- خشتەی ژمارە ٣، لە خوارەوە دیار کردنی ئەرکە فەرمانبەرییە **پێشنیاز کراوەکان** پیشان دەدات بۆ لایەنە سەرەکییەکان لەسەر ئاستی پارێزگا، بە ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکانی ئێستا و پێشنیاز کراوەکانیشەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە دژ نەبێت لەگەڵ یاسادانانی ئێستا، بەڵکو ڕێکخستنی بەرپرسیاری و دەسەڵاتەکانی هەماهەنگییە بۆ باشتر کردنی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی پەروەردە. بۆیە، ئەم کارە بەستراوەتەوە بە ڕێبازی پێشنیاز کراوی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای قوتابخانە.

| خشتەی ژمارە ٣: ڕۆڵ و بەرپرسیارییە پەروەردەییە پێشنیاز کراوەکانی پارێزگاکان | |
|---|---|
| دابەش کردنی ئەرکە پێشنیاز کراوەکان | یەکەی پێشکەش کردن |
| • سەرپەرشتی کردنی داڕشتنی پلانەکانی گەشەپێدانی پارێزگاکان<br>• ئامادە کردن و پەسەند کردنی بودجەی ئەنجوومەن<br>• سەرپەرشتی کردنی بودجەی گشتیی پارێزگاکان<br>• سەرپەرشتی کردنی پلاندانانی پێداویستییەکانی سەرمایە<br>• ڕاپۆرت کردن بۆ حکوومەتی هەرێم لەبارەی خەرج کردن<br>• چاودێری کردنی دەستە جێبەجێکارە خۆجێییەکان<br>• دەرکردنی یاسادانانی خۆجێیی | ئەنجوومەنی پارێزگاکان |

| خشتەی ژمارە ٣: ڕۆڵ و بەرپرسیارییە پەروەردەییە پێشنیاز کراوەکانی پارێزگاکان | |
|---|---|
| | |
| • چاودێری کردنی پێشکەش کردنی پەروەردەی پارێزگاکان<br>• هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان<br>• چاودێری کردنی پلانەکانی پەروەردەی پارێزگاکان بە مەبەستی زیاد کردنی دەرفەت و دادپەروەری<br>• چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی پێوەرەکانی قوتابخانەی دۆستی منداڵ<br>• چارەسەر کردنی ناکۆکی و لابردنی کۆسپەکان | کۆمیتەی پەروەردەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان |
| • پلاندانانی ستراتیژی پەروەردە<br>• ئامادە کردن و پێشکەش کردنی بودجەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پارێزگاکان<br>• بەڕێوەبردن و دابین کردنی دارایی بودجە<br>• جێبەجێ کردنی پەروەردەی گشتی (پێشکەش کردن، تاقیکردنەوەکان، هتد.)<br>• هەماهەنگیی کەرت لەگەڵ قەزا و ناحیەکان<br>• چاودێری کردن و پشکنین و سەرپەرشتی کردن<br>• ڕاهێنان و پەروەردەی پیشەیی<br>• چاودێری کردنی تایبەت | بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەزارەتی پەروەردە |
| • بەهێز کردنی بودجەی چەند جارەبووەوەی پارێزگاکان<br>• خەرجییەکانی دابەش کردن و تەرخان کردنەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی<br>• کۆنترۆڵ کردنی جێبەجێ کردنی بودجە بەپێی یاسای (FM)ی ٢٠١٤.<br>• چاودێری کردنی خەرجیی چەند جارەبووەوەی کرێکان و ئەوانەش کە کرێ نین<br>• ژماردن و تۆمار کردن و ڕاپۆرت کردن و وردبینی | بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەزارەتی دارایی |
| • دابین کردنی ڕێنوێنی لەسەر پلاندانانی وەبەرهێنان<br>• بەهێز کردنی پلانەکانی خەرجیی سەرمایەی پارێزگاکان<br>• دابەش کردنەکانی کەناڵ و یاسای دابین کردنی تەرخان کردنەکان<br>• ژماردن و تۆمار کردن و ڕاپۆرت کردن و وردبینی<br>• چاودێری کردنی دابین کردنی سەرمایە<br>• چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی بودجە | بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەزارەتی پلاندانان |

| خشتەی ژمارە ٣: ڕۆڵ و بەرپرسیارییە پەروەردەییە پێشنیاز کراوەکانی پارێزگاکان | |
|---|---|
| | |
| ئاستی قەزا | |
| • چاودێری کردن و هەڵسەنگاندنی چالاکییە پەروەردەییەکان لە چوارچێوەی سنوورەکانی قەزا و پێشکەش کردنی ڕاسپاردەکان لەم بوارەدا لە ڕێگەی ئەنجوومەنی پارێزگاوە<br>• ئامادە کردنی پرۆژە بودجەی ئەنجوومەنی قەزاکان<br>• پەسەند کردنی پلانەکانی بودجە بۆ فەرمانگەکانی قەزاکان و پێشکەش کردنیان بە پارێزگار<br>• چاودێری کردن و هەڵسەنگاندنی چالاکییە پەروەردەییەکان لە چوارچێوەی سنوورەکانی قەزا و پێشکەش کردنی ڕاسپاردەکان لەم بوارەدا لە ڕێگەی ئەنجوومەنی پارێزگاوە<br>• هەماهەنگ کردنی چالاکییەکانی پەروەردە لەسەر ئاستی قەزاکان<br>• پێڕەوە ناوخۆییەکانی قەزاکان | ئەنجوومەنی قەزاکان |
| • سەرپەرشتی کردنی ئاستی پێشڤەچوونی کارەکانی بەڕێوەبردن لە قەزاکان<br>• سەرپەرشتی کردنی بەڕێوەبەرایەتییە خۆجێییەکان و ئامادە کردنی ڕاسپاردە پێویستەکان لەم بوارەدا بۆ ئەنجوومەنی قەزا | ئەنجوومەنی ناحیەکان |
| • هەماهەنگی کردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکان<br>• جێبەجێ کردنی بودجە (پێدانی مووچە، هتد.)<br>• پاڵپشتی کردنی کارگێڕیی قوتابخانە<br>• سەرپەرشتی کردن و پشکنین<br>• دامەزراندن و گواستنەوەی کارمەندان | فەرمانگەکانی قەزا – وەزارەتی پەروەردە |
| ئاستی قوتابخانە | |
| • پێشکەش کردنی پەروەردەی گشتی لەسەر بنەمای پێوەرەکانی قوتابخانەی دۆستی منداڵ<br>• بەڕێوەبردنی قوتابخانە بەپێی ڕێنوێنییەکانی کارگێڕیی قوتابخانە<br>• دانان و جێبەجێ کردنی پلانی باشتر کردنی قوتابخانە<br>• یەکخستنی پێوەرەکانی قوتابخانەی دۆستی منداڵ<br>• دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ئەنجوومەنی کارگێڕیی قوتابخانە<br>• بەڕێوەبردن و گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی قوتابخانە و دایك و باوکان و کۆمەڵگا<br>• بەڕێوەبردنی بەخشینەکانی بلۆکی قوتابخانە و ژمارە حیسابەکانی بانك | قوتابخانەکان |

| خشتەی ژمارە ٣: ڕۆڵ و بەرپرسیارییە پەروەردەییە پێشنیاز کراوەکانی پارێزگاکان | |
|---|---|
| | |
| • بەڕێوەبردنی دابین کردن و داهات<br>• بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی سەرچاوە مرۆییەکان<br>• ئەنجامدانی ڕاهێنانەکانی خۆهەڵسەنگاندنی قوتابخانە<br>• پارێزگاری کردنی باڵەخانەکانی قوتابخانە و دەستەبەر کردنی سەلامەتی و تەندروستی بە ڕاوێژ کردن لەگەڵ شارەزا و پسپۆڕان | |

## ٤- پرۆسەی پێشنیاز کراو بۆ پەسەند کردن

٤-١- وا پێشنیاز دەکرێت کە وەزارەتی پەروەردە کۆمیتەیەکی هاوبەشی نێو-وەزارەتەکان پێك بێنێت کە وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی داراییش لەخۆ بگرێت بە مەبەستی ئامادە کردنی کۆمەڵێك ڕۆڵ و بەرپرسیاری لەسەر بنەمای تەرخان کردنەکانی ئەرکی پێشنیاز کراو کە لە خاڵی ٥ی سەرەوەدا هاتووە. کۆمیتەی پەروەردەی پەرلەمانی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی فەرمی بەشدار دەبێت لە پرۆسەکە و کۆمیتەی داڕشتن بە شێوەی فەرمی دادەمەزرێت و نوێنەرانی ئەم هەموو دەستانەش تیایدا بەشدار دەبن.

٤-٢- دوابەدوای پرۆژە پێشنیاز کراوەکە بۆ ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکانی پارێزگا، سەکۆکارێکی هەرێمی ئەنجام دەدرێت بە هاوبەشی و مێواندارێی ئەندامانی کۆمیتەی هاوبەشی نێو-وەزارەتەکان و سەرجەم سەرۆکەکانی کۆمیتەکانی پەروەردەی ئەنجوومەنی پارێزگا بە مەبەستی گفتوگۆ و ڕێکەوتن لەسەر ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکانی کۆتایی بۆ قەوارە جیاجیاکان. وەزارەتی پەروەردە سەرپەرشتیی ئەم پرۆسە ڕاوێژکارییە دەکات کە لەمیانی قۆناخی ئەزموونیی (بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای قوتابخانە) ئەنجام دەدرێت.

٤-٣- هەر کاتێك ئەرکە فەرمانبەرییەکان پەسەند کران، وەزارەتی پەروەردە ڕێکەوتننامەیەکی خزمەتگوزارییە هاوبەشەکان ئامادە دەکات (یاداشتی لەیەك گەیشتن) لە نێوان هەر سێ وەزارەتەکان و هەموو ئەنجوومەنی پارێزگاکان. هەر گۆڕانکارییەك، یان هەموار کردنەوەیەك بۆ ئەم ڕێکەوتننامەیە پێویستە لەسەر بنەمای پرۆسەیەکی فەرمی هەموار کردنەوە بێت. دەتوانین پرۆسە سێ هەنگاوییەکە بەم شێوەی خوارەوە کورت و پوخت بکەین:

- دامەزراندنی کۆمیتەیەکی هاوبەشی نێو-وەزارەتەکان بۆ ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکانی پەروەردە کە کۆمیتەی پەروەردەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیش لەخۆ دەگرێت بە مەبەستی دیار کردنی ڕۆڵەکان.
- ئەنجامدانی سەکۆکارێکی ڕاوێژکاریی هەرێمی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی فەرمی ئەرکە فەرمانبەرییەکان دیار بکرێن و لەسەری ڕێك بکەون.
- داڕشتن و بە ئەنجام هێنانی ڕێکەوتننامەی خزمەتگوزارییە هاوبەشەکان وەك یاداشتی لەیەك گەیشتن لە نێوان سەرجەم لایەنەکان بە ئەنجوومەنی پارێزگاکانیشەوە.

# ڕێنوێنییەکان بۆ جێبەجێ کردنی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا

نامیلکەیەك بۆ ئەو ڕێنوێنی و بنەما گشتییانەی کە دەکرێت پەیڕەو بکرێن بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئەزموونیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا

ئایاری ٢٠١٤

کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاریی پەروەردەی کوردستان
حکوومەتی هەرێمی کوردستان

پەڕەی ٥ی ٦ بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی یونیسێف ئامادە کراوە لەلایەن: جیۆپۆلیسیتی

# SCHOOL-BASED MANAGEMENT

# GUIDELINE





May 2014

**DRAFT**

**SCHOOL BASED MANAGENT GUIDELINE**

## پێشەکی

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

بەخێربێن بۆ **ڕێنوێنییەکان بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا** لە عێراق. ئەم نامیلکەیەی ڕێنوێنییەکان بۆ ئەوەی وەك بەڕێوەبەری خوێندنگا و مامۆستا و دایك و باوك، یان ئەندامانی کۆمەڵگا بتوانن لە ڕێکارە نوێیەکان تێبگەن و جێبەجێیان بکەن کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە لە خوێندنگاکەتاندا پێشکەش دەکرێت.

ئەم نامیلکەیە ئەو ڕێنوێنی و بنەما گشتییانە دابین دەکات کە دەکرێت پەیرەو بکرێن بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئەزموونیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا. ڕێنوێنییەکان ڕێساکانی ئێستا و پێڕەوی ناوخۆیی نوێ پێکەوە کۆدەکاتەوە بۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا کە ڕێنوێنیی ڕوون دابین دەکەن بۆ کۆمیتەکانی بەڕێوەبردنی خوێندنگا لە بەدیهێنانی ئەو ڕۆڵ و بەرپرسیارییانەی بەم دواییە دانراون. ڕۆڵ و دەسەلاتە فەرمانبەرییەکان دادەنێن بۆ سەرجەم پێکهاتە فەرمانڕەوایی و کارگێڕییەکان لەسەر ئاستی خوێندنگادا. هەروەها ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا وردەکارییەکانی ئیش دابین دەکات بۆ سەرجەم کارمەندانی بەڕێوەبردنی خوێندنگا.

ئەم نامیلکەیە لە ژمارەیەك بەش پێکدێت کە دەتوانن بەپێی پێویست لە قۆناخە جیاجیاکانی جێبەجێ کردنی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بەکاریان بێنن. تکایە ئەم نامیلکەیە بۆ سەرچاوەی دوارۆژ بپارێزن تا ئەو کاتەی بە نامیلکەیەکی تر نوێ دەکرێتەوە.

### مەبەست لە ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا

ئەم ڕێبەرەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا نامیلکەیەکە بۆ پشتیوانی کردنی بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و مامۆستایان و کارمەندانی کارگێڕیی خوێندنگا و دایك و باوکان لە بەجێهێنانی ڕۆڵی سەرەکیی خۆیان لە بەڕێوەبردن و گەشەپێداندا. ئەم ڕێبەرە بەرپرسیارییەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا دەستنیشان دەکات و ئەو بنەما گشتییانە دەخاتە ڕوو کە ئەنجامدانی ئەرکەکان بەڕێوەدەبەن بەهۆی شوێنە سەرەکییەکان لەسەر ئاستی خوێندنگادا. ڕێنوێنییەکان بۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا وەك نامیلکەی خوێندنگا کاری پێ دەکرێت، تەنیا بۆ مەبەستەکانی سەرچاوە بەکاردێت. لەگەڵ ئەوەشدا، وەك تاکە سەرچاوەیەکە کە زۆربەی بوارەکانی بەڕێوەبردنی خوێندنگا لەخۆ دەگرێت، لەوانەش بەڕێوەبردنی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا و جێبەجێ کردنی پێوەرەکانی دۆستی منداڵ.

وەك بەشێك لە پرۆسەی باشتر کردنی خۆبەڕێوەبردنی خوێندنگا بۆ باشتر کردنی ئاستی چۆنایەتیی پەروەردە و ئەزموونی پەروەردەیی منداڵان و خوێندکاران، کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دانانی ئاراستەی گەشەپێدانی خوێندنگا و دابین کردنی چۆنایەتیی پەروەردە بۆ خوێندکاران. تاقیکردنەوەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا، سەربەخۆیی زیاتر بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا دەستەبەر دەکات لە بەڕێوەبردنی خوێندنگا و بەکارهێنانی سەرچاوەکان. لە کاتێکدا، ئەمە بەرپرسیارییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات، ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا وەك سەرچاوەیەکی بەسوود خزمەت بە بەڕێوەبەرانی خوێندنگاکانی کەرتی گشتی دەکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاراتر پەروەردە بەڕێوەببەن و برەو بە بەرز کردنەوەی ئاستی چۆنایەتیی خوێندن لە خوێندنگاکان بدەن.

### توخمە سەرەکییەکان سەبارەت بە ڕێبازی نوێی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا

ئەم ڕێبەرە باسێکی گشتی سەبارەت بە توخمە سەرەکییەکانی تاقیکردنەوەی پرۆژەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا دابین دەکات و بۆ ئەوەش هەوڵی ئەمانەی خوارەوە دەدات:

- **دیار کردنی بەرپرسیارییەکان:** ئامادە کردنی دەستوورێك بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا کە پێکهێنانی کۆمیتەی بەڕێوەبردن دابنێت لەگەڵ ماوەی بەڕێوەبەرانی نووسینگە، ڕۆڵ و بەرپرسیارییان، پاڵاوتن و هەڵبژاردنیان، دیار کردنی سەرپەرشتیاری خوێندنگا و فەرمانبەرانی نووسینگە، گەشەپێدانی فەرمان و ڕێکارە هەمیشەییەکان بۆ بەشداریی لایەنە هاوبەشەکانی سیاسەت دانان.
- **زیاد کردنی بەشداری:** ڕەخساندنی دەرفەت بۆ لایەنە هاوبەشەکان بۆ بەشداری کردن لە بەڕێوەبردنی خوێندنگا و پلاندانان و گەشەپێدان و هەڵسەنگاندنی کاریگەریی خوێندنگا.
- **هاندانی پیشەگەری:** گەشەپێدانی ڕێکار و سەرچاوە فەرمییەکان بۆ هەڵسەنگاندن و پێشخستنی کارمەندان بەپێی پێداویستییەکانی مامۆستایان.
- **دانانی ئامانجە پەروەردەییەکان:** دانانی ئامانجە پەروەردەییەکان و ئامادە کردنی پرۆفایلی خوێندنگاکان و پێشکەش کردنی پلانەکانی گەشەپێدانی خوێندنگا و ڕاپۆرتەکانی خوێندنگا و بودجەی خوێندنگا و ڕاپۆرتە داراییەکان بە شێوەیەکی ساڵانە.
- **هەڵسەنگاندنی کاریگەری:** لەژێر بەرنامەی تاقیکردنەوەدا، هەڵسەنگاندنێکی ساڵانەیی بۆ ئاستی پێشوەچوونی بەرنامەکانی خوێندنگا و ئامادە کردنی ڕاپۆرتەکانی هەڵسەنگاندن لە کۆتایی ساڵی خوێندن بۆ بەدواداچوونی کارەکان دەکرێت.
- **گەشەپێدانی تایبەتمەندییەکان:** دەرخستنی گیانی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بە شێوەیەکی تەواو لە ڕێگەی گەڵاڵە کردنی شێوازێکی گونجاو لەسەر بنەمای خوێندنگا کە بەپێی ڕەوش و بارودۆخی ڕاستەقینەی خوێندنگاکەتان دابنرێت، هەروەها گەشەپێدانی شێوەیەکی تایبەت بە کەلتوور و تایبەتمەندییەکانی خوێندنگاکەتان.
- **جێبەجێ کردنی پێوەرەکانی دۆستی منداڵ:** دابین کردنی پێوەرەکان بۆ پەروەردە کە هەموو ڕووەکانی بەڕێوەبردنی خوێندنگا بگرێتە خۆ، وەك بنەمایەك بۆ چاودێری کردنی ئاستی پێشوەچوون.

ئەم شێوەی خوارەوە ئەوە دەردەخات کە چۆن بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا کاریگەری دەبێت لەسەر فێرکردن و فێربوون لە خوێندنگاکەتان.

## سەرنج و پێشنیارەکانی ئێوە زۆر گرنگن بۆ سەرکەوتنی ئەم تاقیکردنەوەیە

لە ماوەی تاقیکردنەوەدا، بەڕێوەبەرانی خوێندنگا و مامۆستایان و دایك و باوکان و ئەندامانی کۆمەڵگەی خوێندنگا بانگهێشت دەکرێن بۆ پێشکەش کردنی سەرنج و پێشنیارەکانیان لەسەر خاڵە بەهێز و خاڵە لاوازەکان و بەهای هەریەك لەو توخمانەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا کە لێرەدا خراونەتە ڕوو، هەروەها لەسەر تەواوی ڕێبەرەکە. ئەگەر هەر پرسیار و پێشنیارێکتان هەیە دەربارەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا، یان سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەم ڕێبەرە، تکایە بە ئازادییەوە بە ئیمەیل بۆ ئەمەی خوارەوە بنێرن: feedback@iraq-sbm.com


ئێوە بانگهێشت کراون بۆ ئەوەی سەرنج و پێشنیارەکانتان لەسەر ئەمانەی خوارەوە بنێرن:

- حەزت لە کامەیان کرد؟
- بە ڕای تۆ چی دیار نەبوو؟
- چ بەباشی لەخۆ نەگرتبوو، یان ڕوون نەبوو؟
- چت پەسەند نەکرد، یان بە شێوەیەکی تر دەتکرد؟

دەتوانن سەردانی ئەم ماڵپەڕەی ئێمە بکەن (www.iraq-sbm.com) و زانیاریی زیاتر وەربگرن و بۆچوونی ئەندامانی کۆمەڵگەی خوێندنگاکەتان لەبارەی بابەتە پەیوەندارەکان بزانن.

**داوا لە خوای گەورە دەکەین پشتیوانی هەوڵەکانمان بێت بۆ باشتر خزمەت کردنی منداڵانی وڵاتەکەمان.**

## An Overview of the School Based Management Guideline



## ناوەڕۆك

**١- پێشەكی** ........ ٦
١-١- بیانووی بنچینەیی ........ ٦
١-٢- دیدی ئێمە بۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا ........ ٧
١-٣- پابەندبوونی ئێمە بە نوێبوونەوە ........ ٧
١-٤- ئەم پابەندبوونانە لەگەڵ پێوەرەكانی دۆستی منداڵ یەك دەخرێن ........ ٨
**٢- ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خوێدنگا** ........ ١٠
٢-١- بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا چییە؟ ........ ١٠
٢-٢- چاودێری و هەماهەنگیی نیشتمانی و پارێزگا لەسەر بەرنامەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا ........ ١٠
٢-٣- كۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا ........ ١٠
٢-٤- پاڵاوتنی ئەندامانی كۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا ........ ١١
٢-٥- دەست لەكاركێشانەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەندامانی كۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا ........ ١٢
٢-٦- بەرپرسیارییەكانی كۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا ........ ١٢
٢-٧- پێوەر و دەرخەرە كارپێكراوەكان ........ ١٢

**٣- شێوازی وانەوتنەوە** ........ ١٤
٣-١- شێوازی وانەوتنەوەی كاریگەری ........ ١٤
٣-٢- فێركردن بە جەخت كردنە سەر خوێندكار ........ ١٥
٣-٣- خوێندنگا، دایك و باوكان، كۆمەڵگا ........ ١٧
**٤- بەڕێوەبردنی كاروباری كارمەندان** ........ ١٩
٤-١- پێكهاتەی بەڕێوەبردن ........ ١٩
٤-٢- وردەكارییەكانی ئیش ........ ١٩
٤-٣- گەشەپێدانی سەرچاوە مرۆییەكان ........ ١٩
**٥- بەڕێوەبردنی سەرچاوە و بودجە** ........ ٢١
٥-١- پلانی گەشەپێدانی خوێندنگا ........ ٢١
٥-٢- پلانی گەشەپێدانی ساڵانە ........ ٢١
٥-٣- بودجە ........ ٢٢
٥-٤- داهاتەكانی خوێندنگا و بەخشینەكانی بەرە ........ ٢٢
**٦- چاكردنەوە و ژێرخان** ........ ٢٤
**٧- چاودێری و هەڵسەنگاندن** ........ ٢٨
٧-١- چاودێریی ناوخۆیی و هەڵسەنگاندن ........ ٢٨
٧-٢- پرۆسەی خۆهەڵسەنگاندن ........ ٢٨
٧-٣- هەنگاونان ........ ٢٨
**پاشكۆی ١:** وردەكارییەكانی ئیش (كەمترین پێوەرەكانی پیشەگەری) ........ ٣٣
بەڕێوەبەران / جێگرانی خوێندنگا ........ ٣٣
مامۆستایان ........ ٣٥
پشكنەر / سەرپەرشتیار ........ ٣٧

ڕاوێژکاری خوێندنگا ........ ٣٩
وردەکارییە گشتییەکانی ئیش ........ ٣٩
**پاشکۆی ٢: داخوازییە بنچینەییەکانی ژێرخان** ........ ٤٠

# SECTION 1

# INTRODUCTION

### ١-١ بیانووی بنچینەیی

وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەئاگایە لەوەی کە خوێندنگاکان ناتوانن خوێندن بە باشترین ئاستی چۆنایەتی دابین بکەن بۆ خوێندکارانی عێراق لە ئەنجامی ئەو هەموو میراتەی ڕژێمی ناوەندی و سزاکان کە بووە هۆی کەم کردنەوەیەکی بەرچاوی سەرچاوەکان. بۆیە، ڕێساکان بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خوێندنگا پێویستییان بە نوێ کردنەوە هەیە بۆ ئەوەی بوار بە خوێندنگاکان بدرێت زیاتر بەرپرسیار بن لە بڕیاردانی ڕۆژانەدا. ئەمەش، بەهۆی دەسەلآت پێدانی بەڕێوەبەرانی خوێندنگا و مامۆستایان لە بەکارهێنانی بەهرەکانیان بۆ باشتر کردن و بەتایبەتیش بواردان بە خوێندنگاکان بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی گەورەتر ببینن لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان.
وەك بەشێك لە هەوڵی بەردەوامی حکومەتی عێراق بۆ نوێ کردنەوەی کەرتی گشتی، وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بە ڕاوێژ کردن لەگەڵ پارێزگا و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە، هەروەها بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی یونیسێف، ٨٨ خوێندنگایان دەستنیشان کردووە بۆ تاقیکردنەوەی سیستەمی نوێی ناناوەندی کردنی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.

مەبەست لە پرۆژەی ئەزموونیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا زیاد کردنی لێهاتوویی و کاریگەریی بڕیاردانە لەسەر ئاستی خوێندنگادا، لە ڕێگەی بواردان بە ئێوەی (بەڕێوەبەران و مامۆستایان و دایك و باوکان) بۆ وەرگرتنی بڕیاری بەڕێوەبردن لە پێناوی باشتر کردنی ئاستی چۆنایەتیی پەروەردە و گەیشتن بە خوێندن. هەروەها هەوڵێکە بۆ بەشداری پێکردنی کۆمەڵگاکان بە شێوەیەکی پێویست و بڕیاردان سەبارەت بە خوێندنگاکانیان و بەهێز کردنی هەستی خاوەندارێتی خۆجێیی و بەهێز کردنی بەڕێوەبردنی خوێندنگا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە. <u>بە شێوەیەکی کاریگەر، پێشبینی دەکرێت دەست پێکردنی سیستەمی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا ئەمانەی خوارەوەی لێ بکەوێتەوە:</u>

- بەتوانا کردنی خوێندنگاکان بۆ بەهێز کردنی ئاستی چۆنایەتیی پەروەردە کە پێشکەشی دەکەن، بەهۆی گواستنەوەی دەسەلآتی زیاتری بڕیاردان بۆ خوێندنگاکان.

- بەهێز کردنی پەیوەندی و هاوبەشی لەنێو خوێندنگاکان و دایك و باوکان و خوێندکاران و کۆمەڵگاکان و یەکەکانی حکومەتە خۆجێییەکان.

- بواردان بە کۆمەڵگاکانی خوێندنگا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر پلان بۆ چالاکییەکان دابنێن و جێبەجێیان بکەن.

- زیاتر خوێندنگاکان ببنە دۆستی منداڵ بەهۆی هێنانەدی کەمترین پێوەرەکان و ئامانجەکان.

- دڵنیابوون لەوەی کە خوێندن بۆ هەموو منداڵان دەستەبەر کراوە بەبێ گوێدان بە پاشخان و تەمەن و شوێنی جوگراف و جۆری کۆمەڵایەتی، لەگەڵ دابین کردنی پشتیوانیی پێویست بۆ مانەوەی منداڵان و سەرکەوتنی ئەکادیمی و گەشەپێدانی گشتی.

- دڵنیابوون لەوەی کە نەك هەر ژینگەیەکی ئارام و پاك و پارێزراوی فێربوون بۆ منداڵان دابین کراوە، بەڵکو برەو بە سەلامەتیی ئەوان و خاوێنیی خوێندنگا و پاراستن لە چوارچێوەی خوێندنگاکان و کۆمەڵگاکان دراوە.

- دڵنیابوون لەوەی کە خوێندنگاکان برەو بە تەندروستیی باش و خۆشگوزەرانیی خوێندکاران دەدەن لە ڕێگەی بەردەست کردنی ئاوی پاکی خواردنەوە و شوێنی دەستشۆرین و پشکنینی ئاسایی تەندروستیی خوێندنگا و هۆشیاریی تەندروستی.

ئەو وانانەی لە قۆناخی تاقیکردنەوە فێریان دەبین، بۆ پێشخستنی شێوازی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بەکاریان دێنین و ڕێنوێنییەکان و پیادەکردنە پەیوەندارەکانی کارپێکردن باشتر دەکەین کە بوار بە شێوازی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا دەدات لەسەر ئاستی نیشتمانیدا بەکاربێت. ئەم ڕێنوێنییانە بۆ ئەوە ئامادە کراون کە هەموو ئەو زانیارییانەتان پێ بدات کە پێویستان دەبێت

بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنگا، لەوانەش بەکارهێنانی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا کە ئەوانیش لێرەدا تاقی دەکرێنەوە. هەر کاتێك بە شێوەیەکی فەرمی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگاتان پێکهێنا و حیسابی بانکی خوێندنگای خۆتان کردەوە، بە سەرپەرشیی خۆتانەوە باشتربوونەکانی خوێندنگا دەست پێ دەکەن.

## ١–٢– دیدی ئێمە بۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا

وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان وای بۆ دەچێت کە بەتوانا کردنی خوێندنگاکان وا دەکات دەسەڵاتی گەورەتریان هەبێت لە بڕیاردانی ڕۆژانەدا لە پێناوی باشتر کردنی ئاستی چۆنایەتیی پەروەردە و دڵنیابوون لەوەی کە خوێندنگاکان سوودی کۆمەڵایەتی و ئابووری دابین دەکەن کە باشترین ڕەنگدانەوەیان دەبێت لە ڕێزبەندی و بەهاکانی کۆمەڵگەکانیان.

## ١–٣– پابەندبوونی ئێمە بە نوێبوونەوە

بە دەستەبەر کردنی ئەم دیدە، حکوومەتی عێراق بڕیاری داوە ڕێبازی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بگرێتە بەر وەك شێوازێك بۆ خوێندن و فێرکردن. لە تاقیکردنەوەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا، حکوومەت ئەم پێنج پابەندبوونەی خوارەوە، وەك ناوەندی ئەم ڕێبازە، لە ئامێز دەگرێت، هەروەها پەیوەندییەکی زۆری بە ئێوەی بەڕێوەبەرانی خوێندنگا و مامۆستایان و کارگێڕان و دایك و باوکان هەیە.

١– **هەموو خوێندنگایەك کۆمیتەیەکی بەڕێوەبردنی خوێندنگا هەڵدەبژێرێت: کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا لە هەموو خوێندنگایەکدا پێك دەهێنرێت و لە سەرەتادا، لە بەڕێوەبەری خوێندنگا و مامۆستایان و دایك و باوکان پێکدێت، لەگەڵ بژارەکان بۆ بەشداری کردنی سەرکردەکانی تری کۆمەڵگا لە کاتی پێویستدا. سەرۆکی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا هەڵدەبژێردرێت و پرۆسەکە بە دادپەروەری و ڕۆشنی بەڕێوە دەچێت. پێڕەوی ناوخۆ دەسەڵات و ئەرك و پەیوەندی و سەرچاوە و بەرپرسیارییەکان و کارگێڕیی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا دادەنێت. کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا بەپرسیار دەبێت لەو کار و چالاکییانەی کە لە بەشی (٣,٦) لە خوارەوە دانراون.**

٢– **هەموو خوێندنگایەك وێنەکانی ئەم ڕێبەرەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگای پێ دەدرێت:** ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا ئەو ڕێسایانەی ئێستاکە هەن لەگەڵ پێڕەوی ناوخۆی نوێ کۆدەکاتەوە بۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا. ڕێبەرەکە ڕۆڵ و دەسەڵاتە فەرمانبەرییەکان دادەڕێژێت بۆ هەموو پێکهاتەکانی ڕێکخستن و کارگێڕی لەسەر ئاستی خوێندنگادا. هەروەها ڕێبەرەکە وردەکارییەکانی ئیش دابین دەکات بۆ سەرجەم کارمەندانی بەڕێوەبردنی خوێندنگا، وەك ئەوەی لە خوارەوە دانراوە. ڕێنوێنییەکانی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا دەدرێتە هەموو کۆمیتەیەکی بەڕێوەبردنی خوێندنگای ئەزموونی و ئەندامانی ئەنجوومەنی دایك و باوکان – مامۆستایان و کارمەندان. لە ماوەی تاقیکردنەوەی پرۆژەکەدا، داواتان لێ دەکرێت تێبینیی خۆتان بدەن لەسەر خاڵە بەهێز و خاڵە لاوازەکان و بەهای هەموو توخمێك. بۆیە، ئەم ڕێنوێنییانە ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرن:

أ– پێشەکی

ب– ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خوێندنگا

ت– شێوازی وانەوتنەوە

پ– بەڕێوەبردنی کاروباری کارمەندان

ج– چاکردنەوە و ژێرخان

ح– بەڕێوەبردنی سەرچاوە و بودجە

خ– چاودێری و هەڵسەنگاندن

٣– **هەموو خوێندنگایەك پشتیوانیی تواناسازی وەردەگرێت:** پشتیوانیی تواناسازی بۆ هەموو خوێندنگایەك دابین دەكرێت بۆ ئەوەی ڕێنوێنییەكانی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا جێبەجێ بكات، كە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ– بەرچاوڕوونی سەبارەت بە پێڕەوی ناوخۆی نوێ و ڕێنوێنییەكانی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا

ب– ڕاهێنانی سەركردایەتی و بەڕێوەبردن

ت– ڕاهێنان لە بەشداری پێكردنی ئەوپەڕی ئەنجوومەنی دایك و باوكان – مامۆستایان

پ– ڕاهێنان بۆ كۆمیتەكانی خوێندنگا

ج– ڕاهێنان لە پلاندانان بۆ خوێندنگا

ح– ڕاهێنان لە بودجە دانان و كڕین

خ– ڕاهێنان لە كاروباری كارمەندان بۆ دامەزراندنی كاریگەر

د– ڕاهێنان لە ڕاپۆرت كردن

ژ– ڕاهێنان لە بەشداری پێكردن و دەسەڵات پێدانی كۆمەڵگا

ر– ڕاهێنان لە چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئاستی بەجێهێنان.

٤– **ڕێنوێنییەكان وردەكارییەكانی ئیش بە ڕوونی بۆ هەموو كارمەندان دابین دەكەن:** وردەكارییەكانی ئیش دادەنرێن و بە هەموو ئەو كارمەندانەی خوارەوە دەدرێن، شان بە شانی بەرچاوڕوونی سەبارەت بە چۆنیەتیی جێبەجێ كردنی وردەكارییەكانی ئیش:

أ– بەڕێوەبەری خوێندنگا

ب– یاریدەدەری بەڕێوەبەری خوێندنگا

ت– مامۆستا

پ– ڕاوێژكاری خوێندنگا

ج– ژمێریار (ئیشێكی نوێیە)

ح– نووسەر

خ– كارمەندی كارگێڕی (یان هەیە، یان دادەمەزرێنرێت)

٥– **هەموو خوێندنگایەك بەخشینی بەرەی خوێندنگای بۆ دابین دەكرێت:** هەموو خوێندنگایەك بەخشینی بەرەی خوێندنگای بۆ دابین دەكرێت (بودجەی خوێندنگا)، كە بەهاكەی بەپێی كۆمەڵە پێوەرێك دیار دەكرێت كە وەزارەتی پەروەردە دایدەنێت. هاوكێشەی بەخشین دانراوە و ئەمانەی خوارەوە لەبەرچاو دەگرێت:

أ– ژمارەی كارمەندان

ب– ژمارەی خوێندنكاران

ت– داخوازییەكانی كارپێكردن و چاكردنەوە

پ- شوێنی جوگرافی و ڕەوشی کەشوهەوا

ج- جۆری خوێندنگا (ئاست ١، ٢، ٣ی خوێندنگاکان)

ح- داخوازییە تایبەتەکان (پێداویستییە تایبەتەکان، پەنابەران، هتد.)

## ١-٤- ئەم پابەندبوونانە لەگەڵ پێوەرەکانی دۆستی منداڵ یەك دەگرنەوە

ئەم پابەندبوونانە بنچینەیین بۆ بەدیهێنانی دیدی گشتی بۆ چۆنایەتیی پەروەردە لە ڕێگەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا. ئەمانە پێوەرەکانی دۆستی منداڵ دەکەنە بنچینەیی بۆ دابین کردنی چۆنایەتیی پەروەردە بە ڕێزگرتن لە پێوەرە ڕەسەنەکانی وەزارەت خۆیەوە. لە ماوەی قۆناخی تاقیکردنەوەدا، گرنگی و بایەخی گەورە دەدرێت بە دابین کردنی پشتیوانیی ڕاست و دروست بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەم پابەندبوونانە بە تەواوی لەسەر ئاستی خوێندنگادا یەکخراون.

پرۆژەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا لەسەر هەوڵەکانی ئێستای وەزارەتی پەروەردە و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت بە مەبەستی ڕەخساندنی ژینگەیەکی دلگیر و دۆستانە و تەندروست و پارێزراوی خوێندنگا کە ڕێز لە جیاوازییەکان و هەمەجۆری و جیانەکاری بگرێت. هەروەها چۆنایەتیی پەروەردە دەستەبەر بکات و خوێندکاران هان بدات گوزارشت لە خۆیان بکەن و بەشداریی کاریگەرانە بکەن لە پرۆسەی فێربوون. لە ئەنجامی ئەم هەوڵانەدا، ژمارەیەك پێوەری خوێندنگای دۆستی منداڵ دانراون کە دەبنە هۆی دابین کردنی چۆنایەتیی پەروەردەی بەردەوام.

ئەم نامیلکەیە پێوەرەکانی خوێندنگای دۆستی منداڵ دەخاتە ڕوو کە بۆ بابەتی جۆراوجۆری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا کاریان پێ دەکرێت. پێوەری ماوە پەیوەندی هەیە بەو ئاستەی کە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانمان پێویستە. پێوەر هەمیشە بەرامبەر بە یەك دەرخەر یان زیاتر دەپێورێت کە بەڵگە دابین دەکات لەسەر ئەوەی ئاخۆ ئاستی پێوەرەکە هاتۆتە دی، یان نا، بۆیە، بوارمان پێ دەدات هەڵسەنگاندن بکەین بۆ ئەو ئاستی پێشوەچوونەی تا ئێستا بەدی هاتووە. لەم ڕێبەرەدا، لەگەڵ پێوەر و دەرخەر ئاشنا دەبیت، کاتێك ئەم هێما ڕەنگاوڕەنگانە بەکاردێن:

**پێوەری دۆستی منداڵ**

ئەو ئاستەی کە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانمان پێویستە.

**دەرخەرەکانی پێوەری دۆستی منداڵ**

پێوانی ئەوەی کە تا چ ڕادەیەك ئێمە پێوەرەکانمان جێبەجێ کردوون. بەڵگەی ئەوە دەدات ئاخۆ گەیشتووینەتە ئاستی پێوەر یان نا.

تێبینی: پێوەر بۆی هەیە زیاتر لە یەك دەرخەری هەبێت کە لەوانەیە هەندێکیان ڕاستەوخۆ بن و ئەوانی تریشیان ناڕاستەوخۆ بن.

# SECTION 2

# SCHOOL GOVERNANCE & MANAGEMENT

## ٢–١– بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا چییە؟

بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بریتیە لە هەوڵی گواستنەوەی هێز و دەسەڵاتی زیاتر بۆ خوێندنگاکان بۆ ئەوەی وا لە بەڕێوەبەرانی خوێندنگا و مامۆستایان و دایك و باوکان و ئەندامانی کۆمەڵگا بکات بڕیارە ڕۆژانەییەکان بدەن کە بەڕێوەبردنی خوێندنگا و ئاستی بەجێهێنانی خوێندکاران باشتر دەکەن. ڕادەی گواستنەوەی بڕیاردان بۆ خوێندنگا لەسەر ئاستی ناوەندییەوە دیار دەکرێت. پاشان ڕێنوێنییەکانی سیاسەت و ڕێکارەکانی کارپێکردن ئامادە دەکرێن بۆ ئەوەی چۆنیەتیی پەیڕەو کردنی ئەم بڕیارە ڕۆژانەییانە پیشان بدرێن.

پێشکەش کردنی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا لە خوێندنگاکاندا پرۆسەیەکی بەرە بەرەییە و دەوەستێتە سەر پێکهێنانی دەستەیەکی بەهێزی بەڕێوەبردن کە پێکدێت لە بەڕێوەبەرانی خوێندنگا و مامۆستایان و دایك و باوکان و ئەندامانی کۆمەڵگا. بە زۆری وەك کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا ئاماژەی پێ دەکرێت. ئەم دەستەیە دەسەڵاتی بڕیاردان پیادە دەکەن سەبارەت بەوەی چ دەستێوەردانێك بۆ ڕێزبەندی کردن و جێبەجێ کردن پێویستە بۆ بەهێز کردنی چۆنایەتیی پەروەردە کە بە باشترین شێوە لە بەرژەوەندیی خوێندکاراندا بێت بە پابەندبوونی تەواو بە ڕێبەری نیشتمانی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.

## ٢–٢– چاودێری و هەماهەنگیی نیشتمانی و پارێزگا سەبارەت بە بەرنامەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا

لەسەر ئاستی نیشتمانیدا، پرۆژەی ئەزموونیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا لەلایەن دوو دەستەوە سەرکردایەتی و چاودێری دەکرێت کە وەزارەتی پەروەردە بە پشتیوانیی ڕێکخراوی یونیسێف پێکیهێناون. ئەم دوو دەستەیەش ئەمانەی خوارەوەن:

– **کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاریی پەروەردەی کوردستان:** کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاریی پەروەردەی کوردستان بە فەرمانێکی وەزاری پێکهێنرا بۆ هەماهەنگ کردنی بەرنامەی چاکسازی لە کەرتی پەروەردەدا (لە قۆناخی پێش خوێندنگا تا خوێندنی دواناوەندی دەگرێتەوە) کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پەروەردە. کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاریی پەروەردەی کوردستان دەستەیەکی سیاسەتی بڕیاردانە بۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا، بۆیە، ئاراستەی تەواو دابین دەکات لەسەر چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی.


– **کۆمیتەی سەرکردایەتی کردنی نوێبوونەوەی کەرتی گشتیی نیشتمانی:** کۆمیتەی سەرکردایەتی کردنی نوێبوونەوەی کەرتی گشتیی نیشتمانی ئاراستەی ستراتیژیی گشتی دابین دەکات بۆ سیاسەتی نوێبوونەوەی کەرتی گشتی و هەماهەنگی کە گەشەپێدانی دید و ستراتیژی نوێبوونەوەی کەرتی گشتی حکومەتیش دەگرێتەوە. بە ڕێبەریی کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاریی پەروەردەی کوردستان، کۆمیتەی سەرکردایەتی کردنی نوێبوونەوەی کەرتی گشتیی نیشتمانی سەرپەرشتی چاکسازییەکانی کەرتی پەروەردە دەکات.

لەسەر ئاستی پارێزگادا، **کۆمیتەکانی چاکسازی پەروەردە** لە پارێزگاکاندا پێکهێنراون و زۆرینەی ئەندامەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەن. کۆمیتەکانی چاکسازی پەروەردە چاودێری و سەرپەرشتیی جێبەجێ کردنی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا دەکەن لە هەموو خوێندنگایەکی بەشدار و ئەوە پشتڕاست دەکەن کە هەموو خوێندنگایەك پێوەرەکانی خوێندنگای دۆستی منداڵی جێبەجێ کردووە شان بە شانی تەواوی ڕێنوێنییەکانی کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاریی پەروەردەی کوردستان.

کۆمیتەکانی چاکسازیی پەروەردە بەرپرسیار دەبن لە تواناسازی و چاودێری و سەرپەرشتی کردنی خوێندنگاکان کە چالاکییەکانی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا ئەنجام دەدەن.

ئەم شێوەی خوارەوە باسێکی گشتی دەخاتە ڕوو سەبارەت بە چۆن بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا کاریگەری دەبێت لەسەر ئەنجامەکانی فێربوون و لایەنە سەرەکییەکان (سەرکردایەتی، بەڕێوەبەران، دایك و باوکان، خوێندکاران) پیشان دەدات کە بەشدارییان لەم ڕێبازە نوێیەدا کردووە.

## How School Based Management Affects Teaching and Learning in Your School



### ٢–٣– کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا

**کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا** لەلایەن هەموو خوێندنگایەکی بەشدار پێك دەهێنرێت. لە سەرەتادا، بەڕێوەبەرانی خوێندنگا و مامۆستایان (لەلایەن ئەنجوومەنی مامۆستایان هەڵدەبژێردرێن) و دایك و باوکان (لەلایەن ئەنجوومەنی دایك و باوکان – مامۆستایان هەڵدەبژێدرێن) دەبنە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا. کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ بەشداری پێکردنی ئەندامانی کۆمەڵگا، ئەوانەی پابەندن بە بەکارهێنانی کات و کارامەییەکانی خۆیان بۆ باشتر کردنی خوێندنگا. سەرۆکی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا هەڵدەبژێدرێت بەپێی ئەو رێکارەی کە لە خوارەوە دانراوە.
پێڕەوی ناوخۆ دەسەلاٚت و ئەرك و پەیوەندی و سەرچاوە و بەرپرسیارییەکان و کارگێڕیی ئەنجوومەن دادەنێت. بە گشتی، کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا پلانەکانی گەشەپێدانی خوێندنگا ئامادە دەکات بە پشتبەستن بە بەڵگەی بەردەست کە لەسەر ئاستی خوێندنگا بەدیهێنراون بۆ ئەوەی ئەو ئامانجانە بەدی بێنرێن کە لە پێوەرەکانی خوێندنگای دۆستی منداڵ هاتوون. هەروەها ئەنجوومەنەکان هەڵدەستن بە بەڕێوەبردن و چاودێری و راپۆرت کردنی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە بەخشینەکانی خوێندنگا بەپێی رێنوێنییەکانی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا لەژێر سەرپەرشتیی کۆمیتەکانی چاکسازیی پەروەردە.

### ٢–٤– پاڵاوتنی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا

لە هەموو خوێندنگایەکدا، کۆمیتەیەکی بەڕێوەبردنی خوێندنگا وەك دەستەیەکی هەمیشەیی پێك دەهێنرێت. کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی رۆشندا هەڵدەبژێردرێت، وەك لە خوارەوە دانراوە. ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا بە رێژەی (٧٥٪) لەنێو دایك و باوکان دەبن و بە رێژەی (٢٥٪)یش لەنێو مامۆستایان و ئەندامانی دەسەلاٚتی خۆجێیی دەبن و کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگاش لە ١٠–١٢ نوێنەر پێکدێت. رێژەی ژنان (٥٠٪)ی ئەندامانی کۆمیتەکە دەبێت. کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا ئەم ئەندامانەی خوارەوەی دەبێت:

- سەرۆك
- جێگری سەرۆك
- سکرتێر (بەڕێوەبەری خوێندنگا)
- خەزنەدار
- ئەندامان
- نوێنەرانی دەرچوو

کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا بەم پرۆسەی خوارەوە هەڵدەبژێردرێت:

- راگەیاندنی گشتی بە ٧ رۆژ پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان
- نامە ناردن بۆ بەرپرسی پەروەردەی ناوچە
- بلاٚوکردنەوەی لیستی دایك و باوکان و بەخێوکەران
- تۆمار کردنی پاڵێوراوان
- چارەسەر کردنی هەموو سکالاٚیەك سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن
- بلاٚوکردنەوەی لیستی کۆتایی پاڵێوراوەکان
- دەنگدان
- ژماردنی دەنگەکان
- بلاٚوکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن
- پەسەند کردن لەلایەن ئەنجوومەن
- رادەست کردنی بەرپرسیارییەکان

لە هەردوو ساڵێکدا، جارێك هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت بە چاودێریی نوێنەری بەشی پەروەردەی ناوچە. لە کۆتایی ماوەی دوو ساڵەکەدا، هەڵبژاردنێکی نویٚ ئەنجام دەدرێت بە مانگێك پێش تەواوبوونی ماوەی کۆمیتەی ئێستا. کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا مانگانە کۆبوونەوە دەکات و بۆ یەکەم کۆبوونەوە، ١٥ ڕۆژ پێش کۆبوونەوە ئەندامە هەڵبژێردراوەکان ئاگادار دەکاتەوە. کۆنووسی کۆبوونەوەکان ئامادە دەکرێت و بۆ دایك و باوکان و مامۆستایان و خوێندکارانی خوێندنگا بەردەست دەکرێن.

## ٢–٥– دەست لەکارکێشانەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا

ئەگەر ئەندامێکی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا دەست لەکاربکێشێتەوە، یان ئەندامبوونی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوا شوێنەکە لە ڕێگەی پرۆسەیەکی سادەی هەڵبژاردنەوە، وەك ئەوەی لە خاڵی (٣،٤)ی سەرەوە دیار کراوە، پڕ دەکرێتەوە.

## ٢–٦– بەرپرسیارییەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا

کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا، وەك لەسەرەوە دیار کراوە، سەرکردایەتی و بەڕێوەبردن بۆ خوێندنگاکان دابین دەکات و پێوەرەکانی دۆستی منداڵ جێبەجیٚ دەکات و ڕابەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا دەکات بۆ ئەوەی کاریگەریی ئەرێنی بکاتە سەر ڕێکخستنی خوێندنگا و لێکەوتە پەروەردەییەکان. کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا: (أ) چاودێریی بەڕێوەبردنی خوێندنگا دەکات (ب) ڕاسپاردە ئامادە دەکات بۆ پلانی گەشەپێدانی خوێندنگا لەسەر ئەو بنەمایەی کە بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا دابین دەکرێن (ت) چاودێری بەکارهێنانی بەخشینەکان دەکات (پ) ئەم بەرپرسیارییە گشتییانەی خوارەوە بەجیٚ دەهێنێت.

- دابین کردنی سەرکردایەتی و دەسەڵاتی ئاکاری
- ئامادە کردنی ڕوانگە بۆ خوێندنگا
- دانانی ئامانج و مەبەست و ئەنجامە پەروەردەییەکان
- جێبەجیٚ کردن و چاودێری کردنی پێوەرەکانی خوێندنگای دۆستی منداڵ
- دەسەڵات پێدانی خەرجییەکانی بەخشینی خوێندنگا و کڕین
- سەرکردایەتی کردنی هەوڵەکانی زیاد کردنی دارایی
- داڕشتنی پلانی ساڵانەی گەشەپێدانی خوێندنگا
- دانانی سیاسەت و پیادەکردنەکانی بەڕێوەبردنی خوێندنگا
- نەخشەسازی و دەستنیشان کردنی جل و بەرگی خوێندنگا
- دامەزراندنی کۆمەڵەی دەرچووانی خوێندنگا بۆ خوێندنگا دواناوەندییەکان
- دانان و نویٚ کردنەوەی ماڵپەڕی خوێندنگا
- زیاد کردنی ئاستی بەشداریی دایك و باوکان و کۆمەڵگا
- چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئەنجام و کاریگەری.

## ٢–٧– پێوەر و دەرخەرە کارپێکراوەکان

ئەم پێوەر و دەرخەرە کارپێکراوانەی خوارەوە وەك بەشێك لە ڕێبازی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خوێندنگا جێبەجیٚ دەکرێن. ئەوە بەرپرسیاریی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگایە کە مسۆگەر کردنی ئەم پێوەرانە پشتڕاست بکاتەوە. بەکارهێنانی ئەو دەرخەرانەی لێرە دابین کراون لەگەڵ دەستەبەر کردنی سەرنج و پێشنیارەکان بە شێوەی ساڵانە سەبارەت بە ئاستی بەجێهێنانی خوێندنگا لەبارەی پێوەرە تایبەتەکان بەشێکی گرنگی کاری کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگایە.

پێوەری ١–١

هەموو خوێندنگایەك روانگە و ئەركێكی بەرزخوازی گونجاوی هەیە.

دەرخەرەكان

١-١-١- بەڵگەنامەیەك هەیە باسی ئەو روانگە و ئەركەی خوێندنگا دەكات كە جەخت دەكەنە سەر بەرز كردنەوەی ئاستە ئەكادیمی و پەروەردەییەكانی خوێندكاران.

١-٢-١- هەموو كارمەندانی خوێندنگا و نوێنەرانی دەستە پەروەردەییەكان بەشداری دەكەن لە پێكهێنانی روانگە و ئەركی خوێندنگا.

١-٣-١- هەموو لایەنە هاوبەشەكان پابەندن بە جێبەجێ كردنی روانگەی خوێندنگا و تێگەیشتن لە ئەركەكەی.

پێوەر

خوێندنگا سەركردایەتییەكی كارای هەیە.

دەرخەرەكان

٣-١-١- سەركردایەتیی خوێندنگا چالاك و كارایە و رۆڵی هەیە لە پشتیوانی كردنی پرۆسەی فێربوون و فێركردن.

٣-١-٢- بەرێوەبردنی خوێندنگا وەڵامدەرەوەیە بۆ گۆڕینی ئەرێنی.

٣-١-٣- رێزگرتنێكی هاوبەش هەیە لە نێوان ئەندامانی دەستەی خوێندنگا.

٣-١-٤- بریارەكان بە كۆدەنگی دەدرێن و روون و رۆشنن.

٣-١-٥- كێشەكانی خوێندنگا بە شێوەیەكی مرۆیی و ئامانجدار چارەسەر دەكرێن.

پێوەری ١-١

خوێندنگا سەرچاوە دارایی و مرۆییەكانی خۆی بە شێوەیەكی كارا و لێهاتووانە بەرێوە دەبات.

دەرخەرەكان

٣-٢-١- خوێندنگا پێداویستییە داراییەكانی خۆی دەستنیشان دەكات و بەردەوام لەوە دەكۆڵێتەوە كە دەستەبەر و چارەسەر كراون.

٣-٢-٢- خوێندنگا بە شێوەیەكی نموونەیی باڵەخانە و سەرچاوەكانی خۆی بەكاردێنێت.

٣-٢-٣- مامۆستایان بەپێی پێداویستییەكان و تایبەتمەندییەكانی خۆیان دابەش دەكرێن.

٣-٢-٤- مامۆستایان و كارمەندانی دیكەی خوێندنگا بە باشی ئەركەكانیان بەجێ دەهێنن و بەرپرسانەش رەفتار دەكەن.

٣-٢-٥- كارمەندانی خوێندنگا پابەندن بە كاژێرەكانی كاركردنی فەرمی.

٣-٢-٦- مامۆستایان بە شێوەیەكی ئاسایی بەشداری لە كۆبوونەوە راوێژكارییە وەرزییەكان دەكەن كە پەیوەندییان بە پرسەكانی

خوێندنگاوە هەیە.

٣-٢-٧- بەڕێوەبردنی خوێندنگا ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە هەموو شوێنە فەرمانبەرییەکان پڕ کراونەتەوە و بە بەتاڵی نەماونەتەوە.

بەدیهێنانی ئەم ئەنجامانە لە پەڕەی خۆهەڵسەنگاندن دەگەیەنرێن کە لە کۆتایی ئەم ڕێبەرەی ڕێنوێنییەکان دابین کراون.

# SECTION 3

# TEACHING METHODOLOGY

### ٣–١– شێوازی وانەوتنەوەی کاریگەر

حکومەتی عێراق کۆمەڵێك پێوەری خوێندنگای دۆستی منداڵی پەسەند کردووە کە پابەندبوون بەو پێوەرانەی ئێستا کە وەزارەتی پەروەردە دایناون، مسۆگەر کردنی چۆنایەتیی پەروەردە پشتڕاست دەکاتەوە. سەرکەوتنی پرۆژەی ئەزموونیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بەندە بە گونجاندنی شێوازەکانی وانەوتنەوەی ئێستا لەگەڵ پێوەرەکانی خوێندنگای دۆستی منداڵ (بڕوانە خوارەوە).

لە کاتێکدا کە ئەم ڕێبەرەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا شوێنی شێوازەکانی وانەوتنەوەی ئێستا ناگرنەوە، بەڵام هەوڵێکە بۆ باشتر کردنی شێوازەکانی وانەوتنەوە کە لەسەر ئاستی خوێندنگا پەیڕەو دەکرێن. بۆیە، ڕێبازی گشتی بۆ شێوازی وانەوتنەوە نەك هەر ئەم خاڵە گشتییانەی خوارەوەی پەروەردە بە تەنیا ناگرێتەوە، بەڵکو پێوەرەکانی دۆستی منداڵیش کە لێرە پەیڕەو دەکرێن، دەگرێتەوە:

– **ڕێبازی جەخت کردنە سەر فێربوون، نەك تەنیا جەخت کردنە سەر پێڕەوی خوێندن (مەنهەج):** ئەم ڕێبازە جەخت دەکاتە سەر: (أ) جۆرەکانی ئەو چالاکییانەی فێربوون کە مامۆستایان دایدەهێنن (ب) نەخشە و ڕێکخستنی پۆلەکەی خۆت (ت) ئەو شێوازەی کە خوێندکاران لەگەڵ تۆ فێر دەبن (پ) چۆن خۆت بۆ هەر وانەیەك ئامادە دەکەیت (ج) چۆنیەتیی وەرگرتنی زۆرترین سوود لە شێوازی وانەوتنەوەی خۆت.

– پەیڕەو **کردنی بنەماکانی وانەوتنەوەی پێوانەیی وەك بەشێك لە ڕێبازی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا:** ئەو بنەما سەرەکییانەی کە پێشبینی دەکرێت هەموو مامۆستایەك لە ئامێزی بگرن، ئەمانەی خوارەوەن:

- **بنەمای ١:** مامۆستا لەو چەمکە سەرەکییانە و ئامرازانەی بەدیهێنان و پێکهاتانەی پێڕەوکاری تێدەگات کە دەیلێتەوە و دەتوانێت ئەو ئەزموونانەی فێربوون دابهێنێت کە ئەم ڕواڵەتانەی بابەت بۆ خوێندکاران واتادار دەکات.
- **بنەمای ٢:** مامۆستا دەزانێت چۆن منداڵان فێر دەبن و گەشە دەکەن. هەروەها دەتوانێت ئەو دەرفەتانەی فێربوون بڕەخسێنێت کە پشتیوانی لە گەشەپێدانی بیری و کۆمەڵایەتی و کەسی دەکەن.
- **بنەمای ٣:** مامۆستا دەزانێت چۆن خوێندکاران جیاوازییان هەیە لە شێوەکانی فێربوونی خۆیان. ئەو دەرفەتانەی فێربوون دەڕەخسێنێت کە بۆ فێرخوازانی جۆراوجۆر دانراون، بۆ خوێندکارانی کوڕ و کیژ و ئەوانەش کە پێداویستیی تایبەتییان هەیە.
- **بنەمای ٤:** مامۆستا چەندین جۆرەکانی ستراتیژی فێرکردن دەزانێت و بەکاریان دێنێت بۆ هاندانی گەشەپێدانی خوێندکاران، وەکو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چارەسەر کردنی کێشە و گرفت و کارامەییەکانی بەجێهێنان.
- **بنەمای ٥:** مامۆستا تێگەیشتن بەکاردێنێت لەبارەی بزواندنی تاك و گروپ و بە شێوەیەك ڕەفتار دەکات کە ژینگەیەکی فێربوونی وا بڕەخسێنێت کە هاندەر بێت بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتیی ئەرێنی و بەشداری پێکردنی چالاکانە لە فێربوون و خۆبزوواندن.
- **بنەمای ٦:** مامۆستا زانینی خۆی بەکاردێنێت لە تەکنیکە کاریگەرەکانی زارەکی و نازارەکی و میدیایی بۆ بەهێز کردنی پرسیار کردنی چالاکانە و هاوکاری و کارلێکی پاڵپشتیکەر لەناو پۆلدا.
- **بنەمای ٧:** مامۆستا پلان دادەنێت بە پشتبەستن بە زانینی بابەتەکان و خوێندکاران و کۆمەڵگا و ئامانجەکانی پێڕەوی خوێندن و پشتیوانی کردن لە هێنانەدی پێوەرەکانی خوێندنگای دۆستی منداڵ.
- **بنەمای ٨:** مامۆستا ستراتیژە فەرمی و نافەرمییەکان دەزانێت و بەکاریان دێنێت بۆ هەڵسەنگاندن و دڵنیابوون لە گەشەپێدانی بەردەوامی بیری و کۆمەڵایەتی و جەستەیی فێرخوازان هاوتەریب لەگەڵ پێوەرەکانی خوێندنگای دۆستی منداڵ.

- **بنەمای ۹:** مامۆستا ڕاهاتوویەکی ڕەنگدەرەوەیە کە بەردەوام هەڵسەنگاندن دەکات بۆ کاریگەری و ئەنجامەکانی بژاره و کردارەکانی خۆی لەسەر کەسانی تر (خوێندکاران، دایك و باوکان، پیشەگەرانی تر لەنێو کۆمەڵگای فێربوون). هەروەها چالاکانە هەوڵ دەدات بۆ دەرفەتەکانی گەشەپێدان بە شێوەیەکی پیشەگەرانە.
- **بنەمای ۱۰:** مامۆستا پەیوەندییەکان بەهێز دەکات لەگەڵ هاوکارانی خۆی لە خوێندنگا و دایك و باوکان و ڕێکخراوەکان لەنێو کۆمەڵگای فراوانتر بۆ پشتیوانی لە فێربوون و خۆشگوزەرانیی خوێندکاران لە ڕێگەی پرۆژەی تایبەت و چالاکییە تایبەتەکانی خوێندنگا.

بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەم بنەمایانە بۆ شێوازە بەکارهێنراوەکانی وانەوتنەوە بنچینەیین، لە خوێندنگا ئەزموونییەکانی پرۆژەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا، زۆر گرنگە ئەو پێوەر و دەرخەرانەی خوێندنگاکانی دۆستی منداڵ دەستەبەر بکرێن کە لە خوارەوە پیشان دراون. ئەمە مامۆستایان ناوەستێنێت لە گەشەپێدانی شێوازی وانەوتنەوەی تایبەت بە خۆیان (بۆ نموونە، بەکارهێنانی چارەسەر کردنی کێشە و گرفتەکان، یان پرسیار کردن لە منداڵان چی فێربوونە و بۆچی ئەوەی فێربوونە گرنگە)، بەڵکو دەبێتە هۆی دەستەبەربوونی هەر شێوازێك کە ئەم ڕێبازە گشتییەی بنەماکان بەدی دێنێت. کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا بۆ چاودێریی ئاستی پێشوەچوون و کاریگەری بەرامبەر بەم پێوەر و دەرخەرانەی خوارەوە، ئامرازی خۆهەڵسەنگاندن بەکاردێنێت.

| پێوەری ٤–١ |
|---|
| گونجاندنی پێڕەوی خوێندن بۆ ئەوەی کاریگەر بێت. |

| دەرخەرەکان |
|---|
| ٤–١–١– کتێبەکانی خوێندن ڕوون و پەیوەندارن و خوێندکاران لێی تێدەگەن. |
| ٤–١–٢– هەموو خوێندکاران کتێبەکانی خوێندن و سەرجەم بابەتەکانی تریان هەیە. |
| ٤–١–٣– پێڕەوی خوێندن هەموو ئامانجە پەروەردەییە دانراوەکان بەدی دێنێت. |
| ٤–١–٤– چالاکییە پەروەردەییەکان پەیوەندارن بە پێڕەوی خوێندن. |
| ٤–١–٥– پێڕەوی خوێندن چالاکییەکانی وەرزش و هونەر و دیدەوانی لەخۆ دەگرێت. |
| ٤–١–٦– خوێندکار چەقی پرۆسەی پەروەردەییە. |

| پێوەری ٤–٢ |
|---|
| خوێندنگا شێوازە کاریگەرەکانی وانەوتنەوە بەکاردێنێت. |

| دەرخەرەکان |
|---|
| ٤–٢–١– مامۆستایان ئەو شێوازە نوێیانەی فێرکردن بەکاردێنن کە بۆ بابەتەکە گونجاون، وەکو فێربوونی هەرەوەزییانە، چارەسەر کردنی کێشە و گرفت، ئاڵوگۆڕ کردنی بیرورا، ڕۆڵ نواندن، هتد. |
| ٤–٢–٢– خوێندنگا شێواز و تەکنیکە پەروەردەییەکان بە باشی لە پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بەکاردێنێت. |

٤-٢-٣- خوێندنگا ژینگەیەکی فێربوونی بزوێنەر دابین دەکات بۆ داهێنان و نوێکاری.

٤-٢-٤- ڕۆڵی مامۆستایان لەناو پۆلدا ڕۆڵی ئاسانکارە بۆ پرۆسەی فێربوون.

٤-٢-٥- مامۆستایان توانای پێشکەش کردنی بابەتی زانستییان هەیە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش کە خوێندکاران لێی تێ بگەن.

**پێوەری ٤-٣**

خوێندنگا شێوازە کاریگەرەکانی وانەوتنەوە بەکاردێنێت.

**دەرخەرەکان**

٤-٣-١- مامۆستایان پلانەکانی وانە بە شێوەیەکی ڕوون ئامادە دەکەن کە خوێندکاران لێی تێ بگەن و ئامانجەکانی وانە بەدی بێنن.

٤-٣-٢- پلانەکانی وانە ئامانجە پەروەردەیی و ڕەفتارییەکان لەخۆوە دەگرن.

٤-٣-٣- پلانە پەروەردەییەکان بەرە بەرە و بەیەکەوە بەستراون.

٤-٣-٤- بەڕێوەبردنی خوێندنگا بەدواداچوون بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکانی وانە دەکات.

٤-٣-٥- سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی ناوە ناوە هەڵسەنگاندن دەکەن سەبارەت بەوەی کە پلانەکانی خوێندنگا تا چەند ئامانجەکانی خۆیان بەدی هێناوە.

**پێوەری ٤-٤**

مامۆستایان جیاوازییە کەسییەکانی نێوان خوێندکاران لەبەرچاو دەگرن.

**دەرخەرەکان**

٤-٤-١- مامۆستایان کارامەییان هەیە بۆ دەستنیشان کردنی توانا کەسییەکانی خوێندکاران.

٤-٤-٢- مامۆستایان هەمەجۆری لە شێواز و چالاکییە پەروەردەییەکان دەکەن.

٤-٤-٣- مامۆستایان ئەو شێوازە فرانەی وانەوتنەوە بەکاردێنن کە جیاوازییە کەسییەکانی خوێندکاران لەبەرچاو دەگرن.

٤-٤-٤- مامۆستایان ئەو چالاکی و ئەرکانە بە خوێندکارەکانیان دەدەن کە لەگەڵ توانا هۆشییەکانی ئەوان گونجاون.

**پێوەری ٤-٥**

خوێندنگا ناوە ناوە و بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵسەنگاندن بۆ خوێندکاران دەکات.

**دەرخەرەکان**

٤-٥-١- خوێندنگا ڕێکارە فرەکان بەکاردێنێت بۆ خەملاّندن و هەڵسەنگاندنی خوێندکارانی خۆی.
٤-٥-٢- خوێندکاران سەرنج و پێشنیار وەردەگرن بۆ باشتر کردنی ئاستی فێربوونی خۆیان.
٤-٥-٣- هەمەجۆری و روونی هەیە لە تاقیکردنەوەکانی خوێندنگا.
٤-٥-٤- خوێندنگا ئاخاوتن و پەیوەندی لەگەڵ دایك و باوکان دەکات بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی بەجێهێنانی منداڵەکانیان و چۆنیەتیی یارمەتیدانیان بۆ باشتر کردنی ئاستی پێشوەچوون.
٤-٥-٥- راوێژکارانی پەروەردەیی پشتیوانی بۆ خوێندکاران دابین دەکەن.
٤-٥-٦- بەرێوەبردنی خوێندنگا بەدواداچوون بۆ نوێ کردنەوەی تۆمارەکانی خوێندنگا دەکات لە رێگەی راوێژکارانی پۆل.

پێوەری ٢-٥

خوێندنگا شوێنێکی گرنگ و دڵگیر و پێشوازیکەرە.

دەرخەرەکان

٢-٥-١- پۆل و رووی دەرەوەی خوێندنگا بە رەنگی بریقەدار بۆیاخ دەکرێن.
٢-٥-٢- خوێندنگا جیاوازییەکانی جۆری کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگرێت.
٢-٥-٣- رووی ناوەوەی دیوارەکانی خوێندنگا بە وێنە و نەخشەی پەروەردەیی دەرازێنرێنەوە.
٢-٥-٤- چالاکییەکانی وەك گەشت و کات بەسەربردن و سەردانی زانستی و هتد، ناوە ناوە لەلایەن کۆمیتەیەکی تایبەت بەو چالاکییانە رێك دەخرێن.
٢-٥-٥- خوێندنگا بایەخ بە کێشەکانی خوێندکاران دەدات و هەوڵ دەدات بۆ گەڕانەوەی ئەو خوێندکارانەی وازیان لە خوێندن هێناوە.
٢-٥-٦- خوێندنگا چالاکییەکانی کۆمیتە جۆراوجۆرەکانی خۆی هان دەدات.

### ٣-٢- پەروەردەی جەختکراو لەسەر خوێندکار

ئەو بنەمایانەی لە (٣,١)ی سەرەوە دارێژراون بنچینەیین بۆ بەدیهێنانی پەروەردەی جەختکراو لەسەر خوێندکار. بۆ بەدیهێنانی زۆرترین ئەنجامەکانی فێرکردن، خوێندنگاکان پێویستە هەوڵ بدەن بۆ رەخساندنی ژینگەیەکی فێربوونی جەختکراو لەسەر خوێندکار کە بەتواناکەر و گشتگیر و کۆمەڵایەتی و ئارام و پارێزراو بێت. رێبازی جەختکراو لەسەر خوێندکار ئەمانەی خوارەوە دێنێتە دی:

- بەهێز کردنی بزوواندنی خوێندکار
- برەودان بە پەیوەندیی هاوتەمەنان
- کەم کردنەوەی رەفتاری پچڕاندن
- دروست کردنی پەیوەندییەکانی نێوان خوێندکار و مامۆستا
- برەودان بە فێربوونی چالاکی / دۆزینەوە
- زیاد کردنی بەرپرسیاری بۆ فێربوون

پەروەردەی جەختکراو لەسەر خوێندکار لەسەر ئەوە داهێنراوە کە بایەخ دەدات بە فێربوونی بابەت، خۆفێربوون و فێربوونی کۆمەڵایەتی خاڵی بنچینەیین بۆ باشتر کردنی ئەنجامە پەروەردەییەکان.

- **فێربوونی بابەت:** خوێندکاران بە باشترین شێوە فێری ئەو بابەتانە دەبن کە بە تێڕامانەوە پێشکەش دەکرێن.

– **خۆفێربوون:** هەموو خوێندكارێك بە پرۆسەی فێركردنی خۆی خەریك دەبێت.

– **فێربوونی كۆمەڵایەتی:** فێربوون لە رێگەی كارلێكی كۆمەڵایەتی و كەلتوورییەوە دەبێت.

ئەم رواڵەتانەی خوارەوە سەبارەت بە فێربوونی جەختكراو لەسەر خوێندكار بنچینەیین بۆ پێوەرەكانی خوێندنگای دۆستی منداڵ كە بنچینەیین بۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.

**پێوەری ٥–١**

خوێندنگا پشتیوانی لە خوێندكاران دەكات و بایەخیان پێ دەدات.

**دەرخەرەكان**

٥–١–١– خوێندنگا بڕوای بەوە هەیە كە هەموو منداڵێك بەبێ هیچ جیاكارییەك مافی خوێندنی هەیە.
٥–١–٢– خوێندنگا ژینگەیەكی دیموكرات دەرەخسێنێت كە خوێندكاران هان دەدات بەشداری بكەن لە گفتوگۆ و دەربڕینی بۆچوونەكانی خۆیان.
٥–١–٣– بەرنامە پەروەردەییەكان جەخت دەكەنە سەر گەشەپێدانی كارامەییەكانی ژیان بۆ خوێندكاران.
٥–١–٤– مامۆستایان گرنگی بە مافەكانی منداڵ دەدەن و تێگەیشتنێكی روونیان هەیە لەبارەی رێكەوتننامەی مافەكانی منداڵ.
٥–١–٥– خوێندنگا هانی هاوكاری و رێزگرتنی هاوبەش لەنێوان مامۆستایان و خوێندكاران دەدات.
٥–١–٦– مامۆستایان كارامەیی گونجاویان هەیە بۆ پەیوەندی و ئاخاوتن لەگەڵ خوێندكاران.

**پێوەری ٥–٢**

خوێندنگا پشتیوانی لە بەها باش و ئەرێنییەكان دەكات و بڕەویان پێ دەدات.

**دەرخەرەكان**

٥–٢–١– خوێندنگا رێكاری روون دەگرێتە بەر بۆ پشتیوانی كردن لە رەفتاری جوانی خوێندكاران.
٥–٢–٢– بەرنامە پەروەردەییەكان برەو بە بەهاكان و ئاشتی و خۆشەویستی دەدەن.
٥–٢–٣– خوێندنگا سیستەمێكی روونی هەیە بۆ پاداشت و رێنوێنی و راوێژكاریی پەروەردەیی.
٥–٢–٤– خوێندنگا توندوتیژی و دوژمنكاری بە شێوەیەكی پەروەردەیی گونجاو چارەسەر دەكات. خوێندنگا لە هیچ توندوتیژییەك خۆش نابێت، جا ئەگەر لەلایەن مامۆستایانەوە بێت، یان خوێندكاران.
٥–٢–٥– خوێندنگا برەو بە بەها جوانەكانی خوێندكاران دەدات لە رێگەی ئامرازی هەمەجۆری وەك پۆستەر و فیلم و رێنوێنی و هتد.

**پێوەری ٥–٣**

خوێندنگا پشتیوانیی گونجاو بۆ خوێندنی تایبەت پێشکەش دەکات.

دەرخەرەکان

٥-٣-١- خوێندنگا ڕێکاری پەیوەندار و گونجاو و ڕوون دەگرێتە بەر بۆ فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت.
٥-٣-٢- خوێندنگا پشتیوانیی ورەیی و جەستەیی بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەبین دەکات.
٥-٣-٣- خوێندنگا ڕاهێنان بۆ مامۆستایان دابین دەکات لەسەر چۆنیەتیی ڕەفتار کردن لەگەڵ منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت.
٥-٣-٤- بەردەست کردنی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت ئەگەر پۆلێك بۆ پەروەردەی تایبەت لە خوێندنگا هەبێت.
٥-٣-٥- خوێندنگا نەخشەسازی بۆ چالاکیی جۆراوجۆری پەروەردەی گشتگیر دەکات.
٥-٣-٦- خوێندنگا نەخشەسازی بۆ ئەو بەرنامە پەروەردەییانە دەکات کە توانای منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەبزوێنێت.

پێوەری ٧-١

خوێندکاران تەندروستیی باش و سەلامەتی و بەهای ئەرێنییان هەیە.

دەرخەرەکان

٧-١-١- خوێندکاران هەست بە ئارامی و پارێزراوی لە خوێندنگا دەکەن.
٧-١-٢- خوێندکاران لە مەترسییەکان بەئاگان و دەزانن چۆن خۆیان بپارێزن.
٧-١-٣- خوێندکاران تەندروستیی باشیان هەیە.
٧-١-٤- خوێندکاران بایەخ بە پاکژیی کەسی و گشتی دەدەن.
٧-١-٥- خوێندکاران هاوکاری یەکتری دەکەن و هاوسۆزی بەرامبەر بە یەك پیشان دەدەن.
٧-١-٦- کەمبوونەوەی ڕووداوی توندوتیژی لە خوێندنگا هەیە.
٧-١-٧- خوێندکاران پابەندن بە کاژێرەکانی کارکردنی خوێندنگا.
٧-١-٨- خوێندکاران بایەخ بە سامان و موڵکی خوێندنگا دەدەن.
٧-١-٩- خوێندکاران پابەندن بە یاسای ڕەفتاری جوان و لەبار لەناوەوە و دەرەوەی خوێندنگا.

پێوەری ٧-٢

ئاستی بەجێهێنانی خوێندکاران پێشکەوتووە و گەشەی کردووە.

دەرخەرەکان

٧-٢-١- ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکان ئاستی پێشوەچوونی ئەکادیمیی باشی خوێندکاران پیشان دەدەن.
٧-٢-٢- هەموو خوێندکاران بە توانا جیاوازەکانەوە پێشکەوتنی ئەکادیمیی باش پیشان دەدەن.

٧–٢–٣– خوێندکاران کارامەییەکانی داهێنان و نوێکاری پیشان دەدەن.
٧–٢–٤– لە ڕووی ئەکادیمییەوە، ژمارەی خوێندکارە هەڵکەوتووەکان لە زیادبووندایە.
٧–٢–٤– خوێندنگا ڕێژەی دەرچوونی بەرز تۆمار دەکات.

## ١–١– خوێندنگا و دایك و باوکان و کۆمەڵگا

ڕێبازی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا هەوڵ دەدات هانی بەشداریی دایك و باوکان و کۆمەڵگا بدات لە بەڕێوەبردنی خوێندنگاکان بۆ باشتر کردنی ئاستی چۆنایەتیی پەروەردە. ئەمەش، هانی هەستی خاوەنداری و بەرپرسیاری دەدات و ئاستی کاریگەری و لێهاتوویی باشتر دەکات و ئەنجامە پەروەردەییەکان زیاتر دەکات. رووە بنچینەییەکانی بەشداریی خوێندنگا و دایك و باوکان و کۆمەڵگا ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

– **پەیوەندی و ئاخاوتن:** پەیوەندیی کاریگەر ئاڵوگۆڕیی نێوان دایك و باوکان و بەخێوکەران و کۆمەڵگاکانە لەگەڵ خوێندنگاکان کە بەشداری دەکەن لە زانیاری و دەرفەتە هاوبەشەکان بۆ فێربوون لەبارەی یەکتر.
– **هاوبەشییەکانی فێربوون:** هاوبەشییەکانی نێوان دایك و باوکان و بەخێوکەران و کۆمەڵگاکان و خوێندنگاکان کە برەو دەدەن بە فێربوونی خوێندکاران و چاوەڕوانیی گەورە بۆ سەرکەوتنی خوێندکاران.
– **هاوکاریی کۆمەڵگا:** پەیوەندییەکان لەگەڵ خوێندنگا و کۆمەڵگای فراوانتر بۆ بەهێز کردنی توانای خوێندنگاکان و خێزانەکان بۆ پشتیوانی کردنی فێربوونی خوێندکاران و ئەنجامەکانی گەشەپێدان.
– **بڕیاردان:** دایك و باوکان و بەخێوکەران و ئەندامانی کۆمەڵگا ڕۆڵی گەورە دەبینن لە بڕیاردانی خوێندنگا لە ڕێگەی ئەنجوومی دایك و باوکان – مامۆستایان و کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا.
– **بەشداری کردن:** بەشداریی دایك و باوکان و بەخێوکەران و کۆمەڵگا لە فێربوونی خوێندکاران و کۆمەڵگای خوێندنگا جێگەی دەستخۆشی و بەرز نرخاندنە.

ژمارەیەك لە پێوەرەکانی خوێندنگای دۆستی منداڵ (بڕوانە خوارەوە) هەلومەرجی پێویست دەڕەخسێنن بۆ زیاد کردنی ئاستی بەشداریی دایك و باوکان لە چوارچێوەی سیستەمی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.

پێوەری ٦–١

خوێندنگا هاوبەشیی باشی لەگەڵ كۆمەڵگای خۆجێیی و ڕێكخراوەكانی تری كۆمەڵگای مەدەنی هەیە بۆ بەكارهێنانی سەرچاوەكانی خۆی و جێبەجێ كردنی بەرنامە پەروەردەییەكان.

دەرخەرەكان

٦–١–١– چالاكیە هاوبەشەكانی خوێندنگا لەگەڵ كۆمەڵگای خۆجێیی.
٦–١–٢– خوێندنگا سوود لە شارەزایی و سەرچاوەكان وەردەگرێت كە بۆ كۆمەڵگای خۆجێیی بەردەستن.
٦–١–٣– خوێندنگا لە بەرنامە و پلان و چالاكیەكانی خۆیدا، بەشداری بە كۆمەڵگای خۆجێیی دەكات.
٦–١–٤– خوێندنگا بەرنامە و پلانەكانی خۆی ئامادە و جێبەجێ دەكات بۆ چارەسەر كردنی پێداویستیەكانی كۆمەڵگای خۆجێیی.
٦–١–٥– خوێندنگا باڵەخانە و سەرچاوەكانی خۆی بەپێی خزمەتگوزاری و چالاكیەكان، بۆ كۆمەڵگای خۆجێیی بەردەست دەكات.
٦–١–٦– خوێندنگا هانی هاوبەشان لە كۆمەڵگای خۆجێیی و ڕێكخراوەكان و كەسایەتیەكان دەدات بۆ كۆكردنەوەی پیتاك و بەخشینەكان.

پێوەری ٦–٢

خوێندنگا بە شێوەیەكی كاریگەر پەیوەندی بە دایك و باوكان دەكات و هاوكاریان دەكات بۆ بەدیهێنانی ڕوانگەی خوێندنگا.

دەرخەرەكان

٦–٢–١– چالاك كردنی ئەنجوومەنی دایك و باوكان – مامۆستایان لە خوێندنگاكاندا.
٦–٢–٢– خوێندنگا بەشداری بە دایك و باوكان دەكات لە پشتیوانی و بەهێز كردنی پرۆسەی فێربوون و فێركردن.
٦–٢–٣– خوێندنگا پەیوەندی و ئاخاوتن لەگەڵ خێزانەكان دەكات (بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ).
٦–٢–٤– خوێندنگا هانی دایك و باوكان دەدات بۆچوونی خۆیان دەربڕن سەبارەت بەو خزمەتگوزاریە پەروەردەییانەی بۆ منداڵەكانیان دابین كراوە.
٦–٢–٥– خوێندنگا چالاكیەكانی بەرز كردنەوەی ئاستی هۆشیاری بۆ دایك و باوكان ئەنجام دەدات سەبارەت بە پرۆسەی پەروەردە و فێركردن.

پێوەری ٧–٣

كۆمەڵگای خۆجێیی و دایك و باوكان و خوێندكاران خۆشحاڵن بە خزمەتگوزاریە پەروەردەییە پێشكەش كراوەكان.

دەرخەرەكان

٧-٣-١- دابەزینێکی بەرچاو هەیە لە ژمارەی ئەو منداڵانەی واز لە خوێندن دێنن.

٧-٣-٢- دابەزین هەیە لە ڕێژەی پۆلە دووبارەبووەوەکان.

٧-٣-٣- خوێندکاران و دایك و باوکیان ڕا و بۆچوونی ئەرێنیی خۆیان سەبارەت بە ئاستی بەجێهێنانی خوێندنگا دەردەبڕن.

٧-٣-٤- خوێندنگا ناوبانگێکی باشی ئەکادیمی هەیە بەوەی ژمارەیەکی زۆری منداڵان ناوی خۆیان تۆمار کردووە.

٧-٣-٥- کۆمەڵگای خۆجێیی خۆشحاڵن بە ئاستی بەجێهێنانی خوێندنگا.

# SECTION 4

# PERSONNEL MANAGEMENT

## ٤–١–   پێکهاتەی بەڕێوەبردن

لەژێر سیستەمی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا، هەموو خوێندنگایەک بەڕێوەبەرێك ڕابەرایەتی دەکات کە یەك یان دوو یاریدەدەری هەیە، بەپێی قەبارەی خوێندنگاکە. ئەرکی یاریدەدەرەکان هەمیشە (أ) کاروباری کارگێڕی و، یان (ب) ئەکادیمی و چۆنایەتی دەبێت.

ئەوانەی ڕاپۆرت بۆ بەڕێوەبەر بەرز دەکەنەوە: مامۆستایان، ڕاوێژکارانی خوێندنگا، ژمێریاران (ئیشێکی نوێیە)، نووسەران، کارمەندانی کارگێڕی، سەرپەرشتیاران (پشکنەران) کە بارەگاکانیان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەیە و ڕۆڵێکی بنچینەیی دەبینن لەوەی خوێندنگاکان پێوەرەکانی چۆنایەتیی خۆیان مسۆگەر دەکەن.
سیاسەت و ڕێکارەکانی دەستەی مامۆستایان بۆ دامەزراندن و بەرز کردنەوە و کۆتایی هێنان وەك ئێستا دەمێننەوە و جێبەجێ دەکرێن، ئەگەرچی لە کاتی گونجاودا، کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا لەوانەیە بەرپرسیارییان لە بەڕێوەبردنی کاروباری کارمەندان زیاد بکات.

- دانانی پێوەر و ڕێکارەکان بۆ کاروباری کارمەندان.
- ناساندنی ئەم ڕێکارانە بە سەرجەم کارمەندە پەیوەندارەکان.
- دڵنیابوون لەوەی کە ئەم ڕێکارانە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست تۆمار کراون.
- ڕاسپاردە کردنی نووسینگەی پەروەردەی ناوچە بۆ ئەوەی دامەزراندنی بەڕێوەبەر پەسەند بکات.
- ئامادە کردنی پلانێکی گشتی بۆ گەشەپێدانی کارمەندان و ئاستی بەجێهێنان کە هاوتەریب بێت لەگەڵ ئامانجەکانی خوێندنگا.
- دانانی سیستەمێکی هەڵسەنگاندنی کارمەندان (بە بەڕێوەبەریشەوە).
- چارەسەر کردنی سکاڵاکانی دژ بە کارمەندان (بە بەڕێوەبەریشەوە).

## ٤–٢–   وردەکارییەکانی ئیش

لە تاقیکردنەوەی ڕێبازی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا، بە فەرمی وردەکارییەکانی ئیش بژارە کراون (بڕوانە پاشکۆی ١) و بۆ هەموو ئیشێك دابین دەکرێن لەگەڵ بەرچاوڕوونی لەسەر چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی وردەکارییەکانی ئیش. هەموو وردەکارییەکی ئیش کۆمەڵێك پێوەری لەگەڵدایە بۆ ئەوەی کارمەندانی خوێندنگا پەیڕەوی بکەن. ئەوە ئەرکی بەڕێوەبەران و کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگایە کە لەم پێوەرانە بگەن و بە هاوکاری لەگەڵ سەرپەرشتیاران یارمەتی کارمەندانی خوێندنگا بدەن بۆ هێنانەدی پێوەرەکان.
وردەکارییەکانی ئیش یەکخراون و کەمترین پێوەر و کارامەیی پیشەگەری بۆ ئیشەکان دابین دەکەن. هەموو کارمەندێك پێویستە هەموو ئەو بەرپرسیارییانە بزانێت کە لێرە دانراون و هەڵسەنگاندنەکانی بەجێهێنان لەسەر ئەرکە داواکراوەکانی ئێرە ئەنجام دەدرێن.

## ٤–٣–   گەشەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان

بە پێزانینی گرنگیی گەشەپێدانی بەردەوامی پیشەگەری، ڕێبازی نوێی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا، پشتیوانی لە تواناسازی دەگرێتەخۆ. وێڕای خوولەکانی ڕاهێنانی ئێستای نێو خزمەتگوزاری کە لەلایەن حکوومەتەوە دابین دەکرێن، ڕاهێنان لەو بوارانەی خوارەوەش بۆ پشتیوانیی جێبەجێ کردنی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا و هاندانی دەرکەوتن و دامەزراندن و بەرز کردنەوەی کارمەندە لێهاتووەکان دابین دەکرێن:

- بەرچاوڕوونی سەبارەت بە پێڕەوی ناوخۆیی نوێ و ڕێنوێنییەکانی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.
- ڕاهێنانی سەرکردایەتی و بەڕێوەبردن.
- ڕاهێنان بۆ زۆرترین بەشداری پێکردنی ئەنجوومەنی دایك و باوکان – مامۆستایان.
- ڕاهێنانی کۆمیتەکانی خوێندنگا
- ڕاهێنانی کۆمیتەکانی خوێندنگا

- ڕاهێنان لە بواری پلاندانان بۆ خێندنگا
- ڕاهێنان لە بواری بودجەدانان و کڕین
- ڕاهێنان لە بواری کاروباری کارمەندان بۆ دامەزراندنی کاریگەر
- ڕاهێنان لە بواری ڕاپۆرت کردن
- ڕاهێنان لە بواری بەشداری و بەتوانا کردنی کۆمەڵگا
- ڕاهێنان لە بواری چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئاستی بەجێهێنان

پێوەر و دەرخەرەکانی دۆستی منداڵ کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دانراون بۆ هاندان و پشتیوانیی گەشەپێدانی پیشەگەری بۆ مامۆستایان و کارمەندانی تر، لە خوارەوە خراونەتە ڕوو.

| پێوەری ٣-٣ |
| --- |
| خوێندنگا پشتیوانی لە گەشەپێدانی پیشەگەری بۆ مامۆستایان و کارمەندانی تر دەکات. |

| دەرخەرەکان |
| --- |
| ٣-٣-١- مامۆستایان ناوە ناوە خۆهەڵسەنگاندنی ڕەفتار دەکەن بە شێوەیەکی ڕۆشن و بابەتی. ئەمە خۆهەڵسەنگاندنی هاوبەشیش دەگرێتەوە. بڕوانە بەشی ٦. |
| ٣-٣-٢- بەڕێوەبردنی خوێندنگا بەدواداچوون دەکات بۆ تواناسازی و گەشەپێدانی مامۆستایان و کارمەندانی تر. |
| ٣-٣-٣- خوێندنگا پشتیوانی لە بەشداریی مامۆستایان و کارمەندانی تر دەکات لە خوولەکانی ڕاهێنان و هانیان دەدات بەشداری لە ئاڵوگۆڕیی سەردانەکان بکەن. |
| ٣-٣-٤- ئەو مامۆستایانەی بەشداری لە خوولەکانی ڕاهێنان دەکەن ڕاپۆرت لەسەر ڕاهێنانەکان پێشکەش بە خوێندنگا دەکەن و زانیاریی لەگەڵ هاوپیشەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن. |
| ٣-٣-٥- بەڕێوەبردنی خوێندنگا بە هاوکاری لەگەڵ سەرپەرشتیاران، پێداویستییەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان و کارمەندانی تر دەخەملێنن بۆ بەهێز کردنی تواناکانیان و ئاستی بەجێهێنانیان. |
| ٣-٣-٦- مامۆستایان و کارمەندانی تر هان دەدرێن بەشداری لە پرۆسەی پلاندانان بۆ گەشەپێدان و باشتر کردنی خوێندنگا بکەن. |

# SECTION 5

# RESOURCE & BUDGET MANAGEMENT

## ٥–١– پلانی گەشەپێدانی خوێندنگا (سێ ساڵ)

کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا پلانی گەشەپێدانی خوێندنگا ئامادە دەکات کە وێڕای دەستنیشان کردنی ڕوانگەی خوێندنگا و ئامانجە پەروەردەییەکان، پلاندانانی بودجە و سەرچاوەکانیش دەگرێتەوە. پلانی گەشەپێدانی خوێندنگا نەخشەیەکە بۆ گەشەپێدانی خوێندنگا و ڕێزبەندی و ستراتیژەکان بۆ ماوەی سێ ساڵ دادەنێت. لەبەرئەوەی هەموو خوێندنگایەك لە زۆر ڕووەوە لە ئەوانی تر جیاوازە، هیچ نموونەیەکی یەکخراو نییە کە لەگەڵ هەموو خوێندنگاکان بگونجێت و هەموو پلانێکی گەشەپێدانی خوێندنگاش لە زۆر ڕووەوە جیاواز دەبێت. توخمە بنچینەییەکانی پلانی گەشەپێدانی خوێندنگا کە لەلایەن کۆمیتەی لاوەکی ئامادە دەکرێت، لەوانەیە ئەمانەی خوارەوە بگرێتەوە:

- ڕوانگە و ئەرکی خوێندنگا
- ئامانجەکانی پلانی گەشەپێدانی خوێندنگا
- خەمە سەرەکییەکان و ئەو بوارانەی کە پێویستییان بە وەبەرهێنانی نوێ هەیە.
- ئەنجام و ئامانجە ویستراوەکانی پلانی گەشەپێدانی خوێندنگا لە ماوەی سێ ساڵدا.
- ستراتیژەکانی جێبەجێ کردن و دارایی کردن بۆ هەموو خەمێکی سەرەکی.
- کاتی دیارکراو بۆ هەموو ستراتیژێك

بۆ ئەم مەبەستە، کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا کۆمیتەیەکی لاوەکیی تایبەت دەستنیشان دەکات بۆ ئەوەی بەرپرس بێت لە ئامادە کردنی پلانی گەشەپێدانی خوێندنگا کە چالاکییەکانیان جەخت دەکەنە سەر ئەمانەی خوارەوە:

- دابین کردنی دەسەڵاتی تایبەتمەند لە وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ زانیاریی پێویست بۆ تەرخان کردنی بەشە دارایی (بەخشینی بەرە) بۆ خوێندنگا.
- ئامادە کردنی بودجە و بەکارهێنانی بەڵگەنامەکان (خشتە و برگەکان) کە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دادەنرێن.
- پەسەند کردنی خەرجییەکان و چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی بودجەی خوێندنگا.
- پەسەند کردنی ڕاپۆرتە داراییە مانگانەیی و ساڵانەییەکانی خوێندنگا.

## ٥–٢– پلانی گەشەپێدانی ساڵانە (یەك ساڵ)

هەر کاتێك پلانی گەشەپێدانی خوێندنگا ئامادە کرا و خەمە گەورەکان و چالاکییە پێشنیار کراوەکان بۆ چارەسەر کردنی ئەمانە لە ماوەی یەك ساڵ دیار کران، پلانی خوێندنگای ساڵانە ئامادە دەکرێت بۆ ڕێبەری کردنی چالاکییەکانی خوێندنگا و وردەکارییەکانی جێبەجێ کردن دادەنرێن بۆ کارکردن لە ماوەی ئەو ساڵەدا. لەسەر بنەمای ڕوانگە و ئاراستەی هاوبەش، هەموو ڕووەکانی چالاکییەکانی خوێندنگا بە شێوەیەکی هەماهەنگ و بەستراو یەك دەخرێن. لەبەرئەوەی هەموو خوێندنگایەك بەخشینی بەرەی خوێندنگای تایبەت بە خۆی هەیە، پلانی گەشەپێدانی خوێندنگا پێویستە بە وریاییەوە ڕێزبەندی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی کارە هەرەلەپێشەکان بخرێنە سەرەتاوە.

هەموو پلانێکی گەشەپێدانی ساڵانە بە وریاییەوە ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی سەرچاوەکانی بەخشینی بەرەی دابین کراو بێت، شان بە شانی هەر داهاتێکی تری خوێندنگا کە لەژێر سەرکردایەتیی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا بەدی دەهێنرێن. هەموو پلانێکی گەشەپێدانی ساڵانە کۆمەڵێك چالاکی هەیە کە لەمانەی خوارەوە ورد دەکرێنەوە:

- ناو و وردەکاریی چالاکی
- کارمەندانی بەرپرس لە چاودێری و جێبەجێ کردن
- خشتەی ماوەی جێبەجێ کردن
- سەرچاوە مرۆیی و داراییە پێویستەکان بۆ جێبەجێ کردن
- پلانی چاودێری بەستراوەتەوە بە پێوەرەکانی دۆستی منداڵ و ڕاپۆرت کردنی بەخشینی بەرە
- بەڵگەی سەرکەوتن

پێوەر و دەرخەرەکانی خوێندنگای دۆستی منداڵ بۆ پلانی گەشەپێدانی خوێندنگا و پلانی گەشەپێدانی ساڵانە لە خوارەوە خراونەتە ڕوو.

| پێوەر ١-٢ |
| --- |
| خوێندنگا پلان و ستراتیژەکان ئامادە دەکات بۆ باشتر کردن و گەشەپێدان. |

| دەرخەرەکان |
| --- |
| ١-٢-١- کارگێڕی خوێندنگا پرۆژە پێشنیارەکان پێشکەش دەکات بۆ وەرگتنی پشتیوانیی باشتر کردن و گەشەپێدانی خوێندنگا. |
| ١-٢-٢- ستراتیژ پلان و ڕێکارەکان بەپێی کات بۆ گەشەپێدان دەستنیشان دەکات. |
| ١-٢-٣- پلانەکانی باشتر کردنی خوێندنگا ڕەنگدانەوەی بەرزخوازی (تمووح) و چاوەڕوانییەکان دەبێت بۆ چۆنایەتیی پەروەردە. |
| ١-٢-٤- لەلایەن کارگێڕی خوێندنگا و مامۆستایان و خوێندکاران وەك دەستەیەکی بەهێز و یەکگرتوو، مەبەست و ئامانجە هاوبەشەکان دەستنیشان دەکرێن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی خوێندنگا. |
| ١-٢-٥- خوێندنگا بەشێکە لە کۆمەڵێك خوێندنگا کە لە ڕێگەی ناوەندەکانی سەرچاوەی مامۆستاوە، هاوبەشی و ئاڵوگۆڕی لە سەرچاوە و کارامەییەکان دەکەن. |
| ١-٢-٦- نوێترین وێنەی تۆمارەکانی خوێندنگا و کۆنووسەکانی کۆبوونەوەکان بەردەستن. |
| ١-٢-٧- خوێندنگا ناوە ناوە باڵەخانە و دامەزراوەکانی خۆی نۆژەن دەکاتەوە. |

### ٥-٣- بودجە

بەخشینی بەرەی خوێندنگا دابین کراوە و سەرچاوەکانی تری وەکو مووچە و داهاتەکان کە لە بەکرێدانی فرۆشگا و خواردنگەی خوێندنگاوە دێن، هەموو پێکەوە بودجەی خوێندنگا پێکدێنن. دانانی بودجەی ساڵانەی خوێندنگا، مووچەی مامۆستایان ناگرێتەوە لەبەرئەوەی ئەمانە لەلایەن فەرمانگە یان بەڕێوەبەرایەتیی دارایی سەر بە وەزارەتی پەروەردەوە دارایی دەکرێن.

- چاکردنەوەی خوێندنگا و کارە بچووکەکانی باڵەخانە
- کڕینی کتێبی زیادە بۆ کتێبخانەی خوێندنگا و کەرەسەکانی تاقیگە و هۆیەکانی ڕوونکردنەوە و پێداویستییەکانی نووسین
- دانانی ئەنتەرنێت
- گواستنەوەی مامۆستا و خوێندکاران
- بەرنامەکانی خۆراك پێدان
- ڕاهێنانی مامۆستایان
- چاکردنەوە و بەهێز کردنی دامەزراوەکانی خوێندنگا
- هیتر بەپێی پێویست.

### ٥-٤- داهاتەکانی خوێندنگا و بەخشینەکانی بەرە

لە کاتێکدا کە توانای خوێندنگا بۆ خەرج کردنی داهاتەکانی تایبەت بە خۆی بەهۆی ڕێسا و ڕێکارەکان سنووردارە، لە ئێستادا لەوانەیە داهاتی خوێندنگا تەنیا لە سێ سەرچاوەوە بێت:

- بڕە پارەیەکی جێگیری تەرخان کراو کە ساڵانە دەگاتە (٥) پێنج ملیۆن دینار.

- ڕێژەیەك لە داهاتی فرۆشگا و خواردنگەی خوێندنگا.
- داهاتی تر لە بەخشەران، یان دایك و باوکان

لە ماوەیەکی درێژی سیستەمی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگادا، لەوانەیە گۆڕینی گەورە لە دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی دارایی بۆ ئاستی خوێندنگا ڕووبدات. بۆیە، هەندێ برگە کە ئێستا بە شێوەیەکی ناوەندی دەدرێن، بۆ نموونە، لەلایەن قەزا، یان پارێزگاوە، لە کۆتاییدا لەلایەن خوێندنگا خۆیەوە بدرێن. بۆیە، گرنگە کە کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا و بەڕێوەبەری خوێندنگا لە بنچینەکانی شێوەی دارایی کردنی خوێندنگاکانیان بگەن و لێپرسینەوەی تەواو لە بەڕێوەبردنی ئەم داراییانە بەگوێرەی ڕێکارە یاساییەکان بکەن.
لە چوارچێوەی ڕێبازی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگادا، هەموو خوێندنگایەك بەخشینی بەرەی خوێندنگای (بودجەی خوێندنگا) بۆ دابین دەکرێت، کە بەهاکەی بەگوێرەی ئەو هاوکێشە یەکخراوە دەژمێردرێت کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دانراوە و ئەمانەی خوارەوە لەبەرچاو دەگرێت:

**قۆناخی ١: بنەمای پاداشتی بەخشینی بەرە (ئەزموونی)**

- بڕی جێگیر بەپێی خوێندنگا (بەخشینی بەرەی بنچینەیی)
- بڕی جێگیر بەپێی خوێندکار (بەپێی بەهای بەخشین)

**قۆناخی ٢: برگە زیادەکانی بەخشینی بەرە (پاڵنەرەکان)**

- داخوازییە تایبەتەکان (پێداویستییە تایبەتەکان، پەنابەران، هتد.)
- شوێنی جوگرافی
- جیاوازییەکانی نێوان ناوچە شاری و گوندییەکان
- پاڵنەرەکان لەسەر بنەمای بەجێهێنان (هاوسەنگیی جۆری کۆمەڵایەتی، پشتیوانیی داهاتی کۆمەڵگا، هتد.)

بەخشینی بەرە چیتر ناکەوێتە ژێر چاودێریی توند وەك ئەوەی تەرخان کردنی بەشەکانی ئێستا و بەکارهێنانیان بەپێی کۆمەڵێك پێوەری توند و ئامادەکارییەکانی بەڕێوەبردنی بودجە بێت، وەك ئەوەی لە خوارەوە پیشان دراوە. پێکهێنانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا زۆر گرنگ دەبێت بۆ پلاندانانی بەخشینی بەرە و کڕین و وردبینی و بەخشینیش لە ڕێگەی حیسابی دوو واژۆیی بەڕێوە دەچێت کە لە بانکێك هەڵدەگیرێت کە کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا دەستنیشانی دەکات.

## ٥–٥– تەرخان کردن و کڕین و ژماردنی بەخشینەکانی بەرە

کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا حیسابێکی بانکی دەبێت کە بە هاوبەشی لەگەڵ سەرۆکی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا سکرتێر (بەڕێوەبەر)ەوە کاری پێ دەکرێت. پاداشتی بەخشینی بەرە دەخرێتە ناو حیسابە بانکییەکە، کە ناو و ژمارەکەی دەدرێتە نووسینگەی پەروەردەی ناوچە.
سکرتێر بەرپرس دەبێت لە هەڵگرتنی بەخشین و داهاتەکانی تری فرۆشگا و خواردنگەی خوێندنگا و چالاکییەکانی تری زیاد کردنی داراییەکانی خوێندنگا و تۆمارێکی پسوولەی وەرگرتن و دەفتەری نەختینە و دەفتەری بەشەکان / سامانەکان و تۆماری پارەدان دادەنرێت. کڕین لە حیسابە بانکییەکە نیشانەی دەرچوون لەلایەن سەرۆکی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا و خەزنەدار و بەڕێوەبەری دەخرێتە سەر و وردەکارییەکانی هەموو مامەڵەیەکی دارایی مانگانە، لە کۆبوونەوە مانگانەییەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا تاوتوێ دەکرێت و دەخرێتە ناو کۆنووسی کۆبوونەوەکان. بە شێوەیەکی وەرزییانە، بڕوانامەی بەکارهێنانی بەخشینی بەرە بە وێنەیەك بۆ نووسینگەی پەروەردەی ناوچە دابین دەکرێت، لەگەڵ وێنەیەکی فایل کراو لەلایەن خەزنەداری کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا.

# SECTION 6

# MAINTENANCE & INFRASTRUCTURE

بەڕێوەبەری خوێندنگا و کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا بەرپرسن لە ڕەخساندنی ژینگەیەکی ئارام و تەندروستیی خوێندنگا، هەروەها هەلومەرجێکی لەباریش دابین دەکەن بۆ هێنانەدی ئامانجە پەروەردەییەکان سەبارەت بە چۆنایەتی و بەردەست کردنی دامەزراوە و پێداویستییەکانی خوێندنگا. ئەمەش، بە پابەندبوون بە پێوەرە پەیوەندارەکانی خوێندنگای دۆستی منداڵ (بڕوانە خوارەوە) دێنەدی، کە داخوازییە نموونەییەکان بۆ خوێندنگاکانی عێراق دیار دەکات.

لە سەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندندا، لیستی تەواوی پێداویستییەکانی چاکردنەوە و ژێرخانی کارپێکراو بۆ هەر خوێندنگایەک، بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی خوێندنگا و کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا و سەرپەرشتیاری بەڕێوەبەرایەتی ڕێکەوتنی لەسەر دەکرێت.

## ٦–١– داخوازییە بنچینەییەکان

**گشتی –** هەموو خوێندنگایەك پێویستە ئەمانەی خوارەوەی هەبێت:

- پۆل بەپێی پێوەرەکان کە بنمیچەکانیان بەرز بێت و ڕێگری بینینیان نەبێت.
- کورسی و مێزەکان نابێت جێگیر بن بۆ ئەوەی بتوانرێت بۆ کاری گروپ و چالاکییەکانی تر بگوازرێنەوە.
- نووسینگەی تایبەت بۆ بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکانی (دەکرێ هاوبەش بێت)
- نووسینگەی تر بۆ نووسەر و ژمێریار و سکرتێر و ڕاوێژکار و کۆگا پارێز.
- ژوورێکی پزیشکی بۆ نەخۆشەوان بۆ چارەسەر کردنی منداڵانی نەخۆش.
- گەرماو و ئاودەست بۆ کارمەندان و خوێندکاران کە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە یەکتر جیا بن.
- پێویستە گەرماو و ئاودەستەکان هەواگۆڕکێی باشیان هەبێت و لە پۆلەکانیش دوور بن.
- شوێنی نوێژ کردن
- شوێنێکی لەبار بۆ خوێندکاران بۆ ئەوەی لە کاتی دەرچوونیان لە خوێندنگا تیایدا چاوەڕێ بکەن.
- شوێن و گۆڕەپانی یاری کە تا بکرێت لە شوێنە فەرمییەکان نزیك بن.

**خوێندنگا دواناوەندییەکان –** هەموو خوێندنگایەکی دواناوەندی پێویستە ئەمانەی خوارەوەی هەبێت:

- سێ تاقیگەی زانستی
- ژوور / تاقیگەیەکی کۆمپیوتەر (ئەگەر پۆلە ئاساییەکان کۆمپیوتەریان تیا نەبێت)
- کتێبخانەیەك، تێبینی ئەوە بکەن کە کتێبخانە بە تەنیا هەر کتێبی تیا نابێت، بەڵکو دەبێت ئینتەرنێتیشی تیا بێت.
- ستۆدیۆیەك بۆ کاری هونەری
- ژوورێکی تایبەت بۆ ڕاوێژی ژنان و کیژان.

**شوێنی سەلامەتی –** خوێندنگا پێویستە شوێنێکی ئارام و سەلامەت بێت:

- دوور بێت لە دوکانی گشتی و شوێنی پیشەسازی و بازرگانی و بەنزینخانە و شوێنی دیکەی مەترسیدار
- دوور بێت لە ژاوەژاو
- دوور بێت لە دەنگە دەنگ
- نابێت لەسەر ڕێگایەکی قەرەباڵغ بێت، یان ئەگەر ئەوە نەکرا، پێویستە دەرگاکانی لەسەر ڕێگای سەرەکی نەبێت.
- لە شوێنێکی گونجاو بێت و بە ئاسانی پێی بگەن و دەرگاکانی دوور بن لە ڕێگەی قەرەباڵغ، یان کۆڵانی تەسك.
- پێویستە دەرگای دەرچوونی لەناکاوی هەبێت.
- خوێندنگا پێویستە بڕوانامەی هەبێت کە لە بەشی پاراستنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرگریی شارستانی دەرچوو بێت.
- خوێندنگا پێویستە چاودێری هەموو ئەو کەسانە بکات کە دێنە ناو خوێندنگا و لێی دەردەچن.

**منداڵان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت**

- پێویستە گەرماو و ئاودەستەکان بۆ منداڵانی کەمئەندام و پەککەوتە گونجێنرا بن.
- پێویستە شوێنی تایبەت هەبێت بۆ رۆیشتنی کورسی پێچکەدار.
- پێویستە شوێنێکی نزیك هەبێت بۆ راگرتنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کەمئەندام و پەککەوتەکان دەگوازێتەوە.

**ئاو و فێنککەرەوە و گەرمکەرەوە و ئاو ساردکەرەوە**

- پێویستە ئاوی خاوێن بۆ شۆرین لە ئاودەستەکان و نزیك ژووری نوێژ کردن هەبێت.
- پێویستە لە وەرزی هاویندا، ئاوی سارد بۆ خواردنەوە هەبێت.
- پێویستە سۆبەی سەلامەت (ئاگاتان لەو سۆبە نەوتییە ترسناکانە بێت لە شوێنە داخراوەکان) لە وەرزی سەرمادا بەکاربێت.
- پێویستە پانکەی کارەبایی و سپلیت (بۆ کەم کردنەوەی دەنگە دەنگ) بۆ وەرزی گەرما دابنرێنەوە.

کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا ئەم پێوەر و دەرخەرانەی خوێندنگای دۆستی منداڵ جێبەجێ و چاودێری دەکەن کە لە خوارەوەن.

**پێوەری ٢–١**

خوێندنگا باڵەخانەیەکی هەیە کە دامەزراوە و پێداویستیی پەروەردەیی باشی بۆ دابین کراوە.

**دەرخەرەکان**

٢–١–١– خوێندنگا یەك یان دوو دەوامی تیا دەکرێت.
٢–١–٢– خوێندنگا بەلای کەمەوە، دیوارێکی دوو مەتر بڵند و بەلای کەمەوە، دوو دەرگای سەرەکی هەیە.
٢–١–٣– خوێندنگا کەوتۆتە شوێنێکی دوور لە دەنگە دەنگ و کاریگەریی دەرەکی و سەرچاوەکانی پیسبوون.
٢–١–٤– پۆلەکان و بەشەکانی تری باڵەخانەی خوێندنگا بە باشی رووناکن و هەواگۆڕکێیان هەیە.
٢–١–٥– شوێنی تەواو لە خوێندنگادا هەیە بۆ چالاکیە پەروەردەییەکان و دەرەوەی پێڕەوی خوێندن.
٢–١–٦– خوێندنگا باخچە و سەوزایی هەیە و کەوتۆتە دەوروبەری پۆلەکان.
٢–١–٧– پۆلەکان قەبارەی تەواویان هەیە بۆ شوێنی خوێندکاران و ژمارەیان لە هەر پۆلێکدا، لە ٣٠–٣٥ تێپەڕ ناکات.
٢–١–٨– خوێندنگا کتێبخانەیەکی هەیە و کەلوپەلی پێویستی بۆ دابین کراوە و کۆمەڵێك کتێب و گۆڤاری نوێ (هەروەها ئینتەرنێت)ی هەیە کە لەگەڵ تەمەن و توانای خوێندنکاران گونجاون.*
٢–١–٩– خوێندنگا تاقیگەیەکی زانستی هەیە و کەلوپەل و ئامێر و دامەزراوەی نوێی بۆ دابین کراوە.*
٢–١–١٠– ژوورێکی هونەری بۆ کار و چالاکیە هونەرییەکان لە خوێندنگادا هەیە.*
٢–١–١١– خوێندنگا تاقیگە / ژوورێکی کۆمپیوتەری هەیە کە کۆمپیوتەر و ئامێری نوێی بۆ دابین کراوە.*
٢–١–١٢– خوێندنگا هۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ کۆبوونەوە و چالاکییەکانی تری کۆمەڵایەتی.
٢–١–١٣– خوێندنگا ژوورێکی بۆ پەروەردەی جەستەیی هەیە لەگەڵ کۆگایەك بۆ ئامێری وەرزشی.
٢–١–١٤– خوێندنگا لە شوێنێکی ئارام و پارێزراودا، فرۆشگا / خواردنگەیەکی هەیە، پاك و خاوێنە و ناوە دەپشکنرێت بۆ دڵنیابوون لە پاکژی.

* Applicable for middle and secondary schools.

## پێوەری ٢–٢

ژینگەی خوێندنگا پاك و خاوێنە.

### دەرخەرەکان

٢–٢–١– خوێندنگا و دامەزراوەکانی پاك و خاوێنن.

٢–٢–٢– خوێندنگا کۆمیتەیەکی تایبەت بە پاکژی هەیە کە پێکدێت لە مامۆستایان و خوێندکاران کە بەدواداچوون بۆ پاك و خاوێنی و ڕێکخستن و جوانکاریی خوێندنگا دەکەن.

٢–٢–٣– لەناو خوێندنگادا، وەك پێویست زبڵدان و تەنەکەی زبڵ و خاشاك هەیە بەپێی قەبارەی باڵەخانەی خوێندنگا و ژمارەی خوێندکاران.

٢–٢–٤– ئامراز و کەرەسەی پاککەرەوەی پێویست بۆ پاك و خاوێنی لە خوێندنگا هەیە.

٢–٢–٥– ژمارەی کارمەندانی پاککەرەوە بەگوێرەی پێوەر و بەپێی قەبارەی باڵەخانەی خوێندنگا و ژمارەی خوێندکاران هەیە.

٢–٢–٦– خوێندنگا بۆ پاراستن و پاك ڕاگرتنی ژینگەی خۆی، سیستەمێك پەیڕەو دەکات.

## پێوەری ٢–٣

خوێندکاران تەندروستییەکی باشیان لە ژینگەیەکی تەندروستیی خوێندنگادا هەیە.

### دەرخەرەکان

٢–٣–١– پشکنینی پزیشکیی ناوە ناوە بۆ خوێندکاران دەکرێت.

٢–٣–٢– هەگبەی فریاگوزاریی سەرەتایی لە خوێندنگا هەیە.

٢–٣–٣– بە ژمارەی پێویست تانکی ئاوی پاك لە خوێندنگا هەیە.

٢–٣–٤– بە ژمارەی پێویست ئاودەستی پاکژ و دەرچوونی جودا بەپێی ژمارەی خوێندکاران هەیە لەگەڵ کورسی بۆ خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت.

٢–٣–٥– ئاو ساردکەرەوەی بە فلتەر بۆ ئاوی پاك هەیە.

٢–٣–٦– خوێندنگا ناوە ناوە چالاکییەکانی بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئەنجام دەدات و باسی پیادەکردنەکانی پاکژیی کەسی و گشتی دەکات (دوو جار بۆ هەر وەرزێکی خوێندن).

٢–٣–٧– بەرنامەکانی خۆراك پێدان لە خوێندنگا هەیە.

٢–٣–٨– دەستە حکومییەکان خزمەتگوزاریی تەندروستیی خۆپاراستن و چارەسەر کردن بۆ خوێندنگا دابین دەکەن.

## پێوەری ٢–٤

خوێندنگا ئارام و پارێزراوە.

| دەرخەرەکان |
|---|
| ٢-٤-١- خوێندنگا پاسەوانی هەیە. |
| ٢-٤-٢- خوێندنگا دەکەوێتە شوێنێکی دوور لە مەترسی و بە ئاسانیش پێی دەگەن. |
| ٢-٤-٣- لایەنە فەرمییەکان بەشداری دەکەن لە دابین کردنی ژینگەیەکی ئارام و پارێزراو بۆ خوێندنگا. |
| ٢-٤-٤- دیوار و بنمیچ و دەرگا و پەنجەرە و پەیژەکانی باڵەخانەی خوێندنگا پتەو و خۆڕاگر و پارێزراون و هیچ مەترسییەك بۆ خوێندکاران دروست ناکەن. |
| ٢-٤-٥- سێبەری تەواو لە یاریگای خوێندنگا هەیە بۆ پاراستنی خوێندکاران لە کاریگەرییەکانی کەشوهەوا. |
| ٢-٤-٦- شەقامەکانی دەوروبەر و ئەوانەی بۆ خوێندنگا دەچن قیرتاو و پارێزراون. |
| ٢-٤-٧- بەربەست لەپێش خوێندنگا هەیە بۆ ڕێگرتن لە ڕووداوی هاتووچۆ. |
| ٢-٤-٨- لە ڕووی ناوەوەی خوێندنگا و بە درێژایی دیواری حەوشە درەخت چاندراون. |
| ٢-٤-٩- خوێندنگا بۆ نەهێشتنی توندوتیژی، ڕێکاری پێویست دەگرێتە بەر. |
| ٢-٤-١٠- ئاگرکوژێنەوە و پێداویستییەکانی تری بەرگریی شارستانی لە خوێندنگا هەیە و ڕێکاری پێویست پەیڕەو دەکرێت بۆ دوورکەوتنەوە لە هەر مەترسییەکی نەخوازراو لە خوێندنگادا. |

پلانە ساڵانەییەکانی گەشەپێدانی خوێندنگا پشتیوانیی ئەم پێوەرانە دەکەن بە بەکارهێنانی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا کە هەموو ساڵێك لەژێر چاودێری و بەڕێوەبردنی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا، تەرخان دەکرێن. **پاشکۆی ٢، داخوازییە بنچینەییەکانی ژێرخان بۆ خوێندنگا پیشان دەدات و سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا**.

# SECTION 7

# MONITORING & SELF-EVALUATION

## ٧–١– چاودێری و هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی

ڕێبازی نوێی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا وای بۆ دەچێت کە هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی ئاسایی لە خوێندنگاکاندا وەك تەواوکەر بۆ هەڵسەنگاندنە دەرەکییەکانی ئێستا، وەك ئامرازێکی کاریگەری خۆچاودێری وایە کە پابەندبوون بە پێوەرە پەروەدەییەکانی چۆنایەتی لە هەموو کاتێکدا مسۆگەر دەکات. چاودێری و هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی لەوانەیە بەشداری بە خوێندنگاش بکات لە هەڵسەنگاندنی خۆی (بۆ نموونە، مامۆستایان هەڵسەنگاندن بۆ خوێندکارەکانیان دەکەن، یان بەڕێوەبەرانی خوێندنگا هەڵسەنگاندن بۆ کارمەندەکانی خۆیان دەکەن)، یان خوێندنگا لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەیەکی تری خۆجێییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت (بۆ نموونە، سەرپەرشتیاران هەڵسەنگاندن بۆ هەمان ئەو خوێندنگایانە دەکەن کە خۆیان هاوکارییان دەکەن بۆ باشتر کردنی ئاستی چۆنایەتی).

چەندین شێوازی خۆهەڵسەنگاندن ئێستا لە عێراقدا بەکاردێن، بەڵام نموونەی خوێندنگای دۆستی منداڵ کە لەژێر بەرنامەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بلاّوبۆتەوە، جەختی کردۆتە سەر ئەنجامی پەروەردەیی و بەستنەوەی بە بەخشینەکانی بەرەی نوێ.

## ٧–٢– پرۆسەی خۆهەڵسەنگاندن

لە زۆر کاتی جێگیری جۆراوجۆردا، ساڵی خوێندن و بەڕێوەبردنی خوێندنگا و کارمەندان پێشبینی ئەوەیان لێ دەکرێت پێکەوە ئەو کلێشەیەی خۆهەڵسەنگاندنی خوێندنگا پڕ بکەنەوە کە وەزارەتی پەروەردە دابەشی کردووە (بڕوانە فۆرمی خۆهەڵسەنگاندن لە خوارەوە).

## ٧–٣– هەنگاوناني کرداری

بەپشتبەستن بە تۆمارەکانی خۆهەڵسەنگاندن، خوێندنگاکان پێشبینی ئەوەیان لێ دەکرێت پلانێکی کرداری ئامادە بکەن بۆ چارەسەر کردنی پرسە دەستنیشان کراوەکان و کارنامەیەکیش دابنێن بۆ بەدیهێنانی پێوەرە دانراوەکان.

| پێوەری ١–٣ |
|---|
| خوێندنگا ڕێکاری کارپێکراوی هەیە بۆ چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئاستی چۆنایەتیی کارەکانی خۆی. |

| دەرخەرەکان |
|---|
| ١–٣–١– خوێندنگا چەند کۆمیتەیەکی هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی بەجێهێنان و ئەنجامەکانی خوێندکاران. |
| ١–٣–٢– بەڕێوەبردنی خوێندنگا بە شێوەیەکی ئاسایی سەردانی پۆلەکان دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون و دڵنیابوون لە ئاستی چۆنایەتیی بەجێهێنانی مامۆستایان. |
| ١–٣–٣– هەڵسەنگاندنی خوێندنگا پشت دەبەستێت بە ڕا و بۆچوونەکانی سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی و دەستەی پەروەردەیی و دایك و باوکان و کۆمەڵگای خۆجێیی و خوێندکاران. |
| ١–٣–٤– خوێندنگا دەتوانێت خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئاستی بەجێهێنانی خۆی دەستنیشان بکات و توانای ئەوەشی هەیە شیکردنەوەیان بۆ بکات. |

کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا پشتیوانیی فەرمی بۆ ڕاهێنان و تواناسازی وەدەگرێت لە جێبەجێ کردنی ئەم ڕێبەرە و چاودێری کردنی ئاستی پێشوەچوون بەرەو بەدیهێنانی ئەم پێوەرانە.

فۆرمی خۆهەڵسەنگاندن بۆ خوێندنگاکانی دۆستی منداڵ بە بەکارهێنانی پێوەرەکانی ٢٠١٣

تکایە ئەو سندووقە بپشکنە کە بە باشترین شێوە باسی بەجێهێنانی خوێندنگاکەتان بە بەکارهێنانی پێوەرەکان دەکات.

تکایە سەرنجێك زیاد بکە سەبارەت بەو ڕێکارەی کە پێت وایە خوێندنگا پێویستە بۆ باشتر کردن بیگرێتە بەر.

| بوار | پێوەرەکان (تکایە پێش هەڵسەنگاندنی خوێندنگا بە بەکارهێنانی پێوەرەکان، ئاماژە بە دەرخەرەکان بکە) | پێوەری بەدیهێنراو – تا ڕادەیەکی زۆر | پێوەری بەدیهێنراو – تا ڕادەیەکی مامناوەند | پێوەری بەدیهێنراو – تا ڕادەیەکی کەم | پێوەری بەدینەهێنراو | سەرنج و تێبینییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١– ڕوانگە، ئەرك، پلاندانانی ستارتیژی | ١– خوێندنگا ڕوانگە و ئەرکێکی بەرزخوازی گونجاوی هەیە کە بە ڕوونی بەبەڵگەنامە کراوە. | | | | | |
| | ٢– خوێندنگا پلان و ستراتیژ ئامادە دەکات بۆ باشتربوون و گەشەپێدان. | | | | | |
| | ٣– خوێندنگا ڕێکاری خۆی هەیە بۆ چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئاستی چۆنایەتیی کارەکانی خۆی. | | | | | |
| ٢– ژینگەی خوێندنگا | ١– خوێندنگا باڵەخانەیەکی هەیە کە دامەزراوە و پێداویستیی پەروەردەیی باشی بۆ دابین کراوە. | | | | | |
| | ٢– ژینگەی خوێندنگا پاك و خاوێنە. | | | | | |
| | ٣– خوێندکاران تەندروستییەکی باشیان لەناو ژینگەیەکی تەندروستدا هەیە. | | | | | |
| | ٤– خوێندنگا ئارام و پارێزراوە. | | | | | |

تکایە ئەو سندووقە بپشکنە کە بە باشترین شێوە باسی بەجێهێنانی خوێندنگاکەتان بە بەکارهێنانی پێوەرەکان دەکات.

تکایە سەرنجێك زیاد بکە سەبارەت بەو ڕێکارەی کە پێت وایە خوێندنگا پێویستە بۆ باشتر کردن بیگرێتە بەر.

فۆرمی خۆهەڵسەنگاندن بۆ خوێندنگاکانی دۆستی منداڵ بە بەکارهێنانی پێوەرەکانی ٢٠١٣

| بوار | پێوەرەکان<br>(تکایە پێش هەڵسەنگاندنی خوێندنگا بە بەکارهێنانی پێوەرەکان، ئاماژە بە دەرخەرەکان بکە) | پێوەری بەدیهێنراو – تا ڕادەیەکی زۆر | پێوەری بەدیهێنراو – تا ڕادەیەکی مامناوەند | پێوەری بەدیهێنراو – تا ڕادەیەکی کەم | پێوەری بەدینەهێنراو | سەرنج و تێبینییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٥– خوێندنگا بایەخدەر و سەرنجڕاکێش و پێشوازیکەرە. | | | | | |
| ٣– بەڕێوەبردنی خوێندنگا | ١– خوێندنگا سەرکردایەتییەکی کارای هەیە. | | | | | |
| | ٢– خوێندنگا بە شێوەیەکی کارا و لێهاتووانە سەرچاوە فەرمانبەری و مرۆییەکانی خۆی بەڕێوە دەبات. | | | | | |
| | ٣– خوێندنگا پشتیوانی و هانی گەشەپێدانی پیشەیی بۆ مامۆستایان و کارمەندانی خوێندنگا دەکات. | | | | | |
| ٤– فێرکردن و فێربوون | ١– گونجاندنی پێڕەوی خوێندنی خوێندنگا بۆ ئەوەی کاریگەر بێت. | | | | | |
| | ٢– خوێندنگا شێوازە کاریگەرەکانی وانەوتنەوە بەکاردێنێت. | | | | | |
| | ٣– مامۆستایان پلانی کارا بۆ پرۆسەی فێربوونی خوێندکاران دادەنێن. | | | | | |

فۆرمی خۆهەڵسەنگاندن بۆ خوێندنگاکانی دۆستی منداڵ بە بەکارهێنانی پێوەرەکانی ٢٠١٣

تکایە ئەو سندووقە بپشکنە کە بە باشترین شێوە باسی بەجێهێنانی خوێندنگاکەتان بە بەکارهێنانی پێوەرەکان دەکات.

تکایە سەرنجێك زیاد بکە سەبارەت بەو ڕێکارەی کە پێت وایە خوێندنگا پێویستە بۆ باشتر کردن بیگرێتە بەر.

| سەرنج و تێبینییەکان | پێوەری بەدینەهێنراو | پێوەری بەدیهێنراو – تا ڕادەیەکی کەم | پێوەری بەدیهێنراو – تا ڕادەیەکی ماماوەند | پێوەری بەدیهێنراو – تا ڕادەیەکی زۆر | پێوەرەکان (تکایە پێش هەڵسەنگاندنی خوێندگا بە بەکارهێنانی پێوەرەکان، ئاماژە بە دەرخەرەکان بکە) | بوار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ٤– مامۆستایان جیاوازییە کەسییەکانی نێو خوێندکاران لەبەرچاو دەگرن. | |
| | | | | | ٥– خوێندنگا ناوە ناوە هەڵسەنگاندن بۆ خوێندکاران دەکات. | |
| | | | | | ١– خوێندنگا پشتیوانی لە خوێندکاران دەکات و بایەخیان پێ دەدات. | ٥– گشتگیری و بەشداری و مافەکانی منداڵ |
| | | | | | ٢– خوێندنگا پشتیوانی لە بەها ئەرێنییەکان دەکات. | |
| | | | | | ٣– خوێندنگا پشتیوانیی گونجاو بۆ پەروەردەی تایبەت دابین دەکات. | |
| | | | | | ١– خوێندنگا هاوبەشیی باشی هەیە لەگەڵ کۆمەڵگای خۆجێیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی بەکاربێنن و بەرنامە پەروەردەییەکان جێبەجێ بکەن. | ٦– هاوبەشییەکانی کۆمەڵگا |
| | | | | | ٢– خوێندنگا بە شێوەیەکی کارا پەیوەندی بە دایك و باوکان دەکات و هاوکارییان دەکات بۆ بەدیهێنانی ڕوانگەی خوێندنگا. | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧- دەرکەوتە و دەرەنجامەکان | ١- خوێندکاران تەندروستی و سەلامەتی و بەهای باشیان هەیە. | | | | | |
| | ٢- ئاستی بەجێهێنانی خوێندکاران لە ئاستێکی پێشکەوتوودایە. | | | | | |
| | ٣- کۆمەڵگای خۆجێیی و دایك و باوکان و خوێندکاران بە خزمەتگوزارییە پەروەردەییە پێشکەش کراوەکان ئاسوودە و دڵخۆشن. | | | | | |

# ANNEX 1

# JOB DESCRIPTIONS

## بەڕێوەبەران / یاریدەدەرانی خوێندنگا

### بەرپرسیارییە سەرەکییەکان

- دڵنیابوون لە بەڕێوەچوونی کارەکانی خوێندنگا بەشێوەیەکی ئاسایی و ڕاست و دروست.
- سەرپەرشتی کردنی مامۆستایان و چاودێری کردنی ئاستی بەجێهێنانیان و دابین کردنی پشتیوانیی پێویست بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانی خۆیان بەجێ بێنن.
- وانەوتنەوە و پێشکەش کردنی وانەی نموونەیی بەپێی پێویست.
- سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی تاقیکردنەوە.
- ئامادە کردنی ڕاپۆرتی ساڵانەیی.
- بەڕێوەبردنی نامەکاری و بەڵگەنامەکاریی خوێندنگا.
- سەرپەرشتی کردن و هەڵگرتنی تۆمارەکانی خوێندنگا.
- دڵنیابوون لە پاراستن و پاک و خاوێنیی باڵەخانەکانی خوێندنگا.

### زانین

- شێوازەکانی سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی خوێندنگا دەزانن و لێی تێدەگەن.
- فەلسەفە و سیاسەت و ئامانجەکانی پەروەردە دەزانن و لێی تێدەگەن.
- شێوازە پەروەردەییە نوێکان دەزانن و لێی تێدەگەن.
- خواست و داخوازییە یاساییەکانی پەیوەست بە خوێندنگا دەزانن و لێی تێدەگەن.
- بارودۆخیماڵەوەی خوێندکاران و ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژین دەزانن و لێی تێدەگەن.

### کارامەییەکان

- توانای سەرکردایەتیی فێرکردن و فێربوون و برەودان بە شێوازە پەروەردەییە نوێکان و مسۆگەر کردنی چۆنایەتیی بەرزیان هەیە.
- توانای ڕەخساندنی کەشێکی ئەرێنی لەناو خوێندنگا و پاراستنی پەیوەندیی باشی نێوان خوێندکاران و کارمەندان و برەودان بە کاری هەرەوەزیان هەیە.
- توانای ڕەخساندنی ژینگەیەکی ئارام و هیوابەخش بۆ فێرکردن و فێربوونیان هەیە.
- توانای پلاندانان و بەهێز کردن و جێبەجێ کردن و چاودێری کردن و هەڵسەنگاندنی کارەکانیان هەیە بۆ باشتر کردنی ئاستی بەجێهێنانی خوێندنگا.
- توانای ڕاوێژکاری بە یاریدەدەرانی بەڕێوەبەرانی خوێندنگا و مامۆستایان و کارمەندانی تر و دەسەڵات پێدانیان و هاوبەشی پێکردنیان لە بەرپرسیارییەکانی بڕیاردانیان هەیە.
- توانای بەڕێوەبردنی هەموو سەرچاوەکانی خوێندنگایان هەیە بە شێوەیەکی کارا و لێهاتووانە.
- توانای هەبوونی پەیوەندی و گەیاندنی باشیان هەیە لە ناوەوە و دەرەوەی خوێندنگادا.

### بەها و هەڵوێستەکان

- پابەندبوون بە دڵنیابوون لەوەی کە فێرکردن و فێربوون لە خوێندنگادا لە ئاستێکی بەرزی چۆنایەتیدایە و خوێندنگا بەردەوام لە باشبووندایە.
- پابەندبوون بە هەڵگرتنی بەرپرسیارییەکان وەکو سەرکردە.
- پابەندبوون بە بەشداری پێکردنی دایک و باوکان و کۆمەڵگای خۆجێیی لە چالاکییەکانی خوێندنگادا.

- پابەندبوون بە دادپەروەری و بابەتی لە بەڕێوەبردنی خوێندنگا و چاودێری کردنی ئاستی بەجێهێنانی مامۆستایان و کارمەندانی تری خۆی.
- پابەندبوون بە خۆهەڵسەنگاندن و گەشەپێدانی پیشەیی خۆی و پابەندبوون بە خۆهەڵسەنگاندن و گەشەپێدانی پیشەیی سەرجەم کارمەندانی خوێندنگا و پاراستنی ڕەوشێکی ئەرێنی لەناو خوێندنگادا.

**مامۆستا**

**بەرپرسیارییەکان**

- جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی فێرکردن و پەروەردە.
- دانانی پلانێکی ساڵانە بۆ ئەو بابەتەی دەیڵێتەوە بۆ هەموو پۆلێك کە ئامانج و چالاکی و ئامراز و شێوازەکانی بەدیهێنانی ئامانجەکان لەخۆ بگرێت.
- دانانی پلانێکی ڕۆژانە کە بە وردی و درێژی هەموو هەنگاوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان بگرێتە خۆ بۆ جێبەجێ کردنی پلانی ساڵانە.
- دانانی تۆماری ناوی خوێندکاران و نمرەی تاقیکردنەوەکانیان.
- هاوبەشی کردن لە چالاکییەکانی دەرەوەی خوێندنگا.
- هاوبەشی کردن لە کاری بەڕێوەبردنی خوێندنگا.
- هاوبەشی کردن لە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی کە ئەنجومەنی مامۆستایان بۆ ئەویان داناوە.
- هاوکاری کردن لەگەڵ سەرپەرشتیاری پەیوەندار و مامۆستای یەکەم و بەڕێوەبەری خوێندنگا لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکاندا.
- بەشداری کردن لە خوولەکانی ڕاهێنان و بەرنامەکانی تواناسازی.
- بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی دایك و باوکان – مامۆستایان.
- ڕەنگدانەوەی ڕەوشتی بەرز و گیانی لێبوردن و ڕێزگرتن لە هەڵسوکەوتەکانیدا.

**زانین**

- ئەو بابەتانە دەزانێت کە دەیانڵێتەوە و توانای ئەوەی هەیە بە بەکارهێنانی هۆیە گونجاوەکانی ڕوون کردنەوە بابەتەکان پێشکەش بکات.
- خواست و داخوازییەکانی پێڕەوی خوێندن دەزانێت و لێیان تێدەگات سەبارەت بەو بابەتانەی دەیانڵێتەوە.
- چۆنیەتیی پێشکەش کردنی بابەتەکان بۆ خوێندکاران دەزانێت و لێی تێدەگات.
- چۆنیەتیی فێربوون و گەشەپێدانی خوێندکاران دەزانێت و لێی تێدەگات.
- شێوازە نوێکانی وانەوتنەوە دەزانێت و لێیان تێدەگات.
- شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی دەزانێت و لێیان تێدەگات (هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە).

**کارامەییەکان**

- توانای ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی ڕوون بابەتەکان پێشکەش بکات و بۆ خوێندکاران و سەرنجڕاکێشیان بکات.
- توانای ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی گونجاو پلان بۆ فێربوونی خوێندکاران دابنێت.
- توانای ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی کاریگەر ئاخاوتن و کارلێك لەگەڵ خوێندکاران بکات.
- توانای ئەوەی هەیە خوێندکاران بۆ فێربوون ببزوێنێت.
- توانای ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی کاریگەر پۆل بەڕێوە ببات.
- توانای ئەوەی هەیە شێوازەکانی وانەوتنەوەی نوێ و ستراتیژەکان بەکاربێنێت کە چالاکانە خوێندکاران بەشدار دەکات لە فێربوون و بەتوانایان دەکات بۆ گەشەپێدانی کارامەییەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر فێرببن.
- توانای ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی ورد و لێهاتووانە و دروست هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی بەجێهێنانی خوێندکاران بکات و دەرەنجامەکانی هەڵسەنگاندن بۆ باشتر کردنی ئاستی پێشوەچوونی خوێندکاران بەکاربێنێت.
- توانای ئەوەی هەیە بەهۆی لەبەرچاوگرتنی تەواوی جیاوازییە کەسییەکانی خوێندکاران، هەموو خوێندکاران وا لێ بکات بە شێوەیەکی باش و کاریگەر فێربن.

**بەها و هەڵوێستەکان**

- پابەندبوون بە پیشەی وانەوتنەوە و فێربوونی خۆی و بەرز کردنەوەی ئاستی فێربوونی خوێندکاران بۆ ئەوەی هەموویان بەرەو پێشەوە بچن و بە باشی ئەرکی خۆیان بەجێبێنن.
- پابەندبوون بە گەشەپێدان و بەهێز کردنی بەها نیشتمانی و ئاکارییەکانی خوێندکاران.
- پابەندبوون بە پەیوەندییە ئەرێنییەکان لەگەڵ خوێندکاران و هاوپیشەکان لەناو خوێندنگا و خێزان و کۆمەڵگادا.
- پابەندبوون بە بەشداریی چالاکانە لە چالاکییەکانی خوێندنگادا.
- پابەندبوون بە خۆهەڵسەنگاندنی ئاستی بەجێهێنانی خۆی و باشتر کردنی لە ڕێگەی گەشەپێدانی پیشەییەوە.

**پشکنەر / سەرپەرشتیار**

**بەرپرسیارییە سەرەکییەکان**

- هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی بەجێهێنانی مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی خوێندنگا دەکات.
- وەك "هاوڕێی ڕەخنەگر" لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی خوێندنگایان کار دەکات.
- هەڵسەنگاندنی دەرەکی بۆ ئاستی بەجێهێنانی خوێندنگاکان دەکات.
- بەشداری لە گەشەپێدانی پێڕەوی خوێندن و سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکان و ئامادە کردنی خوولەکانی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان دەکات.

**زانین**

- ئەرك و بەرپرسیارییەکانی خۆی و چۆنیەتیی دانانی پلان بۆ کارەکانی دەزانێت.
- فەلسەفە و ستراتیژ و پابەندبوونە پەروەردەییە نیشتمانییەکان دەزانێت لەگەڵ ئەو هەلومەرج و ژینگەیەی کە خوێندنگاکان کاری تیا دەکەن.
- پێوەرەکان بۆ مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی خوێندنگاکان و خوێندنگاکان لەگەڵ بەکارهێنانیان بۆ خۆهەڵسەنگاندن و هەڵسەنگاندنی دەرەکی دەزانێت.
- شێوازە نوێکانی فێرکردن و فێربوون دەزانێت.
- ڕێبازە نوێکانی سەرکردایەتیی خوێندنگاکان دەزانێت.
- پێڕەوی خوێندنی پەیوەست بە تایبەتمەندیی خۆی دەزانێت و بەردەوام زانین و زانیاریی خۆی نوێ دەکاتەوە.

- شێوازەکانی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی پەیوەست بە رۆڵی خۆی دەزانێت.
- وەك هاوڕێی رەخنەگر، دەزانێت چۆن برەو بە خۆهەڵسەنگاندن بدات و پلان دابنێت بۆ باشتر کردنی کاری خوێندنگاکان وەك دامەزراوە پەروەردەییەکان و مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی خوێندنگا.

**کارامەییەکان**

- توانای هەیە بە شێوەیەکی گونجاو و راستبینانە و کاریگەر پلان بۆ کارەکانی دابنێت و بە سەرکەوتوویی پلانەکانی جێبەجێ بکات و بە گیانێکی یەك تیمی کار لەگەڵ هاوپیشەکانی خۆی بکات.
- توانای هەیە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی بەجێهێنانی مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی خوێندنگاکان و خوێندنگاکان بکات بە بەکارهێنانی پێوەرە گونجاوەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بابەتییانە.
- توانای هەیە کارامەییەکانی "هاوڕێی رەخنەگر" بەکاربێنێت بۆ دروست کردنی پەیوەندیی بەهێز و ئەرێنی لەگەڵ مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی خوێندنگاکان.
- توانای هەیە پشتیوانیی کاریگەر پێشکەش بە خوێندنگا بکات وەك دامەزراوەی پەروەردەیی لە ئەنجامدانی خۆهەڵسەنگاندن و دانانی پلانی باشتربوون.
- توانای هەیە بە باشی گەیاندن و پەیوەندیی زارەکی و نووسین بکات بە شێوەی یاداشت و راپۆرت لەسەر سەردانەکانی بۆ خوێندنگاکان.
- توانای هەیە پەیوەندیی باش و ئەرێنی لەگەڵ دایك و باوکان و بەخێوکەران و کۆمەڵگا و رێکخراوە ناحکومییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست بکات.
- توانای هەیە کێشە پەیوەندارەکان چارەسەر بکات و بڕیاری گونجاو بدات.

**بەها و هەڵوێستەکان**

- پابەندبوون بە پشتیوانی کردنی مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی خوێندنگاکان لە باشتر کردنی ئاستی بەجێهێنان و کارکردنیان وەك هاوڕێی رەخنەگر.
- پابەندبوون بە باشتر کردنی ئاستی بەجێهێنانی خوێندنگاکان وەك دامەزراوە پەروەردەییەکان و چۆنایەتیی پەروەردە بۆ خوێندکاران و ئەو ئەنجامانەی بەدەستی دێنن.
- پابەندبوون بە بەها ئاکاری و نیشتمانییەکان.
- پابەندبوون بە کارکردن بە پاکی و بابەتی و سەربەخۆیی لە هەڵسەنگاندن و راپۆرت کردن و هەموو بوارەکانی تری کارکردنی.
- پابەندبوون بە هەڵسەنگاندنی راستگۆیانە و باشتر کردنی ئاستی بەجێهێنانی خۆی.

**راوێژکاری خوێندنگا**

**بەرپرسیارییە سەرەکییەکان**

- بەدواداچوون و هەماهەنگی بۆ سەرجەم ئەو رووداو و چالاکی و بەرنامە دەروونی و کۆمەڵایەتییانە دەکات کە لە خوێندنگادا جێبەجێ دەکرێن، جا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بێت، یان هەر قەوارەیەکی حکومی، یان مەدەنییەوە بێت.
- لەگەڵ مامۆستایان بەشداری لە ئامادە کردنی پلانی ساڵانە دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پلانی راوێژکاری خراوەتە ناو پلانی ساڵانەی خوێندنگا.
- کۆبوونەوە لەگەڵ مامۆستایان دەکات بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیارییان دەربارەی قۆناخەکانی گەشەپێدانی منداڵ و پێداویستییە جەستەییەکان و بوارە هۆشی و دەروونی و پەروەردەییەکان کە پەیوەندییان هەیە بە هەموو قۆناخێکی گەشەکردنی خوێندکاران بە مەبەستی یارمەتیدانی مامۆستایان لە تێگەیشتنی باری دەروونیی منداڵ.

- کۆبوونەوەی وەرزییانە لەگەڵ دایك و باوكان دەكات بۆ گفتوگۆ كردن لەبارەی ڕەوشی منداڵەكانیان و ڕێگە و میكانیزمەكانی مامەڵە كردن لەگەڵیان.
- ڕاوێژكاری بۆ مامۆستایان و بەڕێوەبردنی خوێندنگا دابین دەكات.
- چالاكانە بەشداری لە خوولەكانی ڕاهێنان دەكات بۆ گەشەپێدانی توانا نوێكان.
- چالاكانە بەشداری لە كۆبوونەوەكانی بەڕێوەبردن دەكات كە لەلایەن سەرپەرشتیاری ڕاوێژكاری و یاریدەدەرەكەی دەبەسترێن بۆ بەدواداچوونی بەڕێوەبردنی كارەكان.
- بە شێوەیەكی كارا بەشداری لە كۆبوونەوەكانی سەرپەرشتیی پیشەیی هەرەوەزی دەكات كە دوو هەفتە جارێك لە هەرێمدا لەلایەن سەرپەرشتیاری پیشەییەوە دەبەسترێن.
- ڕاپۆرتی مانگانە و ساڵانە ئامادە دەكات لەبارەی ئاستی پێشوەچوونی كارەكانی خوێندنگا بەپێی ئەو فۆرمانەی كە لەلایەن بەرپرسی بەشی ڕاوێژكاری لە بەڕێوەبەرایەتی، ئامادە و پەسەند دەكرێن.

## خەزنەداری كۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا

### بەرپرسیارییە سەرەكییەكان

- سەرۆكایەتی كۆمیتەی دارایی كۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا دەكات.
- فەرمان و ڕێنوێنی دەردەكات بۆ سەرپەرشتیی دانانی تۆماری خوێندنگا و سیاسەتەكانی ژمێریاری سەبارەت بە حیسابی خوێندنگا و مافبەشەكانی (ئیستحقاقات) بەخشینی بەرە.
- دڵنیابوون لە پێشكەش كردنی ڕاپۆرتە داراییەكان بە كۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا لە كاتی خۆیدا.
- دڵنیابوون لە ئامادە كردنی بودجەی ساڵانە و پێشكەش كردنی بە كۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا بۆ پەسەند كردن. هەروەها سەرپەرشتی چاودێریی جێبەجێ كردنی بودجە دەكات.
- سەرپەرشتی ئامادە كردن و پێداچوونەوەی كۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا دەكات بۆ سیاسەت و ڕێكارە داراییەكان. لەگەڵ كۆمیتەی دارایی، چاودێری پابەندبوون بە سیاسەت و ڕێكارە داراییەكان دەكات وەك ئەوەی لەلایەن حكوومەتی عێراقەوە پەیرەو دەكرێت.
- بەشە تەرخان كراوەكان بۆ پلانی ساڵانەی گەشەپێدانی خوێندنگا ئامادە و چاودێری دەكات.
- دڵنیابوون لەوەی كە سامان و شتەكان بەپێی سیاسەتی حكوومەت دەپارێزرێن و وەبەرهێن دەكرێن.
- سەرۆكایەتی كۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا دەكات لە دەستەبەر كردنی سازان لەگەڵ داخوازییەكانی ڕاپۆرتی دارایی فیدرالی و دەوڵەت و هیتر.
- ڕاسپاردەی وردبین بۆ پەسەند كردن پێشكەش بە كۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا دەكات. لەگەڵ كۆمیتەی دارایی پێداچوونەوە دەكات بە ئەنجامەكانی وردبینی، لەوانەش نووسراوی بەڕێوەبردن، ئەگەر پێویست بوو پلانی چاكسازی ئامادە دەكات، هەروەها ئەنجامەكان پێشكەش بە كۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا دەكات.
- بەرپرسیاری خۆی دەكاتە نموونە بۆ ئەندامانی تری كۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا و ڕۆڵی سەرەكی دەبینێت لە چالاكییەكانی بەرز كردنەوەی دارایی.
- بەرپرسیاریی نەخشەسازیی بەرنامەی پەروەردەیی ساڵانەی كۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا دەگرێتە ئەستۆ بۆ ئەوەی سەرجەم ئەندامانی دەستە بتوانن بە شێوەیەكی كاریگەر چاودێریی تەندروستیی دارایی ڕێكخراو بكەن.

# Annex 2

# Infrastructure Base Requirements

| # | ناوی ژوور | پێوەری شوێن م٢ | ژمارەی بەکارهێنەران | ناوچە م٢ | بەپێی ژمارە و شوێنی قۆناخ | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دواناوەندی | ئامادەیی | سەرەتایی | باخچەی ساوایان |
| | | | | شوێنی ناوەوە | | | | |
| **1** | ژووری بەڕێوەبەر | | 1 | 20 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| **2** | ژووری مامۆستایان | 5 | 12 | 60 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| **3** | ژووری کارگێڕ و سەرپەرشتیار و ژمێریار و سکرتێرەکان | 5 | 3 | 15 | 3 | 3 | 3 | 3 |
| **4** | ژووری کۆبوونەوە | | 10 | 30 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| **5** | کۆگا | | | 30 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| **6** | نۆرینگەی پزیشکی | | | 15 | | | | |
| **7** | ئاودەستخانەی خوێندکاران | ١ بازنە / قۆناخ | | | 6 | 6 | 6 | 6 |
| **8** | هۆڵی فرە بەکارهێن | ٥م٢ / خوێندکار | 25 | 125 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| **9** | کتێبخانە | 3.3 | 25 | 82.5 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| **10** | تاقیگەی کۆمپیوتەر | | 25 | 50 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| **11** | وەرزی خوێندن | 2 | 25 | 50 | 6 | 6 | 6 | 6 |
| **12** | تاقیگەی زانستی | 2 | 25 | 50 | | 1 | 2 | 3 |
| **13** | ژووری بۆنەکان | ٢ – بۆ مامۆستا | 25 | 50 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| **14** | کافتریا | 1.2 | 75 | 90 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| **15** | ڕێڕەوەکان | | 10 | 30 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| | | | | شوێنی دەرەوە | | | | |
| **16** | ژووری پاسەوان | | 1 | 12 | 1 | 1 | 1 | 1 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **17** | بەر دەرگاکان | 5 | 150 | 750 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| **18** | ڕێڕەوی حەوشە | 2 | 150 | 300 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| **19** | شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل | 1.2 | 75 | 90 | 20 | 20 | 20 | 20 |
| **20** | شوێنی وەستانی پاس | | 10 | 30 | 3 | 3 | 3 | 3 |

**تێبینی:** بەپێی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی شارستانی، ڕێگە نادرێت ژووری دار لە خوێندنگا بەکار بهێنرێت.

Ministry of Education

# پلانی بەڕێوەبردنی گۆڕین بۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا لە هەرێمی کوردستاندا

ڕەشنووسی گفتوگۆ

ئایاری ٢٠١٤

کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاریی پەروەردەی کوردستان
حکوومەتی هەرێمی کوردستان

پەڕەی ٦ی ٦ بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی یونیسێف ئامادە کراوە لەلایەن: جیۆپۆلیسیتی

## ناوەڕۆک

١- **پێشەکی** ........ ٢
٢- بەڕێوەبردنی گۆڕین چییە ........ ٢
٣- دەربارەی ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا ........ ٣
٤- چەند هەنگاو لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی گۆڕین ........ ٣
٥- سەرکردایەتی و ئامادەکارییەکانی جێبەجێ کردنی بەڕێوەبردن ........ ٥
٦- کۆڵەگەی ١ ی پشتیوانی – ڕەخساندنی ژینگە بۆ گۆڕین ........ ٦
٧- کۆڵەگەی ٢ ی پشتیوانی – بەشداری پێکردن و بەتوانا کردنی خوێندنگاکان ........ ٧
٨- کۆڵەگەی ٣ ی پشتیوانی – جێبەجێ کردن و بەردەوام کردنی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا ........ ٨

## خشتەکان

خشتەی ١: نموونەی هەڵسەنگاندنی توانا و لێهاتوویی خوێندنگای ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا ........ ١٠

## ١– پێشەکی

٢–١– ئەم پلانەی بەڕێوەبردنی گۆڕین پەیوەندی هەیە بە قۆناخی دووی (بەرنامەی نوێبوونەوەی کەرتی گشتیی عێراق). لەسەر پەڕەکانی ١ بۆ ٥ لەگەڵ کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ئامادە کراوە وەك لە خوارەوە، بە درێژی باسی کراوە:

- **پەڕەی ١:** چوارچێوەی ڕوانگە و پابەندبوون بۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا،
- **پەڕەی ٢:** باسی ئامادەکاریی ئێستای دارایی کردنی خوێندنگا دەکات،
- **پەڕەی ٣:** چوارچێوەیەکی داناوە بۆ خەرجییەکانی ماوە مامناوەندی بۆ بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا،
- **پەڕەی ٤:** تەرخانکراوە فەرمانبەرییە نیمچە نیشتمانییە پێشنیار کراوەکان دیار دەکات،
- **پەڕەی ٥:** ڕێبەرێك ئامادە دەکات بۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بۆ قۆناخی ئەزموونی،
- **پەڕەی ٦:** پلانی بەڕێوەبردنی گۆڕین دادەنێت. (ئەم پەڕەیە)

٢–١– **ئەم پلانەی بەڕێوەبردنی گۆڕین تەنیا جەخت دەکاتە سەر گواستنەوەی کەرتی پەروەردە لە سیستەمی زۆر ناوەندییەوە بۆ ئەو شێوەیەی ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا، هاوتەریب لەگەڵ پەڕەی ٤ و ٥ی سەرەوە، کە چوارچێوەیەك دابین دەکات بۆ باشتر کردنی دەرەنجامە پەروەردەییەکان.** ڕێبەرێکی هەنگاو بە هەنگاو ئامادە دەکات بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی ئەوان ڕێبازی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا تاقی دەکەنەوە.

٢– **ئەم پەڕەیە ڕێبەرێکی کرداری دەخاتە ڕوو، ئەوە دادەڕێژێت کە چۆن وەزارەتی پەروەردە لەسەر ئاستی ناوەندی و پارێزگا و قەزاکان، قۆناخی ئەزموونیی بەرنامەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا جێبەجێ دەکات.** ئەم قۆناخە ئەزموونییە لە زیاتر لە ٨٠ خوێندنگادا لە پارێزگا و قەزا بە ئامانج کراوەکان ئەنجام دەدرێت. بۆ ئەوەی بەرنامە ئەزموونییەکە کار بکات و نموونەیەکی نوێ پیشان بدات کە بتوانرێت دووبارە بکرێتەوە، پرۆسەیەکی گەیاندنی دوو سەرە ئامادە دەکرێت کە بوار بە خوێندنگاکانی ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا دەدات تواناسازیی نوێ بکەن بۆ جێبەجێ کردنی ڕێبەرەکە و هەروەها سەرنج و پێشنیاریش لەبارەی ڕێبەری ئەزموون دابین بکەن بۆ ئەوەی تۆکمە و بەهێز بکرێت.

٣– **مەبەست ئەوەیە کە هەموو خوێندنگا سەرەتایی و دواناوەندییەکانی کوردستان بگرێتەوە لە ماوەی بەرنامەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا، کە پێشبینی دەکرێت بۆ ماوەی ١٠ساڵ بەدەوام بێت لە ڕۆژی دەست پێکردنیەوە.** ئەمەش هاوشێوەی ئەو پرۆسەیە کە لە زۆر وڵاتانی تر ئەنجام دەدرێت و کات بە کارگێڕی دەدات کە لەسەرەخۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بە دامەزراوەیی بکات وەك نموونەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکی نوێ بۆ کەرتەکە.

## ٢– بەڕێوەبردنی گۆڕین چییە

٣–١– **بەڕێوەبردنی گۆڕین بریتیە لە پرۆسەی دانانی ڕوانگە و زاڵبوون بەسەر زۆر ئاستەنگی سەر ڕێگا بۆ بەدیهێنانی حاڵەتی پەسەند کراوی دوارۆژ.** هەر کاتێك ئەو حاڵەتە پەسەند کراوە هاتەدی (لەم حاڵەتەی تاقیکردنەوە و فراوان کردنی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا)، پرۆسەکانی بەڕێوەبردنی گۆڕین مەبەستی بەردەوامی تەوژمەکەیە بۆ گۆڕین و کردنی ڕێبازی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بە نموونەیەکی بنچینەیی بۆ پێشکەش کردنی خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی.

٣–٢– **بەڕێوەبردنی گۆڕین پێویستی بە پلانی بەڕێوەبردنی گۆڕین هەیە، بۆ ئەوەی ڕێنوێنی سەرکردە و بەڕێوەبەرانی گۆڕین بکات (لەسەر ئاستی سیاسی و تەکنیکی) لە تێپەڕاندنی هەنگاوە بنچینەییەکانی گەشەپێدانی چەمکەوە بۆ جێبەجێ کردن و بەردەوامی.** پرۆسەی بەڕێوەبردنی گۆڕین ئێستا لە چوارچێوەی قۆناخی یەکدا دەست پێ کردووە و لە ناوەندیش چۆتە قۆناخی دوو، لەگەڵ کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و کۆتایی بە سەکۆکارێکیش هێناوە کە لەلایەن ڕاوێژکارانی جیۆپۆلیسیتی و یونیسێف پشتیوانی کراوە. بۆیە، ئەوە ڕوونە کە پلانی بەڕێوەبردنی گۆڕین ئەوە دیار دەکات کە چۆن

گۆڕین بەڕێوە دەبردرێت، لە سیستەمێکی ئاڵۆزدا کە لەوانەیە یاسای توندی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی بودجە ڕێگر بن لەبەردەم بژارە پەسەندەکانی تاقیکردنەوە.

**٣-٣- بۆیە، ئەم پلانەی بەڕێوەبردنی گۆڕین پرۆسەیەکی هەشت هەنگاوی دادەنێت بۆ وەزارەتی پەروەردە و کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان پەیڕەوی بکەن لە جێبەجێ کردنی قۆناخی ئەزموونیدا ئەگەر پرۆسەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا لە کوردستان ئەنجام درا.** لەبەرئەوەی ئەم ڕێبازە تا ڕادەیەك لە چەند ڕوویەکەوە دانراوە، مەبەست ئەوەیە ئەم نموونە نوێیە تاقی بکرێتەوە بە پشتبەستن بە ڕێسا و ڕێکارەکانی ئێستا، لە کاتێکدا بەهێز کردنی دەستکەوتە بەرچاوەکان بەوەی کە خوێندنگا ببێتە چەقی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری، لەگەڵ ئەوەی منداڵان ببنە چەقی خوێندن و پەروەردە. هەروەها پێوەرەکانی خوێندنگای دۆستی منداڵ و دەرخەرەکان لێرە بڵاو دەکرێنەوە و لەگەڵ زیادبوونی کاریگەریی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا لە قۆناخی دوو پێویستی بەوەیە کە لەسەر دەرخەری دیار و ڕوون دابنرێن.

## ٣- لەبارەی ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا

**٣-١- بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بە مەبەستی خێرا کردنی هەوڵەکان دادەڕێژرێت بۆ تواناسازیی پەروەردەیی و ڕێکخستنی خوێندنگا لەسەر ئاستی خوێندنگادا بۆ باشتر کردنی ئەزموونی پەروەردەیی منداڵان و خوێندکاران.** بۆیە، بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا دەیەوێت بە پشتەبەستن بە دانانی بنەماکانی مامۆستایان و دایك و باوکان لە سەرکردایەتی، واتە جەخت کردنە سەر پلانی بەڕێوەبردنی گۆڕین بریتیە لە دروست کردنی ژینگەیەکی بەتوانا کردن کە پشتیوانی دەکات لە خوێندنگاکان بۆ باشتر کردنی توانا پەروەردەییەکانی ئەوان.

**٣-٢- ڕوانگەی کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا ڕایدەگەیەنێت کە** "وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان وای بۆ دەچێت کە بەتوانا کردنی خوێندنگاکان وا دەکات دەسەڵاتی گەورەتریان هەبێت لە بڕیاردانی ڕۆژانەدا لە پێناوی باشتر کردنی ئاستی چۆنایەتیی پەروەردەیی کە خۆیان دابینی دەکەن و دڵنیابوون لەوەی کە خوێندنگاکان سوودی کۆمەڵایەتی و ئابووری دابین دەکەن بە شێوەیەك کە باشترین ڕەنگدانەوەیان دەبێت لە ڕێزبەندی و بەهاکانی کۆمەڵگەکانیان". ئەمەش، پێناسەی کارکردن دابین دەکات بۆ ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا لە کوردستان کە وەك قۆناخی یەك تاقی دەکرێتەوە.

**٣-٣- ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا پێویستە بەلای کەمەوە، لە ١٣ خوێندنگای ئەزموونی لە دهۆك تاقی بکرێتەوە، هەرچەندە وا باشە هەولێریش بگرێتەوە.** ئەم خوێندنگایانە دەستنیشان کراون بۆ جێبەجێ کردنی سیستەمی ناناوەندیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا وەك قۆناخی ئەزموونی، بە پشتبەستن بە ئەزموونەکان، بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بۆ ژمارەیەکی زیاتری خوێندنگا پێشکەش دەکرێت پاش دەستکاری و گونجاندنی پێویست. <u>پێشبینی دەکرێت قۆناخی یەك (قۆناخی ئەزموونی) بۆ ماوەی دوو ساڵ درێژە بکێشێت.</u>

## ٤- چەند هەنگاو لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی گۆڕین هەیە

**٣-٤- لە چوارچێوەی ئەم پلانەی بەڕێوەبردنی گۆڕین، ئێمە پێشنیاری پرۆسەیەکی هەشت هەنگاوی دەکەین بۆ ئەوەی کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان پەیڕەوی بکەن، وەك بنچینەیەك بۆ مسۆگەر کردنی سەرکەوتن لە جێبەجێ کردنی قۆناخی ئەزموونیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.** ئەم ڕێبازە ڕەنگدانەوەی پشتیوانی کردنی ئەرکە فەرمانبەرییەکانە کە پێویستە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێن و پێویستە گۆڕینە ڕاستەقینەکانیش لەسەر ئاستی خوێندنگا ئەنجام بدرێن کە جێبەجێ کردنی ڕێبەری

بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا دەگرێتەوە:

**قۆناخی ١: ڕەخساندنی ژینگە بۆ گۆڕین**

- هەنگاوی ١: زیاد کردنی هەستی پەلەکردن لە ڕێگەی دانانی دوا وادە.
- هەنگاوی ٢: دروست کردنی هاوپەیمانییەکی بەهێز و پاڵپشتیکەر.
- هەنگاوی ٣: بەهێز کردنی ڕوانگەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.

**قۆناخی ٢: بەشداری پێکردن و بەتوانا کردنی خوێندنگاکان**

- هەنگاوی ٤: گەیاندنی ڕوانگە و ستراتیژ
- هەنگاوی ٥: لابردنی ئاستەنگەکان و بەتوانا کردنی کار.
- هەنگاوی ٦: دەستنیشان کردن و بەدیهێنانی دەستکەوتی خێرا.

**قۆناخی ٣: جێبەجێ کردن و بەردەوام کردنی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا دوای ئەزموون**

- هەنگاوی ٧: پشتبەستن بە تەوژمی گۆڕین و فراوان کردنی بۆ خوێندنگا نوێکان.
- هەنگاوی ٨: گۆڕینی لەنگەر لە ڕێبازی نوێ بۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.

# باسێکی گشتی سەبارەت بە پرۆسە هەشت هەنگاوە پێشنیار کراوەکەی بەڕێوەبردنی گۆڕینی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا

**هەنگاوی ١**

**زیاد کردنی هەستی پەلەکردن لە ڕێگەی دانانی دوا وادە**

هەست بە پەلە کردن زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتن لە ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا. پێشکەش کردنی ڕێبازی نوێ دەبێت پێشەنگ بێت و بە باشی پشتیوانی بکرێت لە هەموو ئاستێکی کارگێری و خوێندنگادا.

**Step 2**
**هەنگاوی ٢**

**دروست کردنی هاوپەیمانییەکی بەهێز و پاڵپشتیکەر**

کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دامەزراوە بۆ ئەوەی هاوپەیمانییەکی بەهێز و پاڵپشتیکەری بەرژەوەندییەکان دابین بکات و ئەرکی ئەوە بێت ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا لەسەر هەموو ئاستەکاندا سەربخات.

**هەنگاوی ٣**

**بەهێز کردنی ڕوانگەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا**

بەکارهێنانی هەموو ئامرازێکی گونجاو بۆ گەیاندنی ڕوانگەی نوێ و ستراتیژەکان، فێرکردنی ڕەفتاری نوێ بە نموونەی هاوپەیمانی ڕێنوێنی، بە نموونە کردنی خوێندنگا دەستنیشان کراوەکانی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بۆ ئەوەی دووبارە بکرێنەوە.

**هەنگاوی ٤**

**گەیاندنی ڕوانگە و ستراتیژ**

ڕوانگە و مەبەستەکانی ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا دەبێت تێگەیشتنیان ڕوون بێت و خاوەندار بن لە هەموو ئاستەکانی پرۆسەی بەڕێوەبردنی گۆڕین، لەم بارەشدا، لەسەر ئاستی خوێندنگا و قەزا و پارێزگا و ناوەنددا.

**هەنگاوی ٥**

**لابردنی ئاستەنگەکان و بەتوانا کردنی کار**

بە شێوەیەکی ڕوون، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕێسا توند و دژوارەکانی کارگێری و بڕیاردان بەسەر کەرتی پەروەردە زاڵن، هەوڵێکی زۆر بۆ لابردنی ئاستەنگەکان پێویستە بۆ دروست کردنی ژینگەیەکی بەتوانا کە بوار بە خوێندنگاکان و بەڕێوەبەرانی خوێندنگاکان بدات بۆ بەدیهێنانی ڕوانگەی کوردستان بۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا. ئەوەی لێرەدا گرنگە، گۆڕینی سیستەمەکان، یان پێکهاتەکانە کە بە شێوەیەکی ترسناک ڕوانگە لاواز دەکەن و هانی بیرۆکە مەترسیدار و باوەکان و چالاکییەکان و کردارەکان دەدەن.

**هەنگاوی ٦**

**دەستنیشان کردن و بەدیهێنانی سەرکەوتنی خێرا**

لە کاتێکدا کە ئەنجامی ئەزموونەکە پێشبینی دەکرێت تەواو بێت بۆ زیاد کردنی خواست بۆ نموونەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا، دەستنیشان کردن و پێشکەش کردنی باشترکردنەکانی بەجێهێنانی بینراویش گرنگە، واتە پێدانی ڕێزبەندی بە سەرکەوتنی خێرا و بینراو وەك دامەزراندنی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا و گواستنەوەکانی بەخشینی بەرە.

**هەنگاوی ٧**

**پشتبەستن بە تەوژمی گۆڕین و فراوان کردنی بۆ خوێندنگا نوێکان**

بەکارهێنانی متمانەی زیاد بۆ گۆڕینی ئەو سیستەم و پێکهاتە و سیاسەتانەی کە لەگەڵ ڕوانگە ناگونجێن، گرنگە ئەو کارمەندانە بەکرێ بگیرێن و بەهێز بکرێن و گەشەیان پێ بدرێت کە دەتوانن لەسەر ئاستی خوێنندنگادا ڕوانگە جێبەجێ بکەن. هەروەها چالاك کردنەوەی ئەزموونەکە لەگەڵ پرۆژە نوێکان و بابەت و هۆکارەکانی گۆڕین بۆ پیشاندان و دووبارەبوونەوەی سەرکەوتن گرنگە.

**هەنگاوی ٨**

**گۆڕینی لەنگەر لە ڕێبازی نوێ بۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا**

هەر کاتێك ئەزموون دروست کرا، ڕێبازێکی بەرە بەرەیی دادەنرێت کە بوار بە پێشوەچوونی خوێندنگاکان دەدات لە چوارچێوەی سیستەمەکانی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا و تێخستنی خوێندنگای نوێ لە ڕێبازی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا لەسەر خواست و پرۆسەی ڕێنوێنی.

## ٥- سەرکردایەتی و ئامادەکارییەکانی جێبەجێ کردنی بەڕێوەبردن

**٨-١- کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە سەرکردایەتیی قۆناخی ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا وەك ئەوەی لەلایەن بەڕێز وەزیری پەروەردە ئەو ئەرکەی بۆ دانراوە.** لەبەرئەوەی کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان هەموو کارەکانی قۆناخی یەك و دووی بۆ دانراوە، پەسەند کردنی نموونەی کۆتایی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا، بە باشترین شێوە سەرکردایەتی نەخشەسازی و جێبەجێ کردن و چاودێریی پلانی بەڕێوەبردنی گۆڕین دەکات، هەرچەندە پێویستی بە تەرخان کردنی سەرچاوەکانیش هەیە بۆ دابین کردنی ئەم پشتیوانییە. دەبێت ئاستی ئەو هەوڵەی پێویستە بگونجێت لەگەڵ ئاستەکانی سەرچاوە پێویستەکان بۆ یارمەتیدانی خوێندنگاکان لە جێبەجێ کردنی ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.

٨-٢- وەك کۆمیتەی جێبەجێکاری پرۆژە، کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەموو ڕێنمایی و بڕیارێك لەسەر ئاستی سیاسەتی پەیوەست بە بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا دابین دەکات. کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان هەماهەنگی دەکات لەنێو پێکهاتەکانی ئێستای وەزارەتی پەروەردە و لە سەر ئاستی حکوومەتیش، وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بۆ پشتیوانی کردن لە جێبەجێ کردنی قۆناخی ئەزموونی. لە جێبەجێ کردنی پلانی بەڕێوەبردنی گۆڕین، کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ئەم ئەرك و بەرپرسیارییە گشتییانەی خوارەوەی دەبێت:

- دەستنیشان کردنی خوێندنگاکانی ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا،
- نەخشەسازی بۆ ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا،
- گواستنەوە و جێبەجێ کردنی مافبەشەکانی بەخشینی بەرەی خوێندنگا،
- نەخشەسازی و دابین کردنی پشتیوانی بۆ ڕاهێنان و تواناسازی،
- دامەزراندن و سەرپەرشتی کردنی کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەی پارێزگا،
- چارەسەر کردنی ئاستەنگ و ناکۆکییەکان،
- ڕێکەوتن و دارایی کردنی گورزەی پشتیوانیی تواناسازی،
- ڕاپۆرتی ئاستی پێشوەچوون بۆ کۆمیتەی ڕێنوێنیی نیشتمانیی (IPSM)،

- ئامادە کردنی پلانی کاری ساڵانەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا و دانانی سەرچاوەکان،
- چاودێری کردنی پێوەرەکانی دۆستی منداڵ و ئەنجامەکانی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.

٨-٣- **لەسەر ئاستی پارێزگادا، کۆمیتەیەکی هاوکاریی پەروەردەیی دادەمەزرێنرێت لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە لە هەر یەك لە سێ پارێزگا بەئامانج کراوەکاندا.** کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی بەرپرس دەبێت لە پێشکەش کردن و جێبەجێ کردنی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بە هاوکاری لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی تەکنیکیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا لەسەر ئاستی خوێندنگا بە پەیڕەو کردنی ڕێبەری گشتی لە کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان. لەوانەیە ئەندامانی کۆمیتەی تەکنیکیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگاش بن. ئەو چالاکییە سەرەکییانەی کە کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی ئەنجامی دەدەن، وەك بەشێك لە پلانی بەڕێوەبردنی گۆڕین، ئەمانەی خوارەوەن:

- ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی توانا لە هەموو خوێندنگایەك کە دەبێتە بەشێکی ئەزموون،
- دابین کردنی پشتیوانیی تەکنیکی و ڕاهێنان و بەدواداچوون بۆ کۆمیتەی تەکنیکیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا،
- دابین کردنی ڕاهێنان بۆ نووسینگەی بەڕێوەبەرانی پەروەردەی قەزا،
- سەرپەرشتی و چاودێریی گونجاندنی ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا و پێوەرەکانی خوێندنگای دۆستی منداڵ،
- ئامادە کردنی پلانی کاری ساڵانەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا،
- چارەسەر کردنی ئاستەنگ و ناکۆکییەکان.

٨-٤- **لەسەر ئاستی خوێندنگادا، لە هەموو خوێندنگایەك کۆمیتەیەکی تەکنیکیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا دادەمەزرێنرێت بۆ سەرکردایەتی کردنی پرۆسەی بەڕێوەبردنی گۆڕین.** لە هەموو خوێندنگایەکی ئەزموونی و ئەو خوێندنگایانەش کە لە دوای قۆناخی ئەزموونیدا دەخرێنە ناو بەرنامەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا، کۆمیتەیەکی تەکنیکیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا دادەمەزرێنرێت لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی دایك و باوکان – مامۆستایان، کە هەماهەنگی و هاوکاری لایەنە هاوبەشەکان لەسەر ئاستی خوێندنگا دەکات لە پێشکەش کردن و جێبەجێ کردنی ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا کە بۆ هەموو خوێندنگایەك دابین دەکرێت. کۆمیتەی تەکنیکیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا لەلایەن کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی بە شێوەیەکی ڕۆژانە پشتیوانی دەکرێت. ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا نموونەیەك دابین دەکات بۆ ئەوەی لەلایەن بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا پەیڕەو بکرێت و هەڵسەنگاندنی توانا لەلایەن کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی ئەنجام بدرێت کە هەڵسەنگاندن دەکات بۆ توانای خوێندنگا ئەزموونییەکان بۆ دەستەبەر کردنی خواستەکانی ڕوانگەی نوێ و داخوازییەکانی ڕێکخستن، لەوانەش، هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا، دانانی پلانەکانی گەشەپێدانی خوێندنگا، کردنەوەی حیسابە بانکییەکان و بەڕێوەبردنی بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا و چاودێریی بەرنامە بەرامبەر بە پێوەرەکانی دۆستی منداڵ. کۆمیتەی تەکنیکیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگەکان و دایك و باوکان و خوێندکاران کار دەکات، هەروەها سەرپەرشتی ڕاست کردنەوەی کۆمەڵایەتی و وردبینیی دارایی و کۆکردنەوە داتا و ئامادە کردن و جێبەجێ کردنی هۆشیاریی کۆمەڵگەیی دەکات. ئەو چالاکییانەی کە لەلایەن کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی ئەنجام دەدرێن لە پشتیوانیی جێبەجێ کردنی ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا، ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەڵام هەر ئەوانە نین:

- وەرگرتنی ڕاهێنان و ڕێنوێنی لە کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی،
- پشتیوانی کردنی کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی لە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ کەلێنەکانی توانای خوێندنگا،

- پشتوانیی تەکنیکی و سەرپەرشتیی هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا،
- پشتیوانیی تەکنیکی لە بەڕێوەبردنی بەخشینەکانی بەرە،
- پشتیوانیی نەخشەسازیی لە پلانی سێ ساڵە و پلانی ساڵانەی گەشەپێدانی خوێندنگا،
- پشتیوانی و ڕێنوێنی لە زیاد کردنی داهاتی خوێندنگا،
- لێکۆڵینەوە لە گونجان لەگەڵ جۆری کۆمەڵایەتی و گرفتەکانی تری جیاکاریی کۆمەڵایەتی، لەوانەش، پلانی گەشەپێدانی خوێندنگا کە بە شێوەیەك کار بکات وەڵامدەرەوە بێت بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت،
- پشتیوانی کردنی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا لە چاودێریی گونجانی ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا و پێوەر و دەرخەرەکانی دۆستی منداڵ.

## ٦- کۆڵەگەی ١ ی پشتیوانی – ڕەخساندنی ژینگە بۆ گۆڕین

٨-٥- بە پشتبەستن بە ئەرکەکانی پشتیوانی کە لەلایەن کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی و کۆمیتەی تەکنیکیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا دابین دەکرێن، کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە دروست کردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ گۆڕین، لەگەڵ پشتیوانیی بەهێزی یونیسێف. سەکۆکاری نیشتمانیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا کە لە نیسانی ٢٠١٤ بەسترا، دەستپێکی ئەم پرۆسەیە بوو، هاوبەشی کردنی ڕوانگە و کڕین بوو لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پارێزگا و نووسینگەکانی قەزا. پلانی بەڕێوەبردنی گۆڕین پێویستی بەم سێ هەنگاوەی خوارەوە هەیە کە بنچینەن بۆ دانانی بناخەیەکی تۆکمە و بەهێزی پشتیوانی لە بەرنامەی ئەزموون:

- **<u>هەنگاوی ١ هەستی پەلەکردن زیاد دەکات لە ڕێگەی دانانی دواوادەکان.</u>** کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان پلانی کاری پێشنیار کراو بۆ ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا پێشکەش دەکات بۆ پشتیوانی وەزیر بۆ ئەوەی کۆمەڵێك ڕێکاری پشتیوانی بگرێتەوە کە ئەمانەی خوارەوەن:

  - ئامادە کردنی ڕاگەیەنراوێکی فەرمی لەبارەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا لەلایەن وەزیرەوە بۆ هەرسێ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان کە داوایان لێ بکات بۆ دامەزراندنی فەرمیی کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی بە چوارچێوەی کار و ئەرکەکانیانەوە،
  - ڕەشنووسی یاداشتێکی لەیەك گەیشتن لە نێوان وەزارەت و نووسینگەکانی پارێزگاکان، وەك بنەمایەك بۆ نموونەی خزمەتگوزارییە هاوبەشەکان،
  - ئامادە کردن و گەیاندنی پلانی کاری دوو ساڵە کە تەواوی قۆناخی ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا دادەنێت، لەوانەش، بەرپرسیاری و چالاکییەکانی کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی و کۆمیتەی تەکنیکیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا،
  - لەبەرچاوگرتنی دابین کردنی زیادەیەکی کەمی مووچە (بەهێز کردنی مووچە) بۆ بەڕێوەبەر و مامۆستایانی بەشدار،
  - دەست کردن بە قۆناخێکی کاری ١٠٠ ڕۆژی کە دوای ئەو ماوەیەش هەر یەك لە خوێندنگا ئەزموونییەکان کۆمیتەی تەکنیکیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا هەڵدەبژێرێت و یەکەمین هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگای خۆی ئەنجام دەدات،
  - دامەزراندنی شانەی بەڕێوەبردنی گۆڕین کە سەر بە نووسینگەی وەزیر دەبێت لەگەڵ دانانی ٣-٤ کارمەندی دەوام تەواو (فول تایم) بۆ پشتیوانیی ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.

- **هەنگاوی ٢ هاوپەیمانییەکی بەهێز و پاڵپشتیکەر دروست دەکات بۆ قۆناخی ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.** کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەرپرس دەبێت لە دامەزراندنی هاوپەیمانییەکی ڕێنوێنیی پشتیوانی، لە وەزارەتی ناوەندی و لەسەر ئاستی پارێزگادا. هەروەها پێویستە شارەزایانی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی دارایی بەشداری بکەن لە دانانی بەخشینەکانی بەرە. چالاکییەکانی پشتیوانی ئەمانەی خوارەوە دەگرنەوە، بەڵام هەر ئەوانە نین:
  - ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەك لەسەر ئاستی پارێزگادا دەکەن لەگەڵ نووسینگەی پارێزگار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردە، بەڕێوەبەرانی پەروەردە، نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرانی خوێندنگاکانی ئەزموون بە مەبەستی پێداچوونەوەی هەماهەنگیی قۆناخی ئەزموونی. یونیسێف لەم سەکۆکارانە ئامادە دەبێت.
  - لەژێر چاودێریی وەزیر، کار دەکرێت بۆ دانانی بناخەیەکی یاسایی بۆ بەخشینەکانی بەرەی خوێندنگا، وەك ئەزموون، بۆ ئەوەی دواتر لەگەڵ وەزارەتی دارایی ڕێکەوتنی لەسەر بکرێت، بە بەکارهێنانی پۆلێنێکی فەرمانبەری و ئابووری.
  - کۆمیتەی تەکنیکیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا سەرپەرشتی دامەزراندنی کۆمیتەکانی بەڕێوەبردنی خوێندنگاکان دەکات کە بەپێی ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا دادەمەزرێت و هانی پشتیوانییەکی فراوان دەدات.

- **هەنگاوی ٣: بەهێز کردنی ڕوانگەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا:** هەر کارتێك لەسەر هەموو ئاستەکاندا، هەستی پەلەکردن دروست بوو و هاوپەیمانیی ڕێنوێنی دامەزرا، پێویستە ستراتیژی گەیاندن بۆ قۆناخی ئەزموونی دابمەزرێت بۆ گرتنەخۆی نموونەی گەیاندنی دوو سەرە. ئەو چالاکییانەی پێویستە ئەنجام بدرێن، ئەمانەی خوارەوە:
  - دامەزراندنی ستراتیژی گەیاندن بۆ قۆناخی ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.
  - دانانی پێکهاتەکای هەماهەنگی بۆ وەرگرتنی سەرنج و پێشنیار لەسەر ڕێبەر. هەروەها لە کۆتایی ساڵی یەکەمدا، نوێنەرانی ئەزموونی هەموو خوێندنگایەك و کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بانگهێشتی هەولێر دەکرێن بە مەبەستی پێداچوونەوە و بەهێز کردنی ڕێنوێنییەکان و بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا وەك ڕێباز.
  - بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بە کۆمیتەی پەروەردەی پەرلەمانی کوردستان ڕادەگەیەنرێت لەگەڵ پیشاندانی ئەزموونەکە بۆ ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی فراوان بەرنامەکە بزانرێت.
  - دەستنیشان کردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، وەکو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنی چاپکراو و ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە دەتوانرێت لەسەر ئاستی نیشتمانی و پارێزگا و ئاستەکانی کۆمەڵگادا بەشداریان پێ بکرێت.

## ٧- کۆڵەگەی ٢ ی پشتیوانی – بەشداری پێکردن و بەتوانا کردنی خوێندنگاکان

**٨-٦- بە پشتیوانیی کۆڵەگەی یەك، گرنگترین بەشی پلانی بەڕێوەبردنی گۆڕین لە چوارچێوەی کۆڵەگەی دوو جێبەجێ دەکرێت کە جەخت دەکاتە سەر بەشداری پێکردن و بەتوانا کردنی خوێندنگاکان.** سەرکردایەتییەکی ڕوونی یەکخراو لە کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی پێویستە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو خوێندنگایەکی نێو ئەزموون، هەروەها پاشتریش، پشتیوانیی تەواویان بۆ دابین دەکرێت کە ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگای تیادا جێبەجێ دەکرێت، نەك هەر لە چالاکییەکان بەڵکو بە گیان و دڵیشەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەوەیە کە زۆر لەو ئاستەنگانەی ڕێگرن لەبەردەم باشتر کردنی بواری پەروەردەدا، دەکەونە ناو ڕێسا و ڕێکارەکانی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان کە پێویستە بە وریاییەوە لە ماوەی قۆناخی ئەزموونیدا بگۆڕدرێن.

٨-٧- بۆیە، وا باشە قۆناخی ئەزموونی هەندێ ڕێگەپێدانی بەدەر بدات بۆ ئەوەی خوێندنگاکانی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بتوانن لە چوارچێوەی ڕێنوێنییەکاندا کار بکەن، لەوانەیە لە ڕێگەی پێڕەوی ناوخۆ، بە یاسایی کردنی دامەزراندنی کۆمیتەکانی

بەڕێوەبردنی خوێندنگا، پێکهاتەکانی تری وەك کارکردنی حیسابە بانکییەکان و پاداشتەکانی بەخشینی بەرە.

- **هەنگاوی ٤: گەیاندنی ڕوانگە و ستراتیژ:** لەسەر ئاستی خوێندنگای ئەزموونیدا، لە کاتی دەست پێکردنی ئەزموونەدا، ئەندامانی کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی سەردانی هەموو خوێندنگایەك دەکەن و کارمەندانی خوێندنگا و ئەندامانی ئەنجوومەنی دایك و باوکان – مامۆستایان و سەرجەم خوێندکاران پێکەوە کۆدەکەنەوە لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆجێیی بۆ ئەوەی دەست پێکردنی ئەزموونەکە ڕابگەیەنن لەگەڵ ئەو شتانەی پێویستن و ئەوەی دەگۆڕدرێت. چالاکییە سەرەکییەکان ئەمانەی خوارەوە دەگرنەوە:

  - دەست پێکردنی فەرمی لەسەر ئاستی هەموو خوێندنگایەکی ئەزموونیدا دەکرێتەوە و دەخرێتە ناو قۆناخی ئەزموونیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.
  - بەرپرسانی کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی هۆیەکانی ئەزموونەکە و ڕوانگە و پرۆسە و ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا پێشکەش بە تەواوی ئەندامانی خوێندنگا و ئەنجوومەنی دایك و باوکان – مامۆستایان دەکەن. وێنەی هەموو ئەوانەش بۆ سەرجەم گروپەکانی لایەنە هاوبەشەکان دابین دەکرێت.
  - لە کاتی ئاهەنگی کردنەوەدا، لەسەر ئاستی خوێندنگا وتاری نووسینگەی پەروەردەی قەزا و بەڕێوەبەری خوێندنگا پێشکەش بە ئامادەبووان دەکرێت.
  - لە کاتی ئاهەنگی کردنەوەدا، بە هەموو کۆمەڵگای خوێندنگاکان ڕادەگەیەنرێت کە ڕوانگە و پلانی گەشەپێدانی خوێندنگای تایبەت بە خۆیان ئامادە بکەن.

- **هەنگاوی ٥: لابردنی ئاستەنگەکان و بەتوانا کردنی کار:** هەنگاوی پێنج لەوانەیە گرنگترین هەنگاوی پلانی بەڕێوەبردنی گۆڕین بێت کە پێویستی بە دڵنیابوونە لەوەی کە ئەزموونەکە هەر پرۆژە نییە بەڵکو گۆڕینێکی تەواوە لە نموونەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی. ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا نەخشەسازی بۆ کراوە لەسەر بنەمای یاساکانی ئێستا (وەکو ئەنجوومەنی دایك و باوکان – مامۆستایان) هەرچەندە بێ گومان دامەزراندنی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا و بەکارهێنانی بەخشینەکانی بەرە گۆڕانی گەورەن لە بیرکردنەوەدا. بە گریمانەی ئەوەی کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بە فەرمی ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا پەسەند بکات، ڕێبەر و بنەمای مافبەشەکانی بەخشینی بەرە، پاشان جەخت بکاتە سەر لابردنی ئاستەنگەکان لەسەر ئاستی خوێندنگا لە ڕێگەی ئەم چالاکییانەی خوارەوە:

  - پەیوەندی کردنی ڕۆژانە بە کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی،
  - ئامادە کردنی چوارچێوەیەکی لێهاتوویی بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنگا لەلایەن هەموو خوێندنگایەك لەگەڵ کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی وەك بناخەیەك بۆ بە ئامانج کردنی ڕاهێنان.
  - هەموو خوێندنگایەك پشتیوانیی تواناسازی بۆ دابین دەکرێت بۆ ئەوەی ڕێنوێنییەکانی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا جێبەجێ بکات. ئەم پشتیوانییە کە لەلایەن کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی دابین دەکرێت، ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

    - بەرچاوڕوونی لەبارەی پێڕەوی ناوخۆ و ڕێنوێنییەکانی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا،
    - ڕاهێنانی سەرکردایەتی و بەڕێوەبردن،
    - ڕاهێنان لە گەورە کردنی بەشداریی ئەنجوومەنی دایك و باوکان – مامۆستایان،
    - ڕاهێنان لە پلاندانان بۆ خوێندنگا،
    - ڕاهێنان لە بودجە دانان و کڕین،

- ڕاهێنان لە کاروباری کارمەندان بۆ دامەزراندنی کاریگەر،
- ڕاهێنان لە ڕاپۆرت کردن،
- ڕاهێنان لە بەشداریی کۆمەڵگا و دەسەڵات پێدان،
- ڕاهێنان لە چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئاستی بەجێهێنان.

o بوونی هێڵێکی گەرم (ژمارەی مۆبایل) لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پارێزگا بۆ پشتیوانیی بەدەر،
o کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی لە ماوەی شەش مانگی یەکەمدا، چوارچێوەی بەڕێوەبردنی مەترسی دادەمەزرێنێت لەسەر بناخەی ئەزموونی ڕاستەقینەی ڕاپۆرت کراو.

**هەنگاوی ٦: دەستنیشان کردن و بەدیهێنانی سەرکەوتنی خێرا:** زۆر گرنگە کە قایلبوونی خێرای کارمەندانی پارێزگا و مامۆستایان و دایك و باوکان بەدەست بێنین سەبارەت بە بەهای زۆر گشتگیرتر، بنچینەی خوێندنگا و کۆمەڵگا بۆ پەروەردە جەخت دەکەنە سەر ئەو کارەی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت. ئەمەش، لەوانەیە ئەمانە بگرێتەوە: (أ) هەڵبژاردنەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا (ب) دووبارە بۆیاخ کردنەوەی خوێندنگا لە ڕێگەی بەخشینی بەرە (ت) چالاکییەکانی بەرز کردنەوەی دارایی کۆمەڵگا (پ) کڕینی کەرەسەی نوێی فێرکردن بۆ بەهێز کردنی پیادەکردنەکانی فێرکردن.

## کۆڵەگەی ٣ ی پشتیوانی – جێبەجێ کردن و بەردەوام کردنی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا

٨–٨– ئەو پشتیوانییەی بۆ بەرنامەی ئەزموون دابین دەکرێت پێویستە بناخەیەك دابنێت بۆ نموونەی نوێی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری کە لەگەڵ خواستی دانیشتووان زیاد دەبێت. بۆ کردنی ئەمە، پێویستە پاڵنەری گۆڕین دروست بکرێت لەگەڵ دڵسۆزیی پابەندبوون کە سوودێکی بەرچاوی دەبێت بۆ خوێندکاران و مامۆستایان و دایك و باوکان. هەروەها دەکرێت ڕووپێو لەبارەی بۆچوونی گشتی و کۆمەڵگا ئەنجام بدرێت، لە خوێندنگا دەستنیشان کراوەکان، لەگەڵ ئەنجامەکانی گشتی و ژماردنی بۆ ئەو خوێندنگایانەی دەکەونە دەرەوەی ئەزموون. ئەو چالاکییانەی لەسەر تەوژمی گۆڕین (فراوان کردنی لەدوای قۆناخی ئەزموونی) و کردنی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا بەو گۆڕینە نوێیەی کە وەزارەت دەخوازێت ببینێت، ئەم چالاکییانەی خوارەوەی پلانی بەڕێوەبردنی گۆڕین دەگرێتەوە.

- **هەنگاوی ٧: بە پشتبەستن بە تەوژمی گۆڕین و فراوان کردنی بۆ خوێندنگا نوێکان:** لە دوای ساڵی یەکەمی ئەزموون و هەر کارتێك ڕێبەر و پرۆسەی بەخشینی بەرە بەهێز کران و بە دامەزراوەیی کران، پێویستە کۆمیتەی ڕاوێژکاریی وەزاری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ئەم چالاکییانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

o پێویستە پێوەرەکانی بە ئامانج کردنی خوێندنگاکان ئامادە بکرێن بۆ شەپۆلی نوێی خوێندنگاکان بۆ ئەوەی بخرێنە ناو بەرنامەی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا.
o کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی تواناسازی دەکات بۆ بڵاوبوونەوەی گورزە پێوەرییەکانی پشتیوانیی خوێندنگا کە بە وریاییەوە و بەپێی خواست دەڕۆنە پێشەوە.
o سیستەمی زانیاریی بەڕێوەبردنی پەروەردە و پێوەرەکانی خوێندنگای دۆستی منداڵ و دەرخەرەکان بەهێز دەکرێن تا ڕێگە بە گەشە کردنی دەرخەرەکانی ئاستی بەجێهێنان بدەن بۆ ئەوەی خوێندنگا هەژارترەکان و ئەو خوێندنگایانەی کەوتوونەتە شوێنە دوورە پەرێزەکان بخرێنە ناو بەرنامەکە.

**هەنگاوی ٨: گۆڕینی لەنگەر لە ڕێبازی نوێ بۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا:** هەر کاتێك ئەزموون تەواو کرا، هەڵسەنگاندنێکی سەربەخۆ بۆ ڕێبازی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا و تواناکانی ئەنجام دەدرێت و ئەنجامەکانی ئەزموونەکە بە درێژی پیشان دەدات بۆ گەشەپێدانی کارگێڕی و بودجە و ڕاهێنان و پێڕەوی خوێندن.

- دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی فراوان بەکاردێن بۆ ڕاگەیاندنی فراوانبوونی بەرنامەکە و گەیاندنی ڕوونی سوودەکان، یان تێخرانە ناو بەرنامەکە.
- ڕاهێنانی نێو خزمەتگوزاری و ڕاهێنانی مامۆستایانی ئێستا ئەنجام دەدرێت بۆ بەڕێوەبردن لسەر بنەمای خوێندنگا وەك نموونەی یەکخراو بۆ خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی، بۆیە، دڵنیابوون لەوەی کە خوێندنی ناناوەندی دەبێتە نموونەی یەکخراو لە کوردستان و بە ژینگەیەکی بەتوانا کردنی ناوەندیی بەهێز پشتیوانی لیَ دەکرێت.

٨–٩– چوارچێوەیەك بۆ چوارچێوەی لێهاتوویی بنچینەیی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا لە خوارەوە دراوە، وەك بنچینەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی توانای کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی بۆ خوێندنگا ئەزموونەکان.

**خشتەی ١: نموونەی هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی خوێندنگاری ئەزموونی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا**

| رۆڵ | لێهاتوویی داواکراو | پیشاندراو | چالاکیی تواناسازیی کۆمیتەی هاوکاریی پەروەردەیی |
| --- | --- | --- | --- |
| کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خوێندنگا | ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خوێندنگا<br>هۆشیاریی ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خوێندنگا<br>پرۆسەی هەڵبژاردن<br>توانای چارەسەر کردنی کێشە و گرفت<br>پلاندانانی گەشەپێدانی خوێندنگا<br>کارامەییەکانی دارایی و دابین کردنی بەخشینی بەرە<br>زیاد کردنی دارایی | پێویستە تەواو بکرێت<br>هتد.<br>هتد.<br>هتد.<br>هتد. | ڕاهێنان لە کڕین و بەڕێوەبردنی بەخشینی بەرە<br>هتد.<br>هتد.<br>هتد.<br>هتد. |
| بەڕێوەبەری خوێندنگا | بڕیاردان<br>پلاندانان<br>هەڵسەنگاندن<br>بەڕێوەبردنی ناکۆکی<br>هەڵسەنگاندن | پێویستە تەواو بکرێت<br>هتد.<br>هتد.<br>هتد.<br>هتد. | پێویستە تەواو بکرێت<br>هتد.<br>هتد.<br>هتد.<br>هتد. |
| مامۆستایان | شێوازی وانەوتنەوە<br>پێڕەوی خوێندن (مەنهەج)<br>ژینگەی فێربوون<br>کارامەییە کەسییەکان<br>گەیاندنی زارەکی | پێویستە تەواو بکرێت<br>هتد.<br>هتد.<br>هتد.<br>هتد. | پێویستە تەواو بکرێت<br>هتد.<br>هتد.<br>هتد.<br>هتد. |
| ئەنجوومەنی دایك و باوكان – مامۆستایان | پیادەکردنەکانی ڕێکخستنی خوێندنگا<br>پیادەکردنەکانی بەڕێوەبردنی خوێندنگا<br>پرۆسەی هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبرنی خوێندنگا<br>پێوەرەکانی دۆستی منداڵ | پێویستە تەواو بکرێت<br>هتد.<br>هتد.<br>هتد.<br>هتد. | پێویستە تەواو بکرێت<br>هتد.<br>هتد.<br>هتد.<br>هتد. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| • پێویستە تەواو بکرێت<br>• هتد.<br>• هتد.<br>• هتد.<br>• هتد. | • پێویستە تەواو بکرێت<br>• هتد.<br>• هتد.<br>• هتد.<br>• هتد. | • بەڕێوەبردنی بەخشینی بەرە و حیسابی بانك<br>• کڕین<br>• بەڕێوەبردنی دارایی<br>• زیاد کردنی دارایی<br>• وردبینی و بەڕێوەبردنی متمانە | خەزنەدار، وردبین، هتد. |